رۆمان

# بێوەژنێکی عاشق



PDF4Kurd

ty Superi 9640000109047
بیوە ژنیکی عاشق رومان
مفرد: 3,000 دینار
جملة: 0 = 0

زهرا بیگدلی
وەرگێڕانی: فواد کەوڵۆسی

Scanned by CamScanner

# بێوەژنێکی عاشق

رۆمان

نوسینی: زهرا بیگدلی

وەرگێڕانی: فواد کەولۆسی

چاپی دووەم

٢٠١٤

Scanned by CamScanner

**چەند** جارێک لەئاوێنەکەدا سەیری خۆی کرد، روخساری هێندە سەرنج ڕاکێش بوو کە هەموو دڵێکی دەپێکا و دەیکردە نێچیری خۆی. چاوەکانی جوان و دڵگیر، روخساری سپی، کە لەکاتی پێکەنیندا سەرگۆناکانی چاڵ دەبوون و جوانییەکەی چەند بەرامبەر دەکردەوە. بەو هۆیەوە داواکارێکی زۆری هەبوو، بەڵام هیچ کامیانی بەشایستەی خۆی نەدەزانی، بەردەوام بەخۆی دەگوت: بەخت تەنها یەکجار لەدەرگای ئادەمیزاد دەدات، هەر بۆیە نابێت پەلە بکەم و بەشێوەیەکی نەخوازراو خۆم دوچاری ژیانێک بکەم، کە هیچ پێویستییەکم بەدەستپێکردنی نییە. من دەبێت هاوسەری خۆم ژیرانە و عاشقانە هەڵبژێرم. بەو قسانەی خۆی پێکەنینی دەهات.

بەڵام ئەمشەو چیتر لەخۆبایی نەبوو، کاتێک لەمیوانی گەڕایەوە "جەیران"ەکەی پێشوو نەبوو. بەردەوام ئارەزووی زەماوەندێکی چاک و عاشقانەی هەبوو، ئەو خواستە هەمیشە خەونەکانی



Scanned by CamScanner

لەمێشکیدا گەورە دەکرد. خەونگەلێکی دووزو درێـژ کـە هیچکاتێک وای بەخەیاڵدا نەدەهات، کە ببێتە شـتێکی راسـتەقینەو بەرجەستە، گـەلێک چـیرۆکی عاشـقانەی خوێندبوویـەوە و ناکامییـەکانیانی بـۆ دەرکەوتبوو. وای هەستدەکرد عەشق تەنها لەپەرتووکەکاندا بـوونی هەیە. تا ئەو کاتـەی کـە لـەماڵی پـووری میـوان بـوو ئـەو کەسـەی دۆزییەوە کە چەندین ساڵ بوو بەدوایدا وێـڵ بـوو، بێگومـان ئـەوی دووراودور دەناسی. چونکە ئامۆزای مێردی پوورەکەی بوو. هەر بەو جۆرەی کە کچی پوورەکەی پەسنی دابوو بەتەواوی راست بوو. باڵای بەرز و پێکەوتوو، روخسارێکی لەخۆبایی، بەڵام هێمن و لەسەرخۆ کـە ڕەوشتی جوانی لێدەباری. لەگەڵ هەر کەسێکدا بەشـێوازێک دەدوا و سـەرنجی هـەموانی بـۆ لای خـۆی ڕادەکێشـا. نـاوی جـەواد بـوو، مامۆستای قوتابخانەیەک بوو لەقوتابخانەکانی تاران. جـەیران بـیری لەجوانی و ناوبانگی جەواد نەدەکردەوە، ئەو ناخی کەسـەکانی لەبـەر چاو دەگرت. دڵی بەتوندی لێی دەدا و خۆیشی بیری لەو نیگا کاریگەر و روخسارە نورانییەی جەواد دەکردەوە.

پوورە پەرویـنی خزمەتی میوانەکانی دەکـرد و بەتـەواوی مانـدوو بووو. بەجۆرێک کە جەیران بەباشی هەسـتی پێـدەکرد. هـەر بۆیـە دەفری میوەکەی لەپووری وەرگرت و سەرقاڵی خزمـەتی میوانـەکان بوو.

Scanned by CamScanner

هـەر کەسـەو هـاودەمێکی بـۆ خـۆی گرتبـوو و پێکـەوە سـەرقاڵی گفتوگۆ بوون. پاشان بەفەرمووی جەیران میوەیـەکیان هەڵـدەگرت و دەستیان بەقسان دەکردەوە. کاتێک نۆبـەی جـەواد هـات، جـەیران ئیتر لەشەرماندا رووخسـاری سـوور هەڵگـەڕابوو، بەباشـی هەسـتی دەکرد کە روخساری گڕی لێدەبێتەوە، بەڵام بەسـەر خـۆی نـەهێنا و زۆر بەڕێزەوە خـەریکی میوەبەشـینەوە بـوو. جـەواد تیلـەی چاوێکی گرتە جەیران و گوتی: ببوورە شتێک بووە؟

جەیران بەمنجە منج گوتی:

نە، نەخێر، بۆچی.. چی بووە؟

جەواد ئاماژەی بەدەستی جـەیران کـرد و گـوتی: ئـاخر دەسـتتان دەلەرزێـت، جەیران خۆی ون کردبـوو، بەشـەرمەزارییەکەوە گـوتی: ئاه... بەڵێ، ئاخر من جارجارێک دەسـتەکانم لەخۆیانـەوە دەلـەرزن، داوای لێبوردن دەکەم. بەپەلە لەژوورەکە چوە دەرەوە و بەقسەکانی خۆی پێکەنینی دەهات.

نەسرین لەچێشتخانەکەدا بوو، جەیران لێی پرسی:

ئەو ئامۆزایەی ئێوە بەردەوام لە شت ورد دەبێتەوە، یان ویسـتی من شەرمەزار بکات؟

نەسرین کە سەرقاڵی چایی تێکردن بوو، بەسەرسوڕمانەوە گوتی:

چۆن چۆنی؟ شتێک رووی داوە؟ جەیران بەبێزارییەکەوە گوتی:

نە بابە، شت ڕوودانی چی! تەنها لەبەر ئەوەی شـەرمم دەکـرد، کەمێک دەستم لەرزی هەر لەبەر ئەوە ئەو کاکەیە لـەرزینی دەسـتی منی کردە جێی گاڵتەی خۆی. هەر ئەوەندە.

ئیتر نەسرین لەچێشتخانەکەدا بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان بـەملاولادا دەچوو، بەسەرسوڕمانەوە سەیرێکی جەیرانی کردو گوتی:

با بزانم جەواد ئەو قسەیەی بە تۆ گوتوە!؟ ئەو کەسی ئەو جـۆرە قسانە نییـە. هـەر لەوکاتـەدا جـەواد هاتـە ژووری چێشـتخانەکەوەو داوای جامێ ئاوی لەنەسرین کرد. ئەو کـە سـەرقاڵی چایی تێکـردن بوو، ڕووی کردە جەیران و گوتی:

بەقوربانی دەستت بم جامێک ئاو دەدەی بەجـەواد، مـن دەسـتم گیراوە؟

جـەیران کـە هێشـتا ڕووداوی هۆڵەکـەی لـەبیر نـەکردبوو، وەک ئەوەی لووتی کردبێت، بەرەو لای سەلاجەکە ڕۆیشت و سوراحییەکی دەرهێنا و خـەریک بـوو ئـاوی دەکـردە نـاو پەرداخەکـەوە، جـەواد زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی:

لەرزینی دەستەکانت چاک بوو یان نـا؟ جـەیران بەبیسـتنی ئـەم قسەیە پەرداخەکەی بەتوندی لەسەر مێزەکـە دانـا و نیگایـەکی پـڕ لەقینی گرتە جەواد و پاشان لەچێشـتخانەکە چـوە دەرەوە. نەسـرین بەبینینی ئەو دیمەنە ڕووی کردە جەواد و گوتی:

Scanned by CamScanner

ئێوە چیتان بەسەر هـاتوە؟!تۆ هـەرگیز بـەم شـێوەیە نـەبوویت، هیچکاتێک سەرت نەخستۆتە سەر ئافرەتی نامـەحرەم. دوای گـوتنی ئەم قسەیە سینیە چاکەی بردە نێو هۆڵەکەوە. جەواد بێ ئەوەی ئـاو بخواتەوە، لەچێشتخانەکەدا بەتـەنها مایـەوە، لـەدڵی خۆیـدا گـوتی: بەڵێ بەمشێوەیە نەبووم، بەڵام وا هەسـتدەکەم دڵـم وام لێـدەکات. تاوانی من نییـە. پەرداخـە ئاوەکـەی بەدەسـتەوە گـرت و نیگایـەکی بیرمەندانەی تێ بڕی و شـتێکی لـەدڵی خۆیـدا تـاوتوێ دەکـرد، کـە هەواڵی رازی دڵی دەدا.

جەیران لەسەر قەنەفەکە لەتەنیشت دایکیـەوە دانیشـتبوو. ئـیتر ئەو تووڕەییەی پێشووی لەروخساردا نەمابوو. بەڵام وادیار بوو شتێکی شاراوە دڵی داگرتبوو. کە چاوە جوانەکانی نیشانی دەدا. لەو شـەرمە نەفرەتییە بێزار بوو کـە بـەو جـۆرە شـەرمەزاری کردبـوو، بـەخۆی دەگوت:

مەگەر جەواد کێیە؟ یەکێکە وەک من، یەکێکە وەک هـەموو ئـەو مرۆڤانەی دیکە. بەداخەوە، زۆر بەداخەوە کە لووت بەرزیم لەبەر چ کەسێک لەکەدار کرد، ئاخر کچی باش بۆ واتلیێهـات؟ ئـەو لـەرزین و شەرمکردنە لەبەر چی بوو؟ ئـەو وا هەسـتدەکات تـا ئێسـتا مـرۆڤم نەبینیوە. دەبێت بەجۆرێک تێی بگەیەنم و پێی بڵێم کە خـۆمم لەبـەر ئەو ون نەکردبوو. دەنا وا هەست دەکـات هیچـی نەهێشـتوە! بـەم خەیاڵانەوە لەشوێنی خۆی هەستا و بەرەو چێشتخانەکە کەوتە ڕێ.

Scanned by CamScanner

نەسرین کۆتایی بە چاپەشینەوە هێنابوو. لەبەر ئەوەی کە جەیران بەپەلـە گەڕابوویـەوە دڵـی داخورپـا. بـەرەو هۆڵەکـە بـۆ لای کچـە پوورەکەی هەنگاوی ناو بەدوای کێشەکەدا چوو، بەڵام جەیران ئـەوی لەو دڵەڕاوکییە ڕزگار کرد و پێی ڕاگەیاند کە بـۆ ماوەیـەک نەیەتـە نێـو چێشـتخانەکەوە. نەسـرینیش بـەحاڵێکی گێـژ و واق وڕمانـەوە سەیری ڕۆیشتنی جەیرانی دەکـرد. جـەواد هێشـتا لەچێشـتخانەکەدا بوو. پەرداخە ئاوەکەی بەرامبەریشی هەڵسوکەوتی جـوانی جـەیرانی لەپێش چاو ون نەدەکرد. لەبەر چاوی ئەودا جـەیران تـوڕە نـەببوو. یان هەستی بەو توڕەبوونەی نەکردبوو. تا ئێستا هێندە بیری لـەهیچ کچێک نـەکردبۆوە. دایکـی لـەبارەی هاوسـەرگیرییەوە گـەلێک جـار قسەی لەگەڵ کردبوو، بـەڵام جـەواد وەک بڵێـی لـەو بارەیـەوە ڕاڕا بێـت، هەمیشە وەڵامی ئەمە بوو:

ئـەخر دایـە گیـان مـن دەبـێ هاوسـەرێکی ڕێکوپێـک بیینمـەوە، کەسێک بێـت بەڕاسـتی بتوانێـت لەگەڵمـدا بـژی. مـن مامۆسـتام. موچەیەکی وەهام نییە، دەبـێ کەسـێک بێـت کـە هەلومـەرجی مـن لەبەر چاو بگرێت، حـەز ناکـەم لـەپاش زەماوەندەکـەمان پەشـیمان بێتەوە، دەبێت هەردووکمان عاشقانە یەکترمان خـۆش بوێـت. لـەو خەیاڵانەدا بوو کە جـەیران چـوە ژووری چێشـتخانەوە و ڕووبـەڕووی جـەواد وەسـتا. ئـەو بـەخێرایی لـەجێگای خـۆی هەسـتاو فـەرمووی

Scanned by CamScanner

دانیشتنی لەجەیران کرد، بـەڵام بەبۆچـوونی ئـەو جـەیران ئامـادەی شەڕکردن بوو لەگەڵیدا. بەو هۆیەوە بەئارامی لەجەیرانی پرسی:

ببوورە خانم، شتێک رووی داوە؟ بیڵێ تاکوو منیش بزانم! ئاگرێک لـەناخی جەیرانـدا بڵێسـەی دا، بـەڵام دانـی بەخۆیـدا گـرت و بەتووڕەییەوە گوتی:

نەخێر، نیگەران مەبە، شتێک رووی نەداوە، بزانە من بـۆ گاڵتـە و گەپ نەهاتومەتە ئێرە، هۆی هاتنی من بـۆ ئێـرە ئەوەیـە کـە پێـت بڵێم، جەواد ئاغای بەڕێز، مافی ئەوەت نییە گاڵتەم پێ بکـەیت و پـێم رابوێریت. ئێستا هەر کەس هەی، ببـە. شـەرمی مـن تـەنها لەبـەر رێزگرتنی خۆم بوە نەک شتێکی تـر، لـەرزینی دەستیشـم هـەر بـەو هۆیـەوە بـوو. پێویسـتی نـەدەکرد ئاگـادارم بکـەیت، بەداخـەوە وامدەزانی ماموستایەک باشتر ئەو شتانە دەزانێت، بەڵام نیگـەرانم، لەبەر ئەوەی بەهەڵەدا چووم، و پاشان بەبێزارییـەوە لەچێشـتخانەکە وەدەرکەوت. بەبێ ئەوەی مۆڵەتی وشەیەک یان قسەیەک بەجـەواد بدا. جەواد هەروا مات و مەلوول لەو رەفتارەی لەجێگای خۆی وشـک بوو.

جەیران سەرقاڵی لەبەرکردنی پۆشـاکی خـەو بـوو. رووداوی ئـەو شەوەی لەمێشکیدا تاوتوێ دەکرد. لەبەر ئەوەی کە بەوجۆرە لەگـەڵ جەوادددا رووبەڕوو ببوویەوە، نیگەران بوو. بەبۆچوونی خـۆی کـارێکی عەجولانەی کردبوو. هەتا مۆڵەتی نەدابوو جەوادی بێچـارە بـەرگری

Scanned by CamScanner

لـەخۆی بکـات. بـەرەو رووی ئاوێنەکـە وەسـتا، لـەخۆی تـوڕە بـوو. سەیرێکی خۆی کرد و گوتی: خۆم نیم، وەک بڵێی دەوروبـەر گـەلێک ترسناک بوو، لەسەر جێگاکەی دانیشـت و سـەری خـۆی خسـتە نـاو دەستەکانییەوە. وەک ئـەوەی سـەری ژان بکـات. حـەبێکی خـوارد و لەسەر جێگاکەی درێژ بوو. پاش کاتژمێرێک چوە خەوێکی قووڵەوە.

Scanned by CamScanner

# "جوانترین کازیوە"

ڕۆژانێـک بەسـەر ئـەو ڕوداوەدا تێپـەڕی و ژیـان بـەڕەوتی خـۆی دەجـولا. جـەیران بـۆ ئـەوەی لەماڵـەوە تاقـەتی پـەرت نـەبێ، لەکتێبخانەیەکدا بوو بەئەندام، تاکوو لەلایەکەوە زانیاری زیاد بکـات و لەلایـەکی کەشـەوە بەسـەر تەنهاییـدا زاڵ بێـت، لەڕاسـتیدا سەرکەوتوو بوو، چـونکە هـەموو ڕۆژێـک کاتـژمێر سـێ تـا شـەش بەخۆشحاڵییەوە دەچوو بۆ قوتابخانـە و هەسـتی بەتێپـەڕبوونی کـات نەدەکرد. ئێوارەیەک لـەکاتی گەڕانەوەیـدا، چـونکە دنیـا تاریـک و شەقامەکان کش و مات بوون، هەسـتێکی نـامۆی لا دروسـت ببـوو. بەبۆچوونی ئەو کەسێک هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵیدا ڕێدەکات، ئەگەر دنیا ڕووناک بوایە، بەباشی هەست بە ڕەنگـە پەڕیوەکـەی دەکـرا، بەڵام لەبەر ئەوەی دنیا تاریک بوو، جەیران بەخت یـاوەری بـوو کـە هیچ کەسێک هەسـت بەترسـەکەی نـەکات. سـێبەرەکە بـەردەوام بەدوایەوە بـوو، دڵـی بەتونـدی لێـی دەدا و لێـدانێکی نـاجۆر. هـەر



Scanned by CamScanner

لەوکاتەدا دەردیسەری دووبارە یەخەی گرتەوە. ترس و ئازار پێکەوە هێرشیان بۆ هێنابوو. جەیران چیتر توانای ڕێکردنـی نـەمابوو. ناچـار خۆی چەسپاند بەدیوارێکەوە و دەسـتەکانی بەروخسـاریەوە گـرت و بەهیواشـی دەگریـا. دەنگـی پێـی سـێبەرەکە بەهیواشـی نزیـک دەبویەوە. تا ئەوە بوو لەتەنیشت جەیراندا راوەستا. تـرس هـەموو گیانی داگرتبوو. توانای خۆڕاگری نـەمابوو. تـا ئـەوە بـوو کـە وەک لاشەیەکی بێ گیان کەوتە سەر زەوی.

کاتێـک چـاوەکانی کـردەوە، لـەلای خۆیـدا هەسـتی بـە هەناسـە گەرمەکانی دایکی کرد، بەبینینی ئەو خۆی خزاندە باوەشـی و زار زار دەگریا. هێشتا ترس لەدڵیـدا نەڕەوییبویـەوەو یەخـەی بەرنـەدابوو، باوکیشی هـات بۆلایـان و، دەسـتی کچـەکەی خسـتە نـاو دەسـتی و بەپەرۆشەوە ئەحواڵی پرسی. ئینجا پرسی: چی بوە کچـم بۆلـەهۆش خۆت چوویت؟ دەبێ سوپاسی کاک جەواد بکەین، چونکە ئەو رزگاری کردیت. جەیران بەبیستنی ناوی جـەواد، بەحەپەسـاوییەوە لـەدایکی پرسی:

دایە، جەوادتان گوت؟! ئاخر ئەو لەوێدا چـی دەکـرد. لـەناو ئـەو شەقامەدا جگە لەمن و ئەو تارماییە کەسێکی تری لێنەبوو، ناشـێ... ناشێ ئـەوە جـەواد بووبێـت، وایـە دایـە. بـاش حـاڵی بـووم، هـۆی ترسەکەی من جەواد بووە؟ بەدۆشداماتەوە لەسەر تەختەکە کـەوت و گوتی:

Scanned by CamScanner

ئاخر بۆچـی؟ مـن چ دوژمنایەتیـەکم لەگەڵیـدا هەیـە. روی خـۆی بەرەو لایەکی تر وەرگێـڕا و دوو دڵـۆپ ئەسـرین بـەئارامی بەسـەر رووومەتیدا خزین، بەڵام هۆکار ئـەوە بـوە لـەپاش روداوەکـەی ئـەو شەوە جەواد عاشقی جەیران ببوو، هەر ئەمەش ببوە هۆی ئەوەی کە جەواد لەرێگای نەسرینی پوزای جەیرانەوە کە وەك خوشکێك لێیـەوە نزیك بوو، جەواد لەرێگای نەسرینەوە بیسـتبووی کـە جـەیران بۆتـە ئەنـدام لەکتێبخانەیەکـدا و خسـتبویە ژێـر چـاودێرییەوە و هـەنگاو بەهەنگاو لەگەڵیدا دەچوو. ئەو پێی وابوو جـەیران لەگـەڵ کچـەکانی دیکەدا جیاوازە. پۆشاکی سادەی لەبـەر دەکـرد و بەداپۆشـراوی بـۆ کتێبخانــە دەچــوو، دامــەزراو و بــەویقار بــوو. لەهــەمووی گــرنگتر رەفتاری جوان و بەحەیا دەهاتە پێش چاو. ئەوانـە بـۆ جـەواد بـەس بوون. تا ئـەوەی کـە لـەڕۆژی دواییـدا جـەواد بەباشـی نـەزانی کـە جەیران لەتاریکی شەقامەکەدا جێ بهێڵێ و خۆی بەرەو مـاڵ ببێتـەوە. هەر بەو هۆیـەوە بـەئارامی لەگەڵیـدا رێـی دەکـرد تـاکوو لـەنێوان شــەقامەکەدا لەگــەڵ بێهۆشــبوونی جەیرانــدا، یارمــەتی دابــوو و بەهاوکاری یەکێك لەئافرەتانی گەڕەك گەیاندبویـە ماڵـەوە. بـەڵام خێزانەکـەی جـەیرانی بەتـەواوی ئاگـادار نـەکردبوو کـە هۆکـاری چاودێرییەکەی چی بووە.

Scanned by CamScanner

بۆ بەیانی حاڵی جەیران باش ببوو. پاش نیوەڕۆ خۆی بـۆ کتێبخانـە ئامـادە دەکـرد کـە دایکـی پێشـی پێگـرت و نەیهێشـت بچـێت بـۆ کتێبخانە. جەیران لەو کارەی دایکی سەری سوڕما و بەئارامی پرسی: دایە، ئەم کارانە چییە؟ بۆچی من منداڵم کـە بـەم شـێوەیە بـۆم نیگەرانی؟ دەستی کردە ملی دایکی و ماچێکی سـەر ڕومـەتی کـرد و گوتی:

دایە گیان یاخوا لەدەورت گەڕێم، ئەگەر تـۆ نەبوایـەی مـن چـیم بکردایە و پاشان کەوتە پاڕانەوە و سەری شۆڕ کردەوە تاکوو دایکـی زیاتر دڵی بـۆی بسـوتێ. هـەروەهاش بـوو، خـۆی لەسـەر ڕێگاکـەی جەیرانـدا لادا و دەسـتی خسـتە سـەر شـانی و گـوتی: ئـاخر کچـە شیرینەکەم مـن نیگـەران نـەبم دەبـێ کـێ نیگـەران بێـت؟ لـەدوای روداوەکەی دوێنێ شەوەوە دڵـم خورپـە دەکـات! لەمـەودوا ئاگـات لـەخۆت بێـت. زووتـر بگـەڕێرەوە مـاڵ، هـەر لـەو کاتـەدا جـەیران قادرمەکانی یەکە یەکە بڕی و لەگەڵ ماڵئاواییدا چوە دەرەوە.

لەکتێبخانەکـــەدا بێـــدەنگی زاڵ بـــوو. گوایـــە جـــەیران لـــەژێر سـەرنجدانی دوو چـاوی دۆسـتانەدا مابوویـەوە. خـۆی ئاگـای لـەوە نەبوو، چونکە هێندە سـەرگەرمی خوێندنـەوەی کتێبـە شـیرینەکەی "شەهریار" بوو، وەک بڵێی جگە لەو کەسێکی دیکە لەوێدا نییە. دوو دێڕ شیعری هاتە پێش چاو کە بەرەو دنیای خـەیاڵ بـاڵی گـرت. دوو دێڕە شێعرەکەش ئەمە بوو:

Scanned by CamScanner

## حـــەیدر بابا دنیا یاڵان دنیادی
## سلیمانان نوحدان قاڵان دنیادی*

کاتێک گەیشتە کۆتایی شیعرەکە، لەگـەڵ ئـەو شـارەزاییەدا کـە لەزمانی تورکیدا هەیبوو، پچڕ پچـڕ، لێکـی دایـەوە و لـەدڵی خۆیـدا گوتی: بەڵێ، "حەیدەربابا"، ئەم دنیایە لەڕاستیدا درۆیە. دنیایـەک کە بۆ حەزرەتی نوح و سلێمان وەفای نـەبوو، ئایـا بـۆ ئێمـە وەفـای دەبێت؟ ئـاهێکی کێشـا و کتێبەکـەی داخسـتەوە تـاکوو لـەو سـاتەدا کەمێک بیر بکاتەوە. سـەیری مێزەکـانی بەرامبـەری دەکـرد تـاکوو لەچوار دەوری بەئاگا بێـت. ئەوێندەر کش و مـات بـوو، ئارامییـەکی تەواو باڵی بەسەردا کێشابوو، هەر کەسـەو سـەرقاڵی خوێندنـەوەی کتێبێک بوو. ئەو سەرقاڵی کۆکردنەوەی کتێبـەکان بـوو کـە هەسـتی کرد کەسێک بەسەر سەرییەوە راوەستاوە. بەهێواشی سـەری بـەرز کردەوە و جەوادی بینی. جەواد بەئیشارەت حاڵی کـرد کـە بێـدەنگ بێ تاکوو ئارامی کتێبخانەکە نەشێوێ، ئەویش کتێبەکانی هـەڵگرت و بردی تاکوو بیخاتـە نـاو قەفەسـەکەوە، پێکـەوە لەکتێبخانـە چـوونە دەرەوە.

جەیران لەوەی کە هەموو ڕۆژێـک ئـەو کـوڕە لەسـەر ڕێگاکەیـدا سەوز دەبێت، بێزاری خۆی ئاشکرا کرد و گوتی:

ببوورە کاک جەواد، تۆ کارو پیشەت نییە. لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە ماموستایت، بەڵام من هەموو ڕۆژێـک تـۆ لـەکۆڵان و شـەقامەکاندا دەبینم. ئاشێ بەڕێزت ماموستای خـەڵکانی سەرشـەقام و کۆڵانـەکان بیت؟ بەبیستنی ئەم قسەیە جەواد پێکەنینێکی کرد و گوتی:

بـەڵێ تـۆ ڕاسـت دەڵێـی. جێگـەی سەرسـوڕمانە! بـەڵام دەبـێ لەخزمەتی بەڕێزتان ئەوە بڵێم کە من کارو پیشەم هەیەو گـەلێکیش سـەر قـاڵم، بـەڵام زەنگـی کۆتـایی مۆڵـەت وەردەگـرم. بێگومـان کارگەلێکی گرنگم هەن کە بەدڵنیاییەوە دەبێت لەو ساتەدا ئـەنجامی بدەم. لەوانەیە بەبۆچوونی تۆ جێگای تەشـقەڵە بێـت، بـەڵام بـەلای منەوە گەلێک گرنگ و پێویستە.

جەیران کە بەوردی گوێی بۆ قسەکانی گرتبوو، بەسەرسوڕمانەوە گوتی:

ئایا چاودێریکردنی من کارێکی هێندە گرنگە؟ یان ترساندنی کچـی خەڵکی لەتاریکی شەودا بەلای بەڕێزتەوە کارێکی پێویستە؟ وایە کاک جەواد! ئەوە کارێکی گرنگە کە جەنابت دەیکەی؟ بەتوڕەییـەوە چـەند هەنگاوێک پێش کەوت. لـەوەی کـە هەڵـەحاڵی بونێـک لـەم ڕوداوە پـێش هـاتبوو، جـەواد داوای لێبـوردنی کـرد و هـەوڵی دا ئـەو بیرکردنەوە خراپە لەمێشکی ئەودا وەدەرنـێ. لەبـەر ئـەوە کـەمێک

Scanned by CamScanner

هـەنگاوەكانی خێراتـر كـردو شانبەشـانی جـەیران رێگـەی دەكـرد. بەمنجەمنج دەستی بەقسان كرد:

. من ... دەزانی جەیران خان مـن هـەرگیز نیـازی ئـازاردانی تـۆم نەبووە. چەند هەنگاوێك پێش كەوت و بەئارامی گوتی:

من ... من ... تۆم خۆش دەوێت، بەتەواوی نیازم بەناسـینی تـۆ هەیە، ئایا ئەمە تاوانە؟ ئایا مامۆستا مـافی خۆشەویسـتی نییـە؟ ئایـا ناتوانێ بۆ مەعشـوقەكەی وەفـادار بێـت؟ كـەمێك وەسـتا و پاشـان گەڕایەوە دواوە، تاكو كاریگەری قسەكانی خۆی لەسـەر جـەیران بـۆ دەركەوێـت. جەیران سەری داخست و رومـەتی لەشـەرماندا سـوور هەڵگەڕابوو. لەشەرماندا پشتی لەجەواد كرد و گوتی:

ببوورە كاك جەواد، تۆ منت غافڵگیر كـرد. مـن چـاوەڕوانی ئـەم قسانەم نەدەكرد، حەز ناكەم دڵ بەمن بدەیت، چونكە باش دەزانم كە دایك و باوكم بـەم كـارە رازی نـابن. جـەواد بەپەلـە ڕووبـەڕوی وەستا و بەنیگەرانییەو گوتی:

بۆچی؟ مەگەر كەسێكی تر لەم نێوانەدایە. تكات لێدەكەم پێم بڵێ ئەو كەسە كێیە؟

جەیران دەڕۆیشت و جەوادیش لەگەڵیدا، بەڵام بیری پەرت بوو لەوەی كە ناحەزێك لەم نێوەندەدا خۆی دەنواند. چانسی بردنـەوەی لەم پێشبڕكێیەدا لەجەواد زیاتر بـوو. لـەو خەیاڵانـەدا بـوو كـە ئایـا هەرگیز بەم ئارەزووەی دەگات؟ جەیران بەئارامی گوتی:

Scanned by CamScanner

بەڵێ کاک جەواد، قسەکەت راستە. کەسێک لەئارادایە. کەسێک کە دایک و باوکم پێی رازین. جەواد بەخێرایی گوتی:

ئەی تۆ چی؟ ئایا تۆش پێی رازیت؟ بۆچونی تۆ بـەلای منـەوە زۆر گرنگە! ئەگەر تۆ رازی بیت، من هەوڵی خۆم دەدەم و خـۆم لـەژیانی تۆ دوور دەخەمەوە، بەڵام ئەگەر ئارەزووت لەو زەماوەنـدە نییـە تـا دوا ساتی ژیانم چاوەڕوان دەبم.

جەیران کە ئەم قسـانەی بیئاکـام دەبـینی، نیگایـەکی تـەمگرتووی برِیە جـەواد و بەزەردەخەنەیـەکی تەڵخـەوە رووی تێکـرد و گـوتی: خۆزگـە بۆچـوونی مـن لەبەرچـاو دەگـیرا. باوکـان و دایکـان وا بـیر دەکەنەوە کە خۆشبەختی منالەکانیان پەیوەندیی بـەماڵ و سـامانەوە هەیە، ویسـتی دڵ بـەلای ئەوانـەوە بـێ بایەخـە، ئـەوە لەبەرامبـەر ئێمەدا زوڵمە، زەردەخەنەیەکی تاڵی کرد و گوتی:

بەبۆچوونی ئەوان عەشق هیچ مانایەکی نییـە، یـان کاتێـک مانـای هەیە کە پارەی لەگەڵدا بێت. بەداخەوە ئەوەش بـەردەوام وا نییـە. ئاهێکی هەڵکێشا و نیگایەکی گرتە جەواد و گوتی:

بەبۆچوونی ئێوە، ئایا هێشتا دەتوانی چاوەڕێ بکەیت؟ چـاوەڕوانی کەسێک کە هەتا لەسەدا یەکی ئومێدی پێی نەبێت.

جەواد گەلێک نیگـەران بـوو، کـەمێک چـوە پێشـترەوە، دەسـتی خستە نێو قژە پرِەکەیەوەو پاش چەند چرکەیەک دەسـتەکانی نایـە گیرفانی و سـەری بـەرز کـردەوە بـۆ ئاسمـان کـە ئـیتر کـەم کـەم

Scanned by CamScanner

تروســـكەی ئەســـتێرەكان جـــوانتری كردبـــوو. ســـەیرێكی كـــرد و بەبڕوایەكی تەواوەوە وەڵامی دایەوە:

بەڵێ، چاوەڕوان دەبم. تاكوو هەر كاتێك كە خودا بیەوێت. پاشان بەهیواوە زەردەخەنەیەكی كـرد و گـوتی: چـونكە خواوەنـد سـودی بەندەكانی باشتر دەزانێت، نەك كەسێكی تر.

دنیا خەریك بـوو تاریـك دادەهـات، جـەیران خـۆی ڕێكخسـت و ئامادەی ڕۆشتن بوو. قسەكانی جـەواد كـاری تێكردبـوو، دڵپێنـەدانی ئەستەم دەهاتە پێش چاو. بەو حاڵەوە سەیرێكی كرد و گوتی:

كاك جەواد من ئیتر دەبێ بڕۆم، زۆر درەنگە، سەری دانەواند و بەفێڵبازییەوە گوتی: دەترسم تارماییەك لەگەڵمدا بێت و جارێكی تر ببێتە هۆی ترساندنم. جەواد كە ئیتر ناڕەحەتی پێشووی لەروخسـاردا نەدەبینرا، زەردەخەنەیەكی كرد و گوتی:

ئەگەر گرفتێك نییە، ئەو تارماییە ئەمشەوو شـەوەكانی دیكـەش بۆ ئاسوودەیی تۆ لەگەڵتدا دەبێت، یانی چیتر ویژدانم قبـوڵی ناكـات كـە كچـێكی باشـی وەك تـۆ بەتـەنها لەشـەقامدا بێـت و لاوە سەرگەردانەكان خەیاڵیان لای بێت. ڕازیت جەیران خان؟ جەیران كە ئـیتر لەڕاسـتیدا دڵـی نـەدەهات دووبـارە ڕەتـی بكاتـەوە، بەزەردەخەنەیەك ڕەزایەتی خۆی نیشاندا و لەگەڵ جـەوادا بـەرەو ماڵ بەڕێكەوت.

Scanned by CamScanner

دەنگی پێکەنینی پوورە بەدری و نەسرین جەیرانیان لەخەو بێدار کرد. سەیرێکی کاتژمێرەکەی پشتی سەری کرد و بەسەرسوڕمانێکی زۆرەوە میلی کاتژمێرەکە (۱۰)ی نیشان دەدا، بەڵام هێشتا خەو بەرینەدابوو، بەخێرایی جلی لەبەر کرد و پاش داهێنانی قژی چووە نهۆمی خوارەوە. دایکی سەرقاڵی پێشوازی میوانەکان بوو، جەیران بەگاڵتەوە گوتی: زۆر باشە دایە گیان، کاتێک خوشکەکەت دەبینی، ئیتر من لەبیر دەچم؟ بۆچی منت لەخەو بەئاگا نەهێنا؟ هەموو ڕوویان لەدەنگەکە کرد، ئەو لەپێشان جوانتر دەهاتە بەرچاو. پاش ماچ و موچی یەکتری بەخێرهاتنی پووری و نەسرینی کرد و لەتەنیشت دایکیەوە دانیشت. پوری سەیرێکی خوشکەکەی کردو بەگاڵتەوە گوتی:

گوێبگرە خوشکە گیان، کچ نابێ تاکو نیوەڕۆ بنوێت. بەیانی دەچێتە ماڵی مێرد. ئەوکات بەلایەوە سەخت دەبێ کە زوو لەخەو هەستێ، پاشان سەیرێکی جەیرانی کرد و گوتی:

وا نییە کچی خۆم. ئەگەر راستم نەگوتوە بیڵێ. جەیران کە بەقسەکەی پووری پێکەنینی دەهات، گوتی:

نا پووریّ گیان، داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام کێ مێرد دەکات؟ حەیف نییە ئەو دایک و باوکە چاکە بەجێ بهێڵین و بڕۆین. من دوێ شەو تا بەیانی بەئاگا بووم. ئەوە بوو کە درەنگ بەئاگا هاتم. پوورە

بەدری نیگایەکی فێڵبازانەی لێکـرد و گـوتی: ئـەی شـەیتان... ناشـێ وابێـت!

هـــەموویان دەســـتیان بەپێکـــەنین کـــرد جگـــە لەجـــەیران کـــە لەشـــەرمەزاریدا ســـوور هەڵگـــەرابوو، هـــەموو نیگاکـــان روویـــان لـــەو کردبوو. لەشەرماندا سەری شۆڕ کردەوە، بـەڵام بێـدەنگی بـەباش نەزانی و کەوتە بەرگریکردن: پووریّ گیان تو بـی و خـودا زەحمـەت مەکێشە، ئەم قسانە چییە؟ ئێستا هەرکەسێک تا بەیانی خەو نەچێتە چاوی کەئێوە دەڵێن ...بووە؟ ئەمجارەشیان قاقـای پێکـەنین لـەجاری پێشوو بەرزتر بوویەوە. ئەقـدەس خـانم کـە کچـەکەی لەتەنگـژەدا دەبینی، بـۆ بێـدەنگ کردنـی کۆمەڵەکـە رۆشـت بۆئـەوەی سـینیە چایەک بهێنێت.

پـوورە بـەدریش لەگەڵیـدا چـوە چێشـتخانەکەوە. جـەیران پـاش رۆیشـتنی ئـەوان، هەناسـەیەکی ئـارامی هەڵکێشـا و رووی کـردە نەسرین و گوتی: وای لەدەسـت دایکـت. لـەخۆڕا قسـە بـۆ خـەڵکی دروست دەکات. نەسرین کە تـا ئـەو سـاتە قسـەیەکی نـەکردبوو، رووی تێکردو گوتی: لەخۆیەوە نەبوو، باشە ئـەو سـووربوونەوەیەت لەچی بوو؟ ئێستا دەڵێی چی؟ هەر هیچ نەبێ درۆ لەگەڵ مندا مەکـە. جەیران کـە چیدی نەیـدەتوانی بیشـارێتەوە، زەردەخەنەیـەکی بـۆ نەسرین کرد و بۆ دەردەدڵ کردن ئەوی بردە ژوورەکەی خۆی.

Scanned by CamScanner

# "سەرەتای خەم"

پاش نیوەڕۆیەکی دووهەم مانگی پاییز بوو. جەیران خۆی ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی بچێت بۆ کتێبخانە.

لەکاتی چوونە دەرەوەیدا دایکی پێی راگەیاند کە لەکاتی گەڕانەوەیدا میوە و شیرینی بکڕێت و لەلایەکی تریشەوە کەمێک زووتر لەرۆژان بگەڕێتەوە. جەیران رووی کردە دایکی و گوتی:

میوەمان هەیە، بۆچی وابڕیارە میوانمان بێت کە ئەو هەموو شتە رێکدەخەی؟ دایکی گوتی: بەڵێ، مام و ئامۆژنت بۆ ئێوارە دێن بۆ ئێرە. تۆ هەوڵبدە زووتر بگەڕێیتەوە.

بەگوتنی ئەم قسەیە وەک بڵێی ئاوێکی ساردیان بەسەرداکردبێت، ناوچاوی گرژ کرد و خواحافیزی لەدایکی کرد. خەمێک بەقورسایی کێوێک بەسەر شانیدا کەوتبوو. ئەو دەیزانی کە هاتنی مام و ئامۆژنی بێهۆ نییە.

یەکسەرە لەدەستی باپیرەی رەحمەتی بێزار بوو و بەخۆی گوت: ئاخر باوە گەورە تۆ چ کارێکت بەئایندەی منەوە هەبوو؟ بیری هێندە



Scanned by CamScanner

پەرت و شێواو بوو کـە نەیـدەزانی چـۆن چـۆنی گەیشـتە کتێبخانـە. کتـێبی "سـولتانی عەشـق"ی لەکتێبخانـە دەرهێنـاو خـۆی بەخوێندنەوەیـەوە خـەریک کـرد. ئـەو کتێبـە سەرگوزەشـتەی "شەهریار" بوو. گەلێک خەمهێنەر کە دڵی هەموو خوێنـەرێکی ئـازار دەدا. شەهریارێک کە لەعەشقدا شکستی خواردبوو. شکسـتێک کـە ببوە هۆی پشکوتنی دوڕێک لەسەدەفی ناخیـدا. جـەیران گەیشـتبوە ئەو شوێنەی کە کاتێک شەهریار بەهۆی نەخۆشییەوە لەنەخۆشـخانە کەوتبوو، یارە بێوەفاکەی ئەو "سورەیا" دەهات بۆ سەردانی تـاکوو دڵی شـەهریار بداتـەوە و شـەهریاریش لەوەڵامیـدا ئـەم شـیعرەی گوت:

**هاتی گیانم بەقوربانت، بەڵام ئێستا بۆ چی؟**
**کەمن ئێستا لەپێ کەوتووم، بێ وەفا بۆ چی؟**
**تۆ نەوشاتری و لەپاش مەرگی سوهراب هاتی؟**
**ئێتر ناز لەگەڵ لاوان بکە، لەگەڵ مندا بۆچی؟**

جەیران کچـێکی هەسـتیارو دڵناسـک بـوو. ئـەو پارچـە شـیعرە و بابەتەی ئەمرۆ زۆر لەو دەچوو. ببوونـە هـۆی دڵگـەرانی ئـەو. چـاوە جوانـەکانی فرمێسـک خوسـاندبوونی و بـەدەنگی جـەواد هاتـەوە سـەرخۆی. کاتێـک سـەری هـەڵبڕی، جـەواد بەسەرسـوڕمانەوە



Scanned by CamScanner

لەچاوەکانی ورد دەبوویەوە. رووبەڕووی دانیشت و لەروخساری جەیران راما و بۆی دەرکەوت کە لەشتێک نیگەرانە. بەهێواشی کتێبەکەی لەدەست وەرگرت و سەیرێکی بەرگی کتێبەکەی کرد و وێنەی شەهریار بەجوانی لەسەر بەرگەکە خۆی دەنواند. جەواد لەسەرەتاوە تا ناواخنی کتێبەکەی خوێندەوەو بەهێواشی گوتی:

جەیران خان. بۆچی شتێک دەخوێنیتەوە کە ببێتە هۆی بێزاریت؟ لەمەودوا حەز ناکەم گوڵەکەم بژاکێت. جەیران کە تا ئەو کاتە بێدەنگی هەڵبژاردبوو، ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی:

چاکەی خۆتانە. من شایانی ئەم هەموو پەسنانە نیم، بەڵام بەداخەوە دەبێ بڵێم ئەو گوڵە خەریکە هەڵدەوەرێت.

جەواد بەسەرسوڕمانەوە پرسی:

بۆچی چی بووە؟ شتێک روویداوە؟ جەیران کە ئیتر هەستابۆوە، کتێبەکەی لەدەست وەرگرت و گوتی: لە رێگادا هەموو شتێکت پێدەڵێم. پاش دانانەوەی کتێبەکە لەجێگاکەی خۆی، هەردووکیان چوونە دەرەوە.

جەواد کە ئیتر ئۆقرەی لەبەر بڕابوو، بەپێداگرییەوە داوای لێکرد تاکوو هەموو شتێکی بۆ روون بکاتەوە. جەیران کە تاقەتی گوتنی ئەو راستییەی نەبوو، داوای لەجەواد کرد کە پێداگری نەکات، بەڵام جەواد دەستبەرداری نەبوو و داوای روونکردنەوەی لێدەکرد.



Scanned by CamScanner

پاییز کزەبای خــۆی هــەڵکردبوو. هــەردووکیان هــەنگاویان بــەرەو ئایندەیــەکی نادیــار هەڵــدەگرت. جــەیران دەســتی لــەگیرفانی باڵاپۆشەکەی نــابوو و لەســەرخۆ هــەنگاوی دەنــا. بــێ ویستی خــۆی دەستی بەقسان کرد:

چەند ساڵێک پــێش ئێسـتا لەشــاری تــاران و لــەماڵێکی ئاســاییدا، کیژێک هاتە دنیاوە. ئــەم کیــژە لەبــەر جوانییەکــەی لــەدڵی هــەموو کەسێکدا جێی خۆی کردەوە. بەتایبەتی باوەگەورەی ئەم خێزانە، ئەو هــەتا بــۆ ســاتێکیش نەیــدەتوانی لێــی دوور بکەوێتــەوە. ئــەو وای هەستدەکرد کە هەمیشە زیندووە. هەتا بیری زەماوەندکردنی ئــەم کچە دێوانەو بێزاری دەکرد، تــا ئــەوە بــوو کــە بیرێــک بەمێشــکیدا هات. بیرێک کــە چــاوەڕوانی ئــەوەی لێــدەکرا ئاینــدەی ئــەم کچــە پرشــنگدار بکــات. تــا ئــەوە بــوو بــۆ هــەموانی ئاشــکرا کــرد و ڕای وەرگرتن و ئەوانیش هەموو لەگــەڵ ئــەو ڕایەیــدا تــەبا بــوون. کــە کچــەکەیان لــەکوڕی مامەکــەی بەمنــداڵی مــارە بــبڕن و بــوون بەدەستگیرانی یەکتری. ئەو کچە بەخت ڕەشە کەسێک نــەبوو جگــە لەمن. جەواد کە بەوردی گوێی بۆ قسەکانی جــەیران شــل کردبــوو، ڕەنگ لەڕوخساریدا پەڕی. بەئاستەم تفی ناو دەمی قووت دایــەوە و بــەرەو ڕووی جــەیران وەســتا. لەکاتێکــدا کــە چــاوەکانی حاڵــەتێکی تایبەتیان بەخۆوە گرتبوو، بەمنجە منج گوتی:



Scanned by CamScanner

تۆ کە ... تۆ کە پەسەندی ناکەی، تۆ منت خۆش دەوێ، ئێمـە.. ئێمە دەمانەوێت پێکەوە زەماوەند بکەین جەیران، مەگـەر وا نییـە ؟ دەی قسـە بکـە، شـتێک بڵـێ. جـەواد کـە وەک شـێتی لێهـاتبوو، زەردەخەنەیەکی تەوساوی کرد و گوتی:

ناشێ ئەوت خۆش بوێ، وایە؟ خۆشت دەوێ؟ چاوە کاریگـەرەکانی ئەو پڕ بوون لەفرمێسک، چاوی لەچاوەکانی بـڕی و بەدەستەپاچـەیی گوتی: ئەی من چی؟ بەبۆچوونی تۆ عەشقی من بێ بەهایە، ئـەو دڵـە داماوەی من چ گوناهێکی کردوە، چی وەڵام بدەمـەوە، بڵـێم هـەموو ئادەمیزادەکان بێ وەفان. بڵێم تەنها مـەجنون نـەبوو کـە لەعەشـقی لەیلێدا دێوانـە بـوو. فـەرهاد نـەبوو کـە لەعەشـقی شـیرین کێـوی بێستونی داتاشی، کەسێکی تریش هەیە کە منم. عەشقی تۆ، تـۆ لـە بناغەوە وردت کردم، باوەڕ بکە زۆر بەلامەوە ئەستەمە.

جەیران کە تا ئەو ساتە بەزەحمەت دانی بەخۆیدا گرتبوو، توانـای پەرت بوو، دەستی بـەگریانکرد. لـەنێو گریانـدا گـوتی: جـەواد تـۆ بەهەڵەدا چووی. باوەڕ بکە خۆشم دەوێـی، هـەقم پـێ بـدە، پاشـان دەستی بە قسان کرد، تا ئەو شوێنەی کە جەواد بەحەپەساوی بەنیگا ڕێنمونی دەکرد.

کاتێک گەیشتەوە ماڵـەوە، ئـیتر شـەو داهـاتبوو، لـەنێوان ڕێگـادا بارانێکی توند دایکردبوو، وەک بڵێی ئاسمانیش دڵی گـیراوەو تونـد بوە. کاتێک دەرگاکـەی کـردەوەون چـووە حەوشـەکەوە، لەشـەوقی

Scanned by CamScanner

گڵۆپەکان تێگەیشت کە میوانیان هـاتوە، بـێ ویسـتی خـۆی گریـانی دەهات، رووی بەرەو ئاسمان بڵند کرد بۆ ئـەوەی بـاران روخسـاری بشواتەوە. بەڵام فرمێسکەکانی ئەو لەباران بەهێزتر بوون و گـەرمی فرمێسکەکانی ساردی بارانەکەی کاڵ کردبۆوە. لەلێواری حەوزەکەدا چیچـکەی کـرد و ئـاوێکی بەروخسـاریداکرد. ئـەو هەسـتی دەکـرد چـاوەکانی بەتـەواوی سـوور هەڵگـەڕاون، چـونکە کزەکزیـان لێـوە دەهات، بەناچاری چووە ژوورەوە، هەموو لەهۆڵەکـەدا دانیشـتبوون. جەیران بۆ ئەوەی بچێتە ژوورەکەی خۆی کە لەنهۆمی سـەرەوە بـوو، دەبـوو لەهۆڵەکـە تێپـەڕێ و ئەمـەش کـارێکی دژوار بـوو. هـەموو سەرقاڵی گفتوگۆ بوون، هـەتا دەنگـی سـپەریش دەهـات. بـەدەنگی پێـوەدانی دەرگاکـە دەنگـەکان خـامۆش بـوون. جـەیران کاتێـک تێگەیشت کە پێیان زانیوە، خۆی جەم و جۆر کرد و پێڵاوەکانی لـەپێی داکەند و ئاسودە بوو، دایکی بـەدوای داهـات و لەسـەرتاپای ڕامـا. بەسەرسوڕمانەوە گوتی:

چی بوە کچم؟ بۆچی جلەکانت تەڕ بووە، چەناکەی جەیرانی گـرت و بەهێواشی بەرەو لای خـۆی وەری گێـڕا بـۆ ئـەوەی کـەس دەنگـی نەبیستێ، گوتی:

بۆچی چاوەکانت سوور بوون؟ باشە پێمگـوتی، میوانمـان هـاتوون. بـڕۆ سـەرەوە جلـەکانت بگـۆڕە، بەپەلـە وەرە خـوارەوە. هـەموو چاوەڕوانن.



Scanned by CamScanner

لەوەی کە هیچ کەسێک لەماڵدا لەبیری ئەودا نـەبوو، دڵـی تـەنگ بوو، هەر یەکەو بیری لای خۆی بـوو. بـاوک بـۆ ئـەوەی پەیوەنـدی لەگەڵ براکەیدا باشتر بێـت، دایک بـۆ ئـەوەی لەبەرامبـەر خەڵکیـدا خۆی بەزاوا پزیشکەکەیەوە هەڵبکێشێ. بەخۆی گوت، کەوایە من لەم نێوانەدا چ کارەم؟ بۆچی کەسێک پرسـیار لـەمن ناکـات، بۆچـی پـێم ناڵێن ئایا من خۆشم دەوێ یان نـە؟ بەدامـەزراوی لەسـەر جێگاکـەی خۆی راوەستا و بەڵێنی بەخۆی دا کەئەمشـەو هەمووشـتێک یـەکلایی بکاتەوە، بەرەو هۆڵەکـە هـەنگاوی نـاو بـە بێشـەرمی زانـی کـە بـێ ئەحواڵپرسین بچێتە نهـۆمی سـەرەوە. لەبـەر ئـەوە بـەخێر هـاتنێکی ساردوسڕی کردن و بەپەلە چووە سەرەوە.

لەژوورەکەیـدا هـەڵکورمابوو، لـەنێو دەریـای خەیاڵ‌وئەندێشـەدا نقـوم ببـوو. کاتێـک دایکـی چـووە ژورەوە، بـەبینینی ئـەم دیمەنـە لەتەنیشت کچەکەیەوە دانیشتو دەستی خستە سەرشانی، جـەیران کەچاوەکانی پڕببون لەفرمێسک سەری نا بەسـینگی دایکییـەوە و بـە ئارامی دەگریاو گوتی:

دایە، بریا منت نەبوایـە، بریـا هـەر لەوکاتـەدا بمردبـام، دایـە توبی‌وخـودا یارمـەتیم بـدە! مـن بـەم زەماوەنـدە نـارازیم، هـیچ پەیوەندییەکم بـە سـپەهرەوەنییە. سـەرەنجامی ئـەم زەماوەنـدەم لا ئاشکرایە. دایکی کە گوێی لەقسەی کچەکەی بوو هەستی بەناخیشـی

دەکرد، زانـی کـە خۆشەویسـتێکی تـری هەیـە. رویکـردە جـەیران و گوتی:

کچی خۆم، ئازیزەکەم، دەزانم چـی دەڵێـت، بـەڵام دەبێـت دان بەخۆتدابگریت، خۆ ئـەوان ئەمشـەو ناتبـەن، هێنـدە ئـازاری خـۆت مەدە، چاوەکانت بوون بەگۆمی خوێن، ئێستا هەر کەسێک بتبینێـت تێدەگات چ لەگۆڕێ دایە. بچـۆ ئاوێـک بەڕوخسـارتدا بکـە، دواجـار بـزانین چـی روو دەدات. هەسـتایەوە بـڕوات، کاتێـک دەرگاکـەی کردەوە، بەپاڕانەوەوە گوتی: کچی خۆم هەر هیچ نەبێ لەبـەر مـن و باوکـت وەرە خـوارەوە. تکـات لێدەکـەم... دەرگاکـەی داخسـت و رۆیشت.

جەیران کاتێک سەیری ئاوێنەکەی کرد، چـاوە رەشـەکانی جـوانتر ببوون، خەم رووخساری جوانتر کردبـوو، لەئاوێنەکـەدا چـاوی بڕییـە چاوەکانی خۆی و گوتی: چییە ئەگەر عاشقی جەواد نەبوایەی، لەوانـە بوو لەبەر پارە و ناوبانگی سـپهر ملـت بـۆ ئـەم زەماوەنـدە بدایـە. لەوکاتەدا ڕوخساری بەریئی جـەوادی هێنایـە پـێش چـاوی. عەشـقی پیرۆزی ئەو پاک و بێ لەکە بوو، ئەوکەسەی کـە بـەو زەماوەنـدەی جـەیران دڵـی دەشـکا، بەیادکردنـەوەی جـەواد دڵۆپێـک فرمێسـک لەچاوەکانی بریسکایەوەو بەرەو سەر روومەتی ملی نا.

Scanned by CamScanner

بەبۆچوونی خۆی ئەو دڵۆپە ئەسرینە لەدڵیەوە سەرچاوەی گرتبوو، چونکە ئازارێکی سەختی لەئەودا هەست پێدەکرد. بەئارامی بەخۆی گوت:

ئاخر ئەم دڵە موڵکی تەنها کەسێکە، چۆن چۆنی دەتوانم جگە لەجەواد کەسێکی تری تێدا جێ بکەمەوە، لەسەر کورسییەکەی بەردەم ئاوێنەکە دانیشت و سەری خستە سەر مێزەکە بۆ ئەوەی فرمێسکەکانی بەمەیلی خۆیان ڕێ بکەن.

جەیران لەقادرمەکان هاتە خوارەوە، سپهر بەبینینی ئەو گوڵێک لەباخچەکەیدا شکۆفەی کردو کەمێک جموجوڵی کرد و لووتبەرزانە سەری بەرز کردەوە. ئەو خۆشەویستییەکی زۆری بۆ ئامۆزاکەی هەبوو و هەمیشە وای بەخەیاڵدا دەهات کە جەیرانیش لەبەرامبەردا ئەوی خۆش دەوێت و ئەو بیرکردنەوەیەی لەبڕیارەکانیدا ڕەنگی دەدایەوە.

جەیران پاش سڵاوکردن لەگەڵ مام و ماموژنیدا ئەحواڵپرسی کردو پاشان لەتەنیشت دایکیەوە دانیشت و هیچ سەیرێکی سپهری نەکرد. ئامادەبوان ئەو کردارەی ئەویان گەڕاندەوە بۆ شەرمی کیژانەی ئەو و بەهەندیان وەرنەگرت. بەڵام سپهر کەمێک لەو ڕەفتارەی نیگەران بوو. هەمووان چاویان لەسەر جەیران بوو. وەک بڵێی هەموو چاوەڕێ بوون کە ئەو دەست پێبکات. بەڵام جەیران هیچی نەگوت. دایکی بۆ ئەوەی کە بۆچوونەکان بەئاقارێکی کەدا

Scanned by CamScanner

ببات و بیگۆڕێ، داوای لەجەیران کرد کە میوە بـۆ میوانـەکان ببـات، جەیرانیش بەپێتاقەتییـەوە بـۆ بەشـینەوەی میـوە لەجێگاکـەی خـۆی هەستا. مامە و مامۆژنی بەتێڕوانینێکی تایبەتییەوە لەبووکی ئایندەیان ورد دەبوونەوە. لەوەی کە جەیران تا ئـەو ڕادەیـە جـوان و دڵگـیرە، پێیانـدا هەڵـدەدا و بـەگوێی یەکتریانـدا دەچـەپاند بـەجۆرێک کـە ئامادەبوان گوێبیستی نـەبوون. بـەڵام روخسـاری بـاوکی لەتوڕەییـدا رەش داگیرسابوو. لەوەی کـە جـەیران بـەو جـۆرە لەگـەڵ سـپهردا رووبەڕوو ببویەوە، بێزار بوو و سـەری دەسـوڕما. کاتێـک بەرامبـەر سپهر وەسـتا تـاکوو میـوەی پـێ بـدات، ئـەو بەنیگایـەکی کرپارانـە لەسەرتاپای جەیران ورد بوویەوە و چاوی پێدا گێڕا. بەبۆچوونی ئەو، جەیران هیچ کەموکورییەکی نەبوو، روخسـاری پـاک و بێگـەرد، دوو برۆی شمشێری، چاوانێکی گـەورە و گـەش، لێوەکـانی وەک پـەڕەی گوڵ، ناسک و بەبزە بوون. لەکاتێکدا کـە لـەجوانی جەیرانـدا نـوقم ببـوو، تـازە یـادی هاتـەوە کـە دەبێـت میـوە هـەڵبگرێت، کـاتی سوپاسکردن دووبـارە لەجـەیران رامـاو لەچـاوەکانیدا جگـە لـەڕق و بێزاری هیچی تری نەبینی و هەر ئەوە بووە هۆی نیگـەرانی ئـەو. تـا ئەو کاتە ئەو کیژە وشەیەکی لەگەڵدا نەگوتبوو. هەستا لەسەر مێزی نانخواردن ویستی سەری قسەی لەگەڵ دا بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ گوێ نــەگرتنی جەیرانـــدا رووبـــەڕوو بوویـــەوە. بـــەڵام بـــەهۆی ئـــەو خۆشەویستیەیەوە کە بۆ جەیرانی هەبوو، هیچی لەبەر چاو نەگرت.



Scanned by CamScanner

پاش نانخواردن تازە سەری قسە کرابوویەوە. ئامۆژنی بەسپهری کوڕیدای هەڵدەگوت. جەیرانیش توڕە ببوو لەدڵی خۆیدا دەیگوت: وەک بڵێی من ئەم کوڕە ناناسم، ئەو قسانە لەلای کەسێکدا بکە کە نەیناسێت، نەک لای من کە لەگەڵ ئەودا گەورە بووم. بەکورتی وەک هەموو دایکێک کە کوڕەکانیان هەڵدەکێشن، لەبارەی ئیش و کاریەوە، خوێندنەوە، سود و دەستکەوتی زۆر، ماڵ و ئۆتۆمبیل و هەموو ئەو شتانەی کە سپهر هەیبوو، بەڵام جەیران دڵی لەشوێنێکی تردا بوو. ئەو لەبیری جەواددا بوو. جەوادێک کە دەبوو لەو جێگایەی سپهردا دانیشتبا. بەڵام بەداخەوە کە ئارەزووی جەیران نەهاتە دی.

باوکی سپهر کە تا ئەو کاتە بێدەنگ بوو، بۆ پشتڕاستکردنەوەی هاوسەرەکەی گوتی: کوڕەکەم ئیتر خوێندنی تەواو بووە و ساڵێکی تر دکتۆرێکە بەتەواوی مانا. هاتبووین بۆ ئەوەی ئەگەر خودا بیەوێت دەستی ئەم دوو لاوە لەدەستی یەک بنێین. تاکو سوننەتی خودا و پێغەمبەرەکەی بەجێ بهێنین و ئەم دوو گەنجە ماڵێک بۆ خۆیان دروست بکەن، هەروەک سپهر گیان، جەیرانی زۆر خۆشدەوێ، هیوادارم کە لەژیاندا بەختەوەری بکات. وانییە کوڕم؟!

ئەمجارە نۆبەی سپهر بوو، دەستی بەقسان کرد: بەڵێ باوکە گیان. هەموو هەوڵی من ئەوەیە کە ئامۆزاکەم بەختەوەر بکەم و ژیانێکی ئاسودە و خۆشی بۆ فەراهەم بکەم. جەیران گوێی لەهەموو ئەو قسانە گرتبوو، ئاهێکی هەڵکێشا و لەدڵی خۆیدا گوتی:



Scanned by CamScanner

خودایە، ئەوانە هەموو لەبارەی مادەوە دەدوێن. کەواتە هەستیان لەکوێیە؟ هەستی مرۆیی و عەشق و ئەوین لەکوێدا هەیە؟ یان هەرگیز خۆشەویستیەک بونی نییە؟ ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی: جەواد ئەم قسانەی بەرەو ڕووی من نەکرد، ئەو لەبارەی عەشق و خۆشەویستی و پەیوەندییەوە دەدوا و دەیگوت، ناتوانم ژیانێکی ئاوات بۆ دروست بکەم، بەڵام هەموو عەشەق و خۆشەویستیمت پێشکەش دەکەم. ژیانمت لەپێناودا بەخت دەکەم. ئەم قسانە زیاتر جێگای پەسەندی جەیران بوو تا قسەکانی سپهر. لەو بیرکردنەوەدا بوو کە ئامۆژنی گوتی:

باشە ئازیزم، ئەگەر پێتخۆشە بەتەنها لەگەڵ سپهردا گفتوگۆ بکەیت، ئێمە قسەیەکمان نییە. جەیران بەتوندی لەجێگاکەی هەستایەوە و گوتی: نەئامۆژن پێویست بەقسەکردن ناکات، چونکە هەموو قسەیەک کراوە و هیچێک نەماوەتەوە کە من بیڵێم. مامۆژنی لەقسەکەی جەیران بێزار بوو و گوتی:

کچی خۆم بۆچی نیگەران بوویت، ئێمە شتێکی وامان نەگوتوە، ئەبێت پڕ بەدڵ حەز بکەیت لەگەڵ سپهردا قسە بکەیت و ڕووی بۆ لایەکی تر وەرگێڕا. جەیران چونکە کارەکەی تێکدابوو، داوای لێبوردنی کرد و گوتی:

سەرم ژان دەکات و پێویستم بەپشوو هەیە و بەخێرایی چووە ژوورەکەی خۆی و دەرگای لەخۆی داخست تا کەمێک لەو بارودۆخە



Scanned by CamScanner

ئازاراویە دەرباز بێت. دایک و باوکی جەیران بەنیگەرانییەوە داوای لێبوردنیان لەمیوانەکان کرد، سپهر شکابوو، بۆ ئەوەی کە کەسایەتی زیاتر بریندار نەبێت، بەخێرایی گوتی: نە، نیگەران مەبن، ئەمانە هەموو هەڵچونی کاتین، ماوەیەکی تر ئارام دەبێتەوە.

دایکی بۆ سەرەوە جوڵەیەکی بەبرۆکانی کرد و بەناز و لوتبەرزییەوە گوتی: هەرچەندە کە هەڵیشچووبێت، نەدەبوو بێ شەرمانە ئێمەی بەجێ بهێشتبا. بەبۆچوونی من شتێک لەگۆڕێدایە کە ئێمە لێی بێ ئاگاین.

ئەقدەس خانم هاتە ناو قسەکانیەوە و گوتی: نە، نە، ئێوە خۆتان نارەحەت مەکەن. وا هەست دەکەم جەیران سەرمای بووبێت، چونکە کاتێک لەکتێبخانە گەڕایەوە، بارانێکی زۆر لێی دابوو.

ئاغا مەنوچێهری باوکی جەیران چەقۆت لێدابا، خوێنی لێ نەدەهات، بەبێدەنگی دانیشتبوو و ورتەی لەدەم دەرنەدەهات، مامە ئیحسان هەستایەوەو گوتی:

خانمەکان خۆتان نارەحەت مەکەن، هەموو قسەیەک کراوە، تەنها وەڵامی جەیران ماوەتەوە. ئەویش بەزوویی ئاشکرا دەبێت. مەنوچێهر ئێمە لەوە زیاتر بێزارت ناکەین. ببوورە ئەگەر نارەحەتمان کردبن.

پاش ماڵئاوایی میوانەکان رۆیشتن و ئەو شەوە بەهەر جۆرێک بوو لەجەیران تێپەڕی. بەیانی باوکی پێش ئەوەی بچێتە سەر کار،

Scanned by CamScanner

شـەڕێکی گـەورەی بـەرپا کـرد و هـەموو سـەرکۆنەکردنەکانی، ئەقدەس خانمی بێچارە بیستی.

دایکێک کە سالانێک رەنجی کێشابوو، ئێستا ئەنجامەکەی شەڕو ئاژاوە بوو. جەیران لەترسی باوکی لەژوورەکەی نەهاتە دەرەوە تاکوو ئەو چوو بۆ سەر کار.

دایکی هاتە ژوورەکەی جەیران، لەخەو بێداری بکاتەوە و نەیدەزانی کە دەنگە دەنگی ئەوان چەند کاتژمێرێکە ئەوی بەئاگا هێناوە. بەڵام جەیران بەسەر خۆی نەهێنا.

جەیران: سڵاو دایکە گیان، بەیانیت باش.

دایکی: سڵاو کچی خۆم، هەستە نانەکەت بخۆ، کارمان زۆرە.

ئەویش بەبێتاقەتی کە سەرچاوەکەی ماندوێتی دوێنێ شەو و شەڕی یەکەم بەیانی باوکی بوو، لەسەر تەختی خەوەکەی هەستایەوە، هەموو شتێک لەسەر مێزی نانخواردن ئامادە بوو، بەڵام ئەو ئیشتیای خواردنی نەبوو، هەر بۆیە مێزەکەی بەجێهێشت و سەرقاڵی کاری رۆژانە بوو. هێشتا کاتژمێرێک لەرۆژ تێنەپەڕیبوو کە زەنگی تەلەفۆن لێیدا. جەیران تەلەفۆنەکەی هەڵگرت. نەسرین تەلەفۆنی کردبوو، بێگومان لەسەر داوای جەواد. ئەو خۆی نەیدەتوانی پەیوەندیی پێوە بکات، چونکە جەیران تێی گەیاندبوو کە ئەگەر باوکم لەم باسە ئاگادار بێت، رۆژی روناکم لێدەکاتە شەوەزەنگ.



Scanned by CamScanner

نەسرین گوتی: چی بوە جەیران؟ دەنگت وەک جاران نییە، نیگەرانی؟ جەیران کە دەیویست لەسەر کورسییەکە دابنیشێ، بەبێزارییەوە گوتی: شتێک نییە. ماڵی سپهر هاتبوون بۆ داخوازی و ئەمڕۆش ئاسمانی ماڵەکەمان هەورێکی توندی هەیە و کەمێکیش باراناوییە. نەسرین لەتەلەفۆنەکەوە دیار بوو زۆر تورەیە. بەتوندی گوتی:

ئەگەر من لەجێی سپهر بوومایە، دەرۆیشتم و ئاورم لەپاشی خۆم نەدەدایەوە، ئەوە چ جۆرە مرۆڤێکە، دەڵێی ئافرەت قاتی بووە.

جەیران گوتی: ئەوەشیان بلێ، خۆشی دەزانێ کە خۆشم ناوێ. بەو حاڵەشەوە دەستبەردار نابێت، ئێستا وا هەستدەکەم چاوەڕوانی وەلام بن،

نەسرین گوتی: باشە جەیران، تۆ چی دەڵێی، ئا یان نا؟

جەیران ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی: ئاشکرایە کە نا، کاتێک کە من هیچ هەستێکم بەرامبەری نەبێت، ئیتر چۆن بتوانم لەگەڵیدا بژیم.

نەسرین گوتی: ئەم بەیانییە زوو جەواد تەلەفۆنی کرد، زۆر خەمبار بوو.

— ئەم دەنگوباسەت بەویش گوت؟

— ئاخر زۆر نیگەران بوو. جەیران گوناهە ، ئەو بەڕاستی عاشقی تۆیە. خۆ گوناهبار نییە.

Scanned by CamScanner

لەگەڵ دابارینی فرمێسکدا جەیران گوتی: نەسرین، سوێند بـەخوا بێتاوانم. حاڵی من لەجەواد باشتر نییە. ئەگەر بـاوکم بزانێـت مـن و جـەواد یـەکترمان خۆشـدەوێت، دەمکوژێـت. هەرچـەندە لـەمردن ناترسم، بەڵام نامەوێ لەپێش کەسوکارو باوکمـدا بـە بـێ شـەرمی دەربکەوم. خۆت دەزانی، ئابڕوو... حەیا و ئابڕووی کچـێک لـەژیانی بـەنرختره. بێگومـان مـن تـاوانێکم نـەکردووه، عەشـق شـتێکە کـە خوداوەند لەدڵی هەموو مرۆڤێکدا دروستی کردوە و هەموو مرۆڤێک مافی خۆیەتی عاشق بێت، تـەنها لەبـەختی مـن و جـەوددادا دەبێـت وەک لەیل و مەجنون لەیـەکتری دووربـین و بـە دەردی دوورییـەوە بسـوتێین. ئـەو قسـانەی بـەئاه و هەنسـکەوە دەکـردو فرمێسـکی هەڵدەڕشت. نەسرینیش بەڕاستی بۆ حاڵی ئەم دوو لاوه بەداخ بوو. ئەم دوانـە یـەکتریان بـەپاکی و عاشـقانە خـۆش دەویسـت، بـەڵام ئەڵبەت رۆژگار قـەدەرێکی تـری بـۆ ئـەم دوو لاوه دیـاری کردبـوو.

نەسرین بەنیگەرانییەوە گوتی:

جەیران، خۆت دڵتەنگ مەکە، ئەمڕۆ پاش نیـوەڕۆ وەره بـۆ مـاڵی ئێمەو تەلەفۆن لەگەڵ جەوادا بکەو خـۆت هـەموو شـتێکی بـۆ روون بکەرەوە. بەبۆچوونی من ئەو مافی خۆیەتی کە راستییەکەی بزانێت، جەیران پەسندی کردو پاش ماڵئاوایی تەلەفۆنەکەی داخستەوە.

نیوەڕۆی ئەو رۆژه بـاوکی هاتـەوە مـاڵ، قسـەی لەگـەڵ دایکـی و جەیراندا نەکرد، ئاشکرا بوو کە نیگەرانە. کاتێک نانی خوارد چوو بۆ



Scanned by CamScanner

ژوورەکەی بۆ ئەوەی بنوێت. جەیران چووە لای دایکی و پێی گوت:
دایە مۆڵەتم دەدەیت بچم بۆ ماڵی پوورم، ئاخر پەیمانم بەنەسرین داوە. دایکی بەئارامی گوتی: نە کچی خۆم باوکت بزانێت تورە دەبێت، جەیران گوتی:

مانای چی دایە، رۆشتن بۆ ماڵی پوور خۆ تورەبوونی ناوێ. کاتژمێرێک لەوێ دەبم و زوو دەگەڕێمەوە، دایکی بەناچاری پەسندی کرد. جەیران خۆی گۆڕی و لەماڵ چووە دەرەوە.

کاتێک گەشتە بەر دەرگای ماڵی پووری، دڵەخورپەیەکی ناوازەی هەبوو. کاتێک زەنگی دەرگای لێدا، نەسرین دەرگاکەی کردەوە، پاش ئەحواڵپرسی چووە ژوورەوە، پووری لەماڵ نەبوو، نەسرین لەگەڵ خوشکە بچوکەکەیدا لەماڵەوە بەتەنها بوون. نەسرین پرسی:

دەنگوباسی ماڵەوەتان چییە؟ باوکت تورە نەبوو؟ جەیران گوتی:

وەک هەمیشە، پاش داخوازییەکە ئیتر یەک وشەی لەگەڵماندا نەگوتوە هەتا لەگەڵ دایکیشم، نەسرین دووبارە پرسی:

ـ بۆچی، ئەو چی دەڵێ؟

جەیران کە گوێی لەقسەی ئەو گرتبوو، بەخەمبارییەوە گوتی: قسەی راست و دروستی ئەوەیە کە من لەگەڵ کوڕی مامەکەمدا زەماوەند بکەم و بەبۆچوونی ئەو لەگەڵیدا خۆشبەخت دەبم، بەڵام من بەو جۆرە بیر ناکەمەوە، لای من ناوبانگ و سەروەت و سامان بەختیاری بۆ مرۆڤ دەستەبەر ناکەن. دەزانم سپهر پارەدارە، ناوبانگی



Scanned by CamScanner

هەیـە، ئـەوەش دەزانم کـە ئەگـەر لەگـەڵ ئـەودا زەماوەنـد بکـەم لەلایەنی ماڵیەوە هیچ کەموکوڕییەکم نابێت. بـەڵام نەسـرین، ژیـان هـەر ئـەوە نییـە. ئـاخر دەبێـت تۆسـقاڵێکیش هەسـت و عەشـق و پەیوەندیش لەژیاندا هەبێ، بەڵام بەداخەوە من ئەوم خۆش ناوێت، چونکە ئەو شتەی کە من بەدوایـدا وێڵـم لەسـپهردا نەمبینیوەتـەوە.

هەر لەوساتەدا بوو کە زەنگـی تەلـەفۆن بـەدەنگ هـات و نەسـرین تەلەفۆنەکەی هەڵگرت. جەواد بـوو، چـونکە نەسـرین پێشـتر بـەوی گوتبوو کە پـاش نیـوەڕۆ جـەیران دێـت بـۆ ماڵیـان و ئـەویش دڵـی ئۆقرەی نەگرتبوو زەنگی لێدابوو.

دەردی عەشــق دەردێکــی ســەختە، ئــەویش تــەنها عاشــقێکی راســتەقینە هەســتی پێــدەکات و بــەس. ژیــانکردن لــەدووری مەعشــوقەوە بــۆ عاشــق گــەلێک دژوارە، بــەڵام لەناچـاریدا ئـارام دەگرێ، هەروەک کەسێک کە لەبێ ئاویـدا ماوەتـەوە و ناچـارە کـە تینویەتی قەبوڵ بکات بەهیوای ئـەوەی کـە قومێـک ئـاو بخواتـەوە.

جەیران زانی جەوادە و روخساری گەشایەوە. نەسرین گوتی:

ئەوە جەوادە، قسەی لەگەڵ دەکەیت؟ جەیران بـێ چەندوچـوون تەلەفۆنەکەی هەڵگرت. بیستنی دەنگی دوو عاشق بۆ هـەر دووکیـان خۆشـحاڵییە، هــەتا بارِسـتەیەک یـان وشـەیەکیش بێـت. یـانی هەواڵپرسینی یەکدی، جەواد پرسی:



Scanned by CamScanner

جەیران خان، دەنگ و باس چییە، لەدوێنێ شـەوەوە زۆر نیگـەران و دڵتەنگم، بەڵام چیم لەدەست دەهات، نەدەبوو تەلەفۆنیش بکـەم، باشە خۆت بۆم باس بکە.

جەیران گوتی: چی لەبارەی خۆمەوە بڵێم، لەکاتێکدا کە چارەنوسم بەو جـۆرە نییـە کـە خـۆم دەمـەوێت. مـن ئەگـەر لەگـەڵ سپهردا زەماوەند بکەم ژیانێکی سارد و سڕو بێ گیانم دەبێت.

جەواد ئاهێکی لـەقوڵایی ناخییـەوە هەڵکێشـا و گـوتی: تـۆ ڕاسـت دەڵێی، خوداوەند هەر چی بوێ، دەبێت هیوامان بەوە بێت. لەوانەیە خودا یارمەتیمان بداو ببینە هاوسەری یەکتری.

ئەوە هیوایەک بوو کە جەواد بەجەیرانی دەدا. ئەویش ئومێدەوار بەو قسانە گوتی:

تۆ زۆر بەهیوایت، بریا لەدڵی منیشدا کەمێک لەو ئومێدە بوونی دەبوو. ترسێکی زۆر لەناخی مندایە. خـەم دەیـەوێت لـەناوم ببـات، بەڵام ئەوە بزانە هیچ کاتێک لەیادت ناکەم، هیچ کاتێک.

جەیران نەیزانی کە دڵۆپێک فرمێسک لەچاوی جـەوادەوە جـاری بوو بەرەو سەر ڕوومەتی خزی و پاشانیش سوێری فرمێسکی لەسـەر لێوەکانی خۆی هەست پێکرد. کاتێک جـەواد لەتەلەفۆنەکـەدا گـوێی لـەدەنگی بەرامبەرەکـەی نـەبوو، تێگەیشـت کـە چـەند خولەکێکـە تەلەفۆن پچڕاوە. جەواد بەدوای دەفتەری یاداشتەکەیدا گـەڕا، ئـەو

دەفتەرە هاودەمی تەنهاییەکانی ئەو بوو، لەکاتێکدا کە دڵـی لێوانلێـو بوو لەغەم، بەم شێوەیە دەستی بەنوسین کرد.

ئای، جەیرانەکەم چۆنچۆنی لێت جیا ببمەوە. لەکاتێکدا کە دڵمـت داگیر کردووە. ژیان بێ تۆ دژوارە، بەڵام ئەگەر تـۆ بتـەوێت لـەدڵی خۆتـدا دەرم بهـێنی و دوورم بخەیتـەوە! بـەڵام مـن چـیت لێبکـەم، تۆیەک کـە هـیچ کاتێـک لـەدڵی منـدا دەرناچـیت، ئەگـەر مـەرگ بەدەستی خۆم بوایە، هەرکات ئارەزووت بکردایە، خـۆم لەبەرپێتـدا دەکرد بەقوربانی. بەڵام بەداخەوە ئەوەش لەمن ناوەشـێتەوە. ئـەی خودایە، ئەی خودا، تۆ پێم بڵێ چی بکەم. دووری دڵدارەکەم گـەلێک سەختەو بەدەستهێنانیشی سەختترە. هەر خۆت عەشقی ئەوت لەدڵی مندا ڕواند و هەر خۆشت چارەی بکە. ئەوانە قسەگەلێک بـوون کـە جەواد لەدەفتەرەکەیدا نوسی و لەنارەحەتیدا بەکوڵ دەگریا.

جەیران کاتێـک گەیشـتەوە مـاڵ، بـاوکی لەخـەو بـەئاگا هـاتبوو و سەرقاڵی چا خواردنەوە بوو، ئەو بـاوکی زۆر خۆشدەویسـت، بـەڵام بەپێچەوانەوە، خواستی جەیران بەلای کەسەوە گرنگ نەبوو. جەیران بەرەو لای باوکی چوو لەسەر خۆ سڵاوی لەباوکی کرد، ئەویش پـاش وەڵامدانەوەی سڵاوەکەی پرسی:

لەکوێ بووی؟ جەیران تیا مـابوو، نەیـدەزانی چـی بڵێـت، بـەڵام دایکی لەمەتبەخ گەڕایەوە و گەیشتە هانای ، بەخێرایی گوتی:



Scanned by CamScanner

جەیرانم نارد بۆ ماڵی پووزی بۆ کارێـک، پـاش ڕۆیشـتنی جـەیران باوکی پرسی:

بەڕاستی پێمی بڵێ وەڵامـی جـەیران چـی بـوو، وەڵامـی یـەکجاری داوەتەوە یان نە؟ براژنم تەلەفۆنی نەکردوە؟

ئەقـدەس خـانم بەبێزارییـەوە گـوتی: نـە وەڵامـم لەکچـەکەم وەرگرتوە و نەبراژنیش تەلـەفۆنی کـردوە. لـەو بارەیـەوە دەبێـت بزانیت کە دوو ــ سێ ڕۆژێـک درێـژە دەکێشـێ. بـاوکی کـە وردە وردە خەریک بوو تورە دەبوو، گوتی:

ئەگـەر چـەندین ڕۆژ درێـژە بکێشـێ و بگـرە چـەندین سـاڵیش، جەیران بووکی برامەو تەواو. ئەمە بخە قولی مستەوە.

ئەقدەس خانمی بێچارە بێدەنگ بوو، بـەڵام پـاش چـەند سـاتێک گوتی: پیاوەکە گوێ بگرە، تۆبی و خوا ئەم کچە ئازار مەدە، سـوێند بـەخودا ئەنجامەکـەی بـاش نابێـت، تائێسـتا چ کەسـێک بـەزۆر زەماوەنـدی کـردوەو بەختـەوەر بـوە کـە جـەیرانیش وەکـو ئـەو بەختەوەر بێت. سپهر هەم پارەدارەو هەم ژیانی لـەبارە، دەتوانێـت لەگەڵ هەر کچێکی کەدا زەماوەند بکات. نە کچەکەی تۆ ڕەنج دەبـا و نە کەسایەتیمان لەبەین دەچێ. باوکی چونکە نەخۆشی دڵی هـەبوو هـەر کـە نارەحـەت دەبـوو، ڕەنگـی دەپـەڕی و ئێسـتاش ڕەنگـە پەڕیوەکەی نیشانەی نیگەرانی بوو.

Scanned by CamScanner

باوکی گوتی: ئاخر ژنەکـە، بۆچـی تێناگـەیت، بـۆ بیرێـک لـەمنی بەدبەختیش ناکەیتەوە، ئێمە سـاڵانێک پـێش ئێسـتا بڕیارمانـداوە. قسەی ئەمڕۆ و سـبەی نییـە، خواڵخۆشـبووی بـاوکم ئـەمانی کـردە ناوکەبڕەی یەکدی. ئێستا ئەم خانمە هەربەم ئاسانییە هەموو ئەمانە پێشێل دەکات و دڵی نامەوێت، وادەزانێـت بـەئارەزووی خۆیـەتی، من باوکی ئەوم، دەمەوێت بەزمانی خۆش رازی بێت، ئەگەر نـەبوو بە کوتەک، ئـەو بەدبەختـە دەبێـت چـەندە لەجـەیران بپارێتـەوە و لەبەردەمیدا بەچۆکدابێت، هەموو شتێک سنوری خـۆی هەیـە، خـۆ ئاوانابێت، یانی چی؟

جەیران لەژوورەکەی خۆیدا گوێی لەدەنگەدەنگیان بوو، لەو قسانە تووڕەبوو بەخۆی گوت: خودایە چی بکەم، ئاخر ئەمەش نابێتە ژیـان، هەموو ڕۆژێک مشتـومڕ، هەموو ڕۆژێک شەڕ، ئـەویش لەبـەرمن، بریا کوڕبوایەم و ئەم ماڵەم بەجێهێشتباو بڕۆشتمایە بۆ شـوێنێک کـە پێی هیچ مرۆڤێکی پێ نەگەیشتایە، ئاخر تاکەی دەبێت کچ وەک کـاڵا مامەڵەی پێوەبکرێت و گوێ بەبۆچوونی خۆی نەدەن. بێچـارە هێشـتا چاوی بەژیان هەڵنەهێناوە دەستنیشان دەکرێ ئەویش بۆکەسێک کە لەوانەیــە هــیچ کاتێــک پێکــەوە نــەگونجێن و ژیانیــان بگۆڕێــت بەدۆزەخ.ئاخر بەچ نرخێک. ئەڵێی هەر بیریشیان چۆتەوە کە خۆشیان ڕۆژێــک عاشــقو مەعشــوق بــوون و ئــەودوو بنەماڵەیــە لەســەر هاوســەرێتی ئەمانــە چــەندە بــەزم و شــەڕە کوتــەکیان کــردووە.



Scanned by CamScanner

بەداخەوە هەرچییەکیان پێ بڵێیت ناچێتە مێشـکیانەوە. جـەیران ئـەم قسانەی لەگەڵ خۆیدا دەکردو هەناسەی هەڵدەکێشا.

باوکی ئیتر بێـدەنگ ببـوو قسـەی نـەدەکرد، دایکیشـی ئـەژنۆی لـەباوەش گرتبـوو لەگۆشـەیەکدا هـەڵکورمابوو، ورتـەی لـەدەم دەرنەدەهات، یانی بوێری قسەکردنی نەبوو، ئیتر ژیان لە هەموویان تاڵ ببوو، ئیدی شادییەکەی جاران لەوماڵەدا باری کردبوو، دایکی بـۆ ئامادەکردنی نانی ئێوارە چووە چێشـتخانەکەوە، باوکیشـی سـەرقاڵی خوێندنەوەی ڕۆژنامەبوو، جەیران بۆ دەربازبوون لەتەنهایی چـوو بـۆ یارمەتی دایکی، دایکی دڵتەنگ و بێزاربوو، جەیران گوتی:

دایە بۆچی خەمباری؟ هەمدیسان بـاوکم قسـەی کـردووە؟ دایکـی بەبێ تاقەتی چێشتەکەی نایە سەر ئاگر وگوتی:

نا، باوکت هیچی نەگوتووە، بەڵام من لەئایندە دەترسم. جـەیران بە نیگەرانییەوە گوتی:

بۆچی دایە، ئاخر بۆچی؟ دایکی گوتی:

بۆچی پێناوێ، لەوەیکە ئـەم شـەڕو هەرایـە سـەرەنجام کارێکمـان بەسەر بێنێ و ژیانمان لێ تاڵ بکات، خـۆت بـاش دەزانیـت پزیشـک گوتویـەتی نـابێ باوکـت تورەببێـت، مەترسـی هەیـە بـۆی، وەکـو ژەهروایە، خۆت لەمن باشتر دەزانی. جەیران بە مەلولییەوە گوتی:

ئاخر دایەگیان، تۆبڵێ من چی بکەم؟ خۆم بەدبـەخت بکـەم، خـۆم بکوژم، دایە خۆت باش دەزانیت من نامـەوێت لەگـەڵ ئـەودا ببمـە



Scanned by CamScanner

هاوسەر، خۆ بەزۆر نییە، باوکم هەرخۆی بە مەرامی بگات ئیتر گـوێ بە ویستی کەس نادات، ئەگەر ئەو خۆی بە عەشـقەکەی نەگەیشـتبا لەوانەبوو ئێستا بە دڵی منی بزانیایە.

دایکی بەتوڕەییەوە گوتی:

ئێستا عەشق بووەتە ویردی سـەر زمـانی هـەموو کەسـێک، هـەر منداڵێک هەڵدەستێ لەبارەی عەشقەوە دەدوێت، سـەردەمەکە زۆر گۆڕاوە، ئێمـە لەترسـی باوکودایکمـان ئاویشـمان نـەدەخواردەوە، ئێستا منداڵان بەسەر دایکو باوکیاندا دەقیژێنن، جەیران بەرەو لای دایکی هاتو دەستەکانی لەنێو دەستی خۆی ناو گوتی:

دایـە گیـان، خـودا بمکـات بەفیـداتان، مـن کـەی بەسـەرتاندا قیژاندوومە، کەی بێ ئـەدەبیم کـردووە، مـن هـەموو هـەوڵێکم بـۆ ڕازیکردنی ئێوەیەو بەپاڕانەوە گوتی: ئیتر چی بکەم، یانی مافم نییـە هاوسەری ئایندەم هەڵبژێرم، وایە دایە؟ دەستی دایکی بەردا و چـوو بۆ لای پەنجەرەی مەتبەخەکە و چاوی لەحەوشەکە بڕی، سەیری ئەو باڵندانەی دەکرد کە بەئازادی لەشەقەی باڵیان دەداو بـەو دیمەنـەی ئەوان زیاتر خەمی دەخوارد و بەئارامی گوتی:

مانای من مافی خۆم نییە ئەو کەسە هەڵبژێرم کە خۆشـم دەوێ و بیکەم بەهاوبەشی ژیانم، بەڵێ دایە، مـافم نییـە؟ بـەرەو لای دایکـی چوو، لەئامێزی گرت، دایکـی کـە دەیزانـی کچـەکەی چـی دەڵێـت و هەستی پێدەکرد، بەخۆیەوەگوشی و گوتی: خەم مـەخۆ کچـی خـۆم،



Scanned by CamScanner

من دەزانم کە کەسێکت خۆش دەوێ و دڵت پێـداوە، دەزانم بـەلای تۆوە چەندە ئەستەمە، بـەڵام کچـی خـۆم بـیر لەئێمـەش بکـەرەوە، لەوانەیە پاش زەماوەندت لەگەڵ سپهردا ئەو کورە لـەبیر بکـەیت و بەختەوەر بیت. جەیران دڵی توند بوو لەقسـەکانی دایکـی کـە وەک خەنجەرێک دڵیان دەبڕی و گوتی:

دایە چۆن دەتەوێت ئەو، مانای خۆم، لـەبیر بکـەم، جـەواد ئـیتر بەشێکە لەمن، دڵی هەردووکمان پێکەوە پەیوەستە، تـۆ خـۆت لـەمن باشتر دەزانی، دایـە مـن بـەبێ جـەواد دەمـرم. مـن بـەبوونی ئـەو خۆشبەخت دەبم. هیچ کەسێک ناتوانێت من بەختەوەر بکات. قسەی هەردوکمان یەک قسـەیە، مـن دەمـەوێ لەگـەڵ ئـەودا زەماوەنـد بکەم... دایە...بەگریانەوە بەسەر دەست و پێیدا کەوت و گوتی:

دایە لێت دەپاڕێمەوە، داوات لێدەکەم، ڕێگە بدەی من و جـەواد پێکەوە زەماوەند بکەین، بەو کەسە سـوێندتان دەدەم کـە خۆشـتان دەوێت و دای لەپڕمەی گریان و دڵی دایکی هێنایە ژان. دایکێـک کـە شـاهیدی لەدەسـتدانی بەرهـەمی ژیـانی بـوو. سـەری سـوڕما کـە چۆنچۆنی کوڕێک کیژەکەی لەدەست سەندبوون، مانـای چـۆن دڵـی داگیر کردبوو، دڵێک کـە گـەلێک ناسـک بـوو، بەبچـوکترین جوڵـە دەشکا، دەبێت بیر بکاتەوە، کارەکە لەوە قورسـتربوو کـە بتوانێـت بەئاسانی چاکی بکات، ئەمە قسەی دایکی بوو.

Scanned by CamScanner

ڕۆژەکان بەم پێیە تێپەڕ دەبوون. ڕۆژانێک کـە بـەلای جەیرانـەوە وەک سـالأنێکی تـالْ و تاریـک بـوون و خـەماویترین کاتـژمێرەکانی تەمـــەنی تێدەپەڕانـــد. فشـــاری مـــاڵی مامـــەی لەلایەکـــەوە و بڵێسەسەندنی عەشقی ئەو و جەواد لەلایەکی ترەوە ژیـانی بـۆ ئـەو کردبووە گێژاوێکی مەرگهێنەر، ڕۆژێـک کـە جـەیران لـەماڵ نـەبوو، ماموژنی بۆ وەرگـرتنی وەلامـی "بـەڵێ" تەلـەفۆنی بـۆ مـالْ ئـەمان کردبـوو، کاتێـک دوایـین وەلامـی لـێ وەرنـەگرتبوون، تـوڕە ببـوو، تەلەفۆنەکەی داخستبووەوە. کاتێک جەیران گەڕایەوە، ئەقدەس خانم ڕووی تێکردو پێی گوت:

کچی خۆم بیری خۆتت کردەوە یان نە؟ مامت و ماموژنت وەلامی تۆیان دەوێت، ئەمڕۆ بە تورەیی تەلەفۆنەکەی داخستەوە. دایـەگیان وەلامەکەت بووبەچی ؟

جەیران ئیتر توانای ڕاوەستانی نەبوو، بـەدەنگێکی لەرزۆکـەوە کـە بەئاسانی هەستی پێدەکرا، گوتی:

کێ تەلەفۆنی کردبوو؟

دایکی بەنیگەرانییەوە گـوتی: هـەر ئـەوان و خـۆی خـەریک کـرد بەپاک کردنەوەی سەوزەوە.

جـەیران چـووە سوچـێکەوەو کەوتـە بیرکردنـەوە، سـەری لـێ شـێوابوو، لـەدڵی خۆیـدا گـوتی: خودایـە چـی بڵـێم، چ وەلامێـک بدەمەوە؟ بڵێم رازیم؟ لەدوو لاوە گیرم خواردوە کـە خۆشـم نـازانم



Scanned by CamScanner

کامیان هەڵبژێرم، باوکم یان جەواد؟ چیتر گریان مۆڵەتی نەداو نەیدەتوانی چاو لەیەکێک لەو دوانە بپۆشێ. سەرەنجام پاش کەمێک بیرکردنەوە یەکیانی هەڵبژاردو بەدەنگی بەرز دەستی بەگریان کرد، گریان بۆ جەواد، جەوادێک کە فیدای عەشقی جەیران ببوو، عەشقێک کە جەیران نێڵی دەدا و دەیسوتاند، ئیتر لەژیان بێزاربوو، چۆنچۆنی بەجەواد بڵێ کە کەسێکی تری بۆ هاوسەری ژیانی هەڵبژاردوە لەکاتێکدا کە لەگیانی خۆی خۆشتری دەویست. بیرێک بەمێشکی دا هات، چووە ژوورەوەو جانتاکەی خۆی فرێدایە قوژبنێک، ئەقدەس خانمیش نیگەرانی حاڵی کچەکەی بوو، چووە بەردەمی و پرسی:

چی بووە کچی خۆم؟ بۆچی لەپڕدا گۆڕایت، کەمێک لەسەر خۆبە و ئارامت هەبێ.

جەیران بەگریانەوە تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و ژمارەیەکی لێدا، ئەقدەس خانم بەسەرسورمانەوە لەهەڵسوکەوتی جەیران ورد دەبویەوە. جەیران دەستی بەقسان کرد:

ئەلۆ.. سڵاو، پووریێ گیان، حاڵتان باشە، ببوورن کارم بەنەسرین هەیە و... چەند ساتێک بێدەنگ بوو. پاش چەند چرکەیەک دەستی بەقسان کردەوە: سڵاو نەسرین حاڵت باشە. نەسرین گوتی:

سڵاو بۆ تۆش جەیران خان، سوپاست دەکەم، دەنگ و باس چییە؟ جەیران کە بەپشتی دەستی چاوەکانی دەسڕی، گوتی:

Scanned by CamScanner

کارێکی گرنگم پێت هەیە، کاتت هەیە؟ نەسرین کە لەشێوەی قسەکردنەکەی جەیران سەری سوڕمابوو، گوتی: بەڵێ قسە بکە.

جەیران ئاوڕێکی بۆ دوای خۆی دایەوەو چاوی بەدایکی کەوت و گوتی:

دایە داوات لێدەکەم چەند خولەکێک بەتەنها جێم بهێڵە، دایکی بەبێ ورتەیەک ژوورەکەی بەجێهێشت، جەیران کە لەڕۆشتنی دایکی دڵنیا بوو، دەستی بەقسەکردن کرد، گوێبگرە نەسرین، لەچی دەترسام سەرەنجام بەرۆکی گرتم، ئامۆژنم ئەمرۆ تەلەفۆنی کردبوو، منیش... منیش لەبەر خاتری باوکم ناچارم ئەم رووداوە یەکلایی بکەمەوە. نەسرین گوتی:

مانای چی؟ تۆ دەتەوێت لەگەڵ سپهر زەماوەند بکەیت؟ جەیران وەک بڵێی دان بەتاوانێکی گەورەدا دەنێت، بەکزییەوە گوتی:

بەڵێ نەسرین، ناچارم، مانای چارەیەکم نییە، خۆت باش دەزانیت کە باوکم نەخۆشە، پزیشک رایگەیاندوە کە نابێت زۆر تووڕە ببێت. نەسرین گوتی:

جەیران بیرت لەسەرەنجامی کارەکە کردۆتەوە؟ دەزانی کە زەماوەندی ناچاری چ پاشەڕۆژێکی هەیە؟ کچێ کەمێک عاقڵانە بیر بکەرەوە، خۆت زایە مەکە، جەیران لەنێوان قسەکانی نەسریندا هەڵی دایە و گوتی: تکا دەکەم نەسرین، تکایە کەم لەبارەی عەقڵەوە بۆم بدوێ، چیتر ژیان لەئێستا بەدواوە بەلای منەوە مانایەکی نییە،



Scanned by CamScanner

گرنگیش نییە لەپاش زەماوەند کردنم چی روو دەدات. مـن هـەوڵی خۆمم دا، پاش کـەمێک بێـدەنگی ئـاهێکی هەڵکێشـاو گـوتی: بـەڵام بەداخەوە باوکم هەستی پێنەکردم.

نەسرین گوتی:

باشە چی وەڵامی جەواد دەدەیتەوە، بەجۆرێک قسە بکە کە رازی بکەیت. جەوادی بێچارە! جەیران کە بەئەستەم قسـەکانی دەکـرد، بەنەسرینی گوت:

من چیتر ناتوانم لەگەڵ ئەودا قسـە بکـەم، لەڕاسـتیدا بەلامـەوە سەختە، من بەڵێنی وەفاداریم پێ دابوو، بـەڵێنی ژیـانێکی خـۆش کـە بڕیار بوو پێکەوە دروستی بکەین.

بەڵام بەداخەوە. جەیران قوربانی باوەڕی خـورافی پوچـی باوکـانی ببوو، ئەو ئـیتر ژیـانی بەتـەنگ و تاریـک دەبـینی، فرمێسـک نم نم لەچاوە جوانەکانی دەبارین. جەیران لەگەڵ خۆیدا ورتەی دەهات:

ئەی چاوەکانی من بباریێن کە ئێستا کاتی بارینـە، ئـیتر لیوەکـانی من بەڕووی ژیاندا پێناکـەنێ. ئـیتر لەئێسـتا بـەدواوە بەرژانگـەکانم ئەشک بەخۆیاندا شۆڕ دەکەنەوە. ئەی ژیان، چۆن دڵـت پـێ خـۆش کەم لەحاڵێکدا کە ئەوان ئەم ژیانەیان لێ زەوت کردم.

جـەیران بەورتـەوە قسـەکانی دەروونـی خـۆی هەڵدەڕشـت و لەگەڵیشـدا دەگریـا. ئـەو فیـداکاری کـرد، بـیری لـەژیانی دایکـی دەکـردەوە، ئەگـەر وەڵامـی نـاڕەزایی بەسـپەر نـەدا لەوانـە بـوو



Scanned by CamScanner

کارەساتێک بەسـەر بـاوکی بهاتایـەو دایکیشـی بەتـەنها بمایـەتاوە. چارەیەکی نەبوو، بەدوای دایکیدا چوو تاکوو دوایـین قسـەی بکـات. دایکی لەمەتبەخەکەدا بوو، جـەیران چـووە لایـەوە و دەسـتی خسـتە سەر شانی، ئەو شانانەی کە لەکاتی گرفـت و تەنهاییـدا تەکیـەگای جـەیران بـوو. ئەقـدەس خـانم سـەیرێکی کچـەکەی کـردو خـەم و نیگەرانی بـەڕوونی لەروخسـاریدا هەسـت پێکـرد. بـەڵام ئـەو هـیچ کارێکی لەدەست نەدەهات. پرسی:

چییە کچی خۆم؟ کارێکـت هـەبوو؟ جـەیران وەک بڵێـی سـاڵانێکە پێنەکەنیوە، بەدڵ گوشراوی گوتی:

بەڵێ دایە گیان. چەند ساتێک دانیشە کارێکی گرنگم پێت هەیـە، هەردووکیان لەتەنیشت یەکەوە دانیشتن. جەیران دەسـتی بەقسـان کردو گوتی:

دایە، پیرۆزتان بێت، تۆ و باوکم سەرکەوتن. من چیتر قسـەیەکم نییــە. بــاوکم چ کــارێکی ئــارەزوو لێیــە، ئــەنجامی بــدە، دایکــی بەسەرسوڕمانەوە گوتی:

کچی خۆم دەتـەوێت چـی بڵێیـت؟ هـەموو هـەوڵێکی باوکـت بـۆ خۆشبەختی تۆیە، تۆش ئاوا دادوەری دەکەیت؟! لەلای هەرکەسێکدا



Scanned by CamScanner

ئەم قسانە بکەیت وا هەستدەکات لەگەڵ جەللادێکی بێ بەزەییدا بەرامبەری، ئەو باوکی تۆیە خۆ دوژمنت نییە.

جەیران بەپەرێشانییەوە گوتی: دایە گیان من قسەیەکم نییە مانای لەئێستا بەدواوە هیچ قسەیەکم نییە، ژانە سەرێکی توند ئەمجارەش سەری لێدابوو. بەئارامی لەجێگاکەی هەستا و بەرەو لای ژوورەکەی خۆی چوو، دایکیشی هەر بەو شێوە لەسەر ئەو جێگایەی کە جەیرانی لێ دانیشتبوو چاوەکانی ئەبڵەق ببوون.

Scanned by CamScanner

# "دووری یار"

جەواد لەهەموو شتێک بێ ئاگا بوو، نەسرین تەلەفۆنی بۆ کرد و بەسەرهاتەکەی لەسیر تا پیاز بۆ گێڕایەوە. دنیا لەپێش چاوی جەواد سوڕا. رەنگ لەڕوخساریدا پەڕی و لەسەر کورسیەک دانیشت، لەچی دەترسا سەرەنجام بەرۆکی گرت. جەیران لەدەست چووبوو، بەڵام مەگەر دەکرا!؟ بەو هۆیەوە بەپرتاو گوتی:

نەسرین مەبەستت چییە؟ جەیران خۆی ئەم قسانەی پێ گوتی؟ من باوەڕ ناکەم، نەسرین بەئاهێکەوە گوتی:

بەڵێ، کاک جەواد ئەمەی کە من دەیڵێم راست و دروستە، بەڵام جەیران خۆی نەیتوانی پێتی بڵێ، داوای لەمن کرد کە پێت راگەیەنم، گەلێکیش نارەحەت بوو. جەواد بەپەشۆکاییەوە گوتی:

لەوانەیە جەیران نەیەوێت، بەڵام من دەبێ لەزمانی خۆیەوە راستییەکەی ببیستم و تەلەفۆنەکەی داخستەوە.

ژانە سەرەکەی جەیران کەمێک ئارام ببوویەوە. لەتەنیشت پەنجەرەکەوە دانیشتبوو سەیری باخچەکەی دەکرد، کاتێک زەنگی



Scanned by CamScanner

تەلەفۆن لێدرا، جەیران تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، بەڵێ.. ئەو تەلەفۆنە کەسێک نەبوو جگە لەجەواد. جەیران لەو ساتەدا خۆی ونکرد، جەواد گوتی:

سـڵاو جـەیران خـان، دەمویسـت بەتـەنها بتبیـنم. لەسـەدای قسەکردنەکەیدا ئاشکرا بوو کە گەلێك شپرزەیە. جەیران بـەخێرایی گوتی:

بۆچی؟ بۆچی نەسرین پێی نەگوتوی؟ جەواد بەبێزارییـەوە گـوتی: بەڵێ، هەر لەبەر ئەوەیە منـیش دەمـەوێت قسـەت لەگـەڵ بکـەم. لەپارکی نزیک کتێبخانەدا چاوەڕێتم، ماڵئاوا. بەخێرایی تەلەفۆنەکـەی داخستەوە.

بەداخسـتنەوەی تەلەفۆنەکـە جـەیران گێـژ و سەرسـام بـوو، بەناچـاری خـۆی گـۆڕی و لـەماڵ چـووە دەرەوە. کاتێـك چـوە نـاو پارکەکـەوە، جـەواد لەسـەر یـەکێك لەکورسـییەکانی نـاو پارکەکـە دانیشتبوو. سەری نابوە ناو هەر دوو دەستی. جـەیران دڵـی بـەحاڵی سووتا، کۆکەیەکی سووکی کرد و خۆی ئاشکرا کرد. چاوە جوانەکانی جـەیران هـەڵگری خـەمێکی گـەورە بـوون کـە پێکـەنینی دەسـتکرد حەشـاریان دەدا. ئـەو لەجێگاکـەی هەسـتا و فـەرمووی دانیشـتنی لەجـەیران کـرد، بـەڵام جـەیران پیاسـەی هەڵبـژارد و هـەردووکیان لەسەرخۆ ڕێگـەیان دەکـرد. سـەرەنجام جـەواد بێـدەنگی شـکاند و گوتی:

Scanned by CamScanner

جەیران خان، حاڵتان باشە، جەیران روخساری لەشەرماندا سوور هەڵگەڕابوو. دڵی بەتوندی لێی دەدا. بەئەستەم وەڵامی دایەوە:

بەڵێ کاک جەواد، سوپاست دەکەم. بەڵام وا هەستناکەم تۆ لەبەر ئەحواڵپرسینی من هاتبیتە ئێرە. جەواد پاش کەمێك بێدەنگی گوتی:

بەڵێ، تۆ راست دەکەیت، قسەیەکم بیستوە دەمەوێ بزانم چییە؟ رووبەڕووی جەیران وەستا تاکو وەڵامەکەی ببیستێ. جەیران کە لەنیگا پرسیارئامێزەکانی ئەو ئازاری دەچەشت، بەمنجە منج گوتی:

داوای لێبوردن دەکەم. من حاڵم باش نیە و بەردەوامی بەرۆیشتن دا. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە فرمێسك بەری چاوی گرتبوو، جەواد بەئارامی دەستی جەیرانی گرت و گوتی:

ئارام بە، مانای ئەو هەموو قسە بریقوباقانە بەوە کۆتایی هات. مانای هەمووی سەراب بوو. جەیران قسە بکە، وەکو رابردوو بدوێ. بڵێ کە منت خۆش دەوێ. چاوی لەسەر چاوەکانی جەیران ئەبڵەق بوو و گوتی: بڵێ کە بەوەفای بۆم. دەی قسە بکە. بڵێ کە ئەمانە هەمووی درۆیە، جەیران دەی شتێك بڵێ. چاوەکانی جەواد فرمێسکیان تێ زابوو، پشتی کردە جەیران بۆ ئەوەی ئەو فرمێسکەکانی نەبینێ، بەڵام ئەمە لەچاوی جەیران پەنهان بەبوو. گریانی پیاو بەلای ئافرەتەوە گەلێك ئازاراوییە. پیاو غروری رێگەی پێنادات بگریەت، بەڵام جەواد ئەو غرورەی وەلاوە نابوو و شانەکانی



Scanned by CamScanner

لەتوندی گریانەکەیدا دەلەرزی. جەیران ئیتر ئۆقەرەی لەبـەر بڕا و دەنگی نایە پاڵ دەنگی ئەو. دایکی جەیران لـەدوورەوە ئـەم دیمەنـە غەمگینـەی دەبـینی، دایکیشـی بـۆ ئـەم دوو دڵـە شـکاوە فرمێسکی دەڕشــت. ئــەو دوای هاتنــە دەرەوەی جــەیران و نیگەرانییەکـەی بەدوایـدا لـەماڵ هـاتبوە دەرو دووراودوور دوای کـەوتبوو و پاشان لەگەڵ ئەم دیمەنەدا رووبەڕوو ببوویەوە.

جەیران هێور بوویەوە و گوتی:

جەواد من ناچارم، باوکم تەندروستی باش نییـە، دەنـا بـۆ خـۆت دەزانی من تـۆم بەهـەموو دنیـا ناگۆڕمـەوە. ئـەویش تـەنها لەبـەر باوکم، جەواد ئەوە بزانە من هـەر لەئێسـتاوە مـردووم. چـیتر ژیـان بەلامەوە گرنگ نییە. نیگایەکی پڕ لەتاسەی لەو کردو گـوتی: داوات لێدەکەم بمبوریت. من بێوەفاییم نەکردوە. تا کۆتـایی تەمـەنم، تـۆ پاسەوانی دڵی منی و بەدڵێکی پڕ لەخـەم و پـەژارەوە گـوتی: جـەواد ژیانم لەگەڵ تۆدا ناسی، من چـۆن بـەبێ تـۆ بـژیم. کـەس هەسـت بەئازاری من ناکات، هەر هیچ نەبێ تـۆ هەسـتم پێبکـە. جـەواد کـە دەیبــینی ناتوانێــت لەگــەڵ رۆژگــاردا ململانــێ بکــات، خــۆی بەدەستەوەداو بەبێ دەسەڵاتییەوە، گوتی:

ئازیزەکەم چۆن چۆنی دەتوانم لەبیرت بکەم. مەگەر تـۆ بەشـێک نـەبووی لـەبوونی مـن؟ مـن بـۆ ئایـنـدە بەرنامەرێـژیم کردبـوو، بەقوربانی خودا بم، بۆچی ئێمە دەبێت لێک دابڕێین. جـەیران گیـان



Scanned by CamScanner

منیش بێ تۆ دەمــرم، دەمزانــی کــە ئــارەزووی ژیــانم لەگــەڵ تــۆدا دەبەمە گۆڕەوە، دەمزانی خــەمی دووری تــۆ شــێت و ســەرگەردانم دەکا. بەڵام نەمویست قەبوڵی بکەم. هیچ کاتێک لەبیرت ناکەم. تــۆ وانەی عەشق و خۆشەویستیت فێر کردم. من هەرگیز کیــژێکی وەک تۆ سەلارو سەنگین و جــوان و میهرەبــان نابینمــەوە. ئــاهێکی قــووڵی هەڵکێشا، ئاهێک کە لەناخی دڵیەوە سەرچاوەی گرتبوو، جەیران دڵــی دایەوەو گوتی:

جەواد نیگەران مەبە، خوا گەورەیە. کەسێک هــەواڵی ئاینــدەی لا نییــە. ئــەوە مــن خۆشــحاڵ دەکــات، چــونکە نــازانم لەئاینــدەدا چ پێشهاتێک دێتە پێش، تۆش ئومێدت بەخودا بێــت. روخســاری وەک مانگی جەیران هەوری خــەم دایپۆشــیبوو و لەگــەڵ زەردەخەنەیــەکی دەستکردا گوتی:

کچانی باش زۆر هەن، دەتوانی لەگەڵ یەکێک لەوانەدا زەماوەنــد بکەیت. لەکاتی گوتنی ئــەم قســانەیدا گریــان بــینی گرتبــوو، بــەڵام چارەیەکی نەبوو، دەبــوو بــەجۆرێک بەژیانــەوە ئومێــدەواری بکــات. هەرچەند ئەو خۆیشی زیاتر لەجەواد پێویســتی بەدڵنــەوایی هــەبوو، جەواد ئەم قسانەی دەبیست بــەڵام وەک ئــەوەی کــە دنیــا لــەپێش چاویدا ژێرەو ژووربێت وابوو، ساتێکی تاڵ و خەماوی بوو، ئەو بــە چ شێوەیەک دەیتــوانی جــەیران لــەبیر بکــات؟ چــۆن دەیتــوانی؟ چــۆن



Scanned by CamScanner

دەیتوانی قەبوڵی بكات كە جـەیران لەگـەڵ یـەكێكی تـردا زەماوەنـد دەكات؟ بەلای ئەوەوە سەخت ترین سات لەدەستدانی جەیران بوو، بۆ هەموو شتێك جێگرەوەیەك هەیە. بەڵام چ شتێك دەتوانێ شوێنی عەشق بگرێتەوە. ئەویش عەشقێك بێت خـاوێن وەك ئـاو، بێگـەرد وەك ئاسمان. قسەی ئەم دوو دڵدارە دوایی نەدەهات، بـەڵام كـات درەنگ ببوو ئەوانیش دەبوو لێك جودا ببنەوە. جەواد بۆ دوایین جار سەیرێكی جـەیرانی كـرد، ئـەویش چـاوە جوانـەكانی خـۆی لەچاوە كاریگـــەرەكانی جـــەواد بـــڕی و پەردەیـــەك لەفرمێســـك چـــاوی هەردوكیانی داپۆشـی. جـەواد بـەدەنگێكی گـیراوەوە كـە دیـار بـوو ئەویش ناتوانێت بەئاسانی بەسەرخۆیدا زاڵ بێـت، بەجەیرانی گوت:

گیانەكەم مەگری، ئێمە خوایەكمان هەیە، خۆت پێت گوتم هیوات بەئایندە هەبێت. كەوایە ئێستا چی؟

جەیران دەستی بەڕوخساری خۆیەوە گرت و دایە پرمـەی گریـان، جەواد كە چیتر توانای بینینی ئەم دیمەنەی نەبوو، گوتی:

بێدەنگ بە جەیران، ڕێگـە مـەدە دوا سـاتی لێـك جیابونـەوەمان تێكەڵ بەگریان ببێت، پێبكەنە، مـن ئـارەزوو دەكـەم روخسـاری تـۆ هەمیشە بەپێكەنینەوە بهێنمەوە یادم. تكات لێدەكەم جەیران قسـەی عاشقێكی دڵشكاو بەزەویدا مەدە. جـەیران لەسـەر داواكـەی جـەواد



Scanned by CamScanner

ئارام بویەوەو زەردەخەنەیەکی بێڕەنگی بۆ کـرد. جـەیران بەهـەزار خەم و دەردەوە ڕۆشت و جەوادیش بەچـاوانێکی پـڕ لەفرمێسـکەوە سەیری ڕۆشتنی ئەوی دەکرد و هیوای بەختـەوەری بـۆ دەخواسـت، جەیران لەکاتی ڕۆشتنیدا نامەیەکی دابـوو بەجـەواد، تـاکوو لـەدوای ڕۆشتنی ئەو بیکاتەوە. جەواد بە بـێ ئۆقرەییـەکی زۆرەوە نامەکـەی کردەوە، دەقی نامەکە شیعرێک بوو بەم شێوەیە:

***ڕۆشتم و بمبەخشە مەڵی بێ وەفا بوو***
***چارێك جگە لەڕۆیشتن بۆ من نەمابوو***

جەواد بەخوێندنەوەی ئەم شیعرە وەك شێتی لێهـاتبوو، بێـدەنگی شـەوی بەناڵـەو گریـان شـکاندبوو. نامەکـەی بەفرمێسـکی چـاوی خوساندبوو، نامەکەی بۆن دەکرد و ماچی دەکرد و دەیخسـتە سـەر چاوەکانی.

چەند هەفتەیەك دواتر ماڵی سپهر بۆ تـەواوکردنی کارەکـەیان و دیـاریکردنی ڕۆژی زەماوەنـد هـاتن بـۆ مـاڵی جـەیران. جـەیران خـەمباربوو، بـەڵام چـیتر خـۆی نـەبوو، خـۆی دابـوە دەسـت پەروەردگاری. هەموو گفتوگۆکان بەبێ ئامادەبوونی ئەو ئەنجامدران و سـەرەنجام ڕۆژی زەماوەنـد دەستنیشـان کـرا. بـەزۆر جـەیرانیان بەرەو بازاڕ برد. شتگەلێکی گرانبـەهایان دەکـڕی، بـەڵام هیچـکامیان



Scanned by CamScanner

بەلای جەیرانەوە نرخی نەبوو. جەواهیراتی گرانبەها، پۆشاکی جوان، بەڵام جـەیران لەدنیایـەکی تـردا بـوو، دنیایـەک دوور لەڕواڵـەت و ریاکاری.

تاکوو رۆژی زەماوەند جەیران وشەیەکی لەگەڵ سپهردا ئاڵوگۆڕ نەکرد، دوور دەکەوتـەوە لێـی و ئـەم رەفتارانـەش سـپهریان ئـازار دەدا. رۆژی زەماوەند هات. جـەیرانیان بـردە ئارایشـگایەکی تـازەو پێشکەوتوو، تاکوو دەیانتوانی پارەیان بۆ سەرف دەکرد. بـۆ ئـەوەی کەمێک جەیران خۆشحاڵ بێت و لەلایـەکی تریشـەوە هاوسـەرەکەی پزیشک بوو، دەبوو زەماوەندێکی شایستە و بەشکۆی بۆ بەرپا بکەن. ئەو لەجلی بوکێنیدا هـەر وەک نگینێـک لەپەنجـەدا خـۆی دەنوانـد. بەڵام غەمێکی گەورە لەروخساریدا دەبینراو جوانییەکەی دوو بەرابەر کردبوو. قسەی لەگەڵ هـیچ کەسـێکدا نـەدەکرد، تەنانـەت لەگـەڵ سپهریشدا. زاوا، بووکی لەجلی بووکێنیدا زۆر بـەجوان و کـەم وێنـە دەبینی و لەدڵی خۆیدا شـانازی بەخۆیـەوە دەکـرد کـە هاوسـەرێکی هێندە جوانی هەیە: حەزی دەکرد جەیرانیش شـاد بـێ و بەشـداری لەشادی ئەمدا بکـات. بێگومـان ئـەو وای هەسـتدەکرد کـە هـەموو کیژێک لەشەوی بووکێنیدا ئاسودە نیین. ئەمـەش شـتێکی ئاسـاییە. هەر لەبەر ئەوە دڵی جەیرانی دەدایەوە و دەیگوت:

جەیران گیان، خۆشەوستەکەم، بۆچی نیگەرانی؟ کەمێک لەگەڵمدا بـدوێ، خۆشـحاڵ بـە، ئەمشـەو شـەوی زەماوەنـدی مـن و تۆیـە.



Scanned by CamScanner

روگرژیــت بڕەوێنــەوە، تکــات لێدەکــەم جــەیران، مــن لــەپێش هاوەڵەکانمدا شەرم دەکەم. ئامـاژەی بەگۆشـەیەک کـرد کـە ژن و مێردێک وەستابوون و گوتی:

ئەو دوانە دەبینی؟ هەفتەیەک پـێش ئێسـتا بەشـداری ئاهـەنگی زەماوەندەکەیان بووم. بەڵام بووکێ بەمجۆرەی تۆ نیگـەران نـەبوو. جەیران جگە لەبێدەنگی قسەیەکی نەبوو. هەر ئەو بێدەنگییە بوو کە سـپهری بەتــەواوی تــوڕە کردبــوو. کاتێــک میوانــەکان ڕۆیشــتن و زەماوەند کۆتایی هــات، سـپهر هاتــە لای جەیرانــەوە، گریــان بــینی جەیرانی گرتبوو، بەیادکردنەوەی یادەوەرییەکانی رابردوو، جـەیران گریـانی دەهــات. سـپهر وای بـیر دەکـردەوە کـە دوورکەوتنــەوەی لەدایک و باوکی کاری لەجەیران کردوە، بەو هۆیــەوە دەسـتی کـرد بەدڵدانەوەی جەیران و گوتی:

باشە جەیران خان، زەماوەند تەواو بوو و تا ئێستا تۆ قسـەیەکت لەگەڵ مندا نەکردوە، بۆچی؟ دڵت بۆ مامە و مامۆژنم تـەنگ بـووە؟ شتێک بڵێ. لای خۆی منیش مـرۆڤم. حـەز دەکـەم قسـەم لەگەڵـدا بکەیت، بۆچی شتێک ناڵێت؟ جەیران جارێکی تر لێی دوور کەوتــەوەو گوتی:

گوێ بگرە سپهر، من تاقەتی ئەمجۆرە قسانەم نییە و سـەرم ژان دەکات. کەوایــە داوات لێدەکـەم وازم لــێ بێنــە و هێنــدە پرسـیارم ئاراستە مەکە، بەئارەزوی خۆت گەیشتوویت، ئـیتر چـیت دەوێـت؟



Scanned by CamScanner

گریانەکەی قووت دایەوە و بەبێ سەرنجدان لەسپهر چووە ژووری نوستنەوە. سپهریش قسەکردنی لەگەڵیدا بەبێ ئاکام دەزانی، لەگەڵ ئەوەشدا کە دڵی ئەوەی نەدەویست، بەڵام جەیرانی بەحاڵی خۆیەوە هێشتەوە.

رۆژەکان هەر بەمجۆرە تێدەپەڕین و ئەم دوانە وەک غەریبەیەک رەفتاریان لەگەڵ یەکتردا دەکرد. پەیوەندییان رۆژ بەرۆژ خراپتر دەبوو. خێزانی هەر دوولا نیگەرانی حاڵی ئەمان بوون و هەوڵیان دەدا بەهەر جۆرێک بێت ژیانیان رێکبخەن، بەڵام ئەوان سەرقاڵی کاری خۆیان بوون، سپهر بەکاری پزیشکی و جەیرانیش ماڵداری. بەڵام نەک لەڕووی پەیوەندییەوە، بەڵکو بەناچاری، چونکە تاقەتی هیچ کارێکی نەبوو، سپهر بەهۆی ئەوەی کە هیچ کەسێک لەماڵەوە چاوەڕوانی نەدەکرد، زۆر غەمبار بوو، شەوان درەنگانێک دەهاتەوە ماڵ. جەیرانیش چیتر کچە روخۆشەکەی جاران نەبوو. نە خەندەیەک، نەدڵخۆشییەک. خۆی لەماڵدا زیندانی کردبوو و تاقەتی هیچ کەسێکیشی نەبوو.

رۆژێک دایکی چوو بۆ ماڵیان و کچەکەی بەغەمباری و شێواو بینی. بەم دیمەنە گەلێک تێکچوو. ئەو کچێکی تورەی لێدەرچووبوو. بەبچوکترین قسە بێزار دەبوو. دایکی بەمیهرەبانییەوە گوتی:

جەیران گیان بۆچی هێندە خۆت و هاوسەرەکەت ئازار دەدەی؟ خوا ئەمەی پێ خۆش نییە. ئەو بۆ ئاسودەیی و خۆشبەختی تۆ

تێدەکۆشیٚ، چ شتێکت لەخـەڵکی کـەمترە؟ ئوتۆمبێلـت نییـە؟ ماڵـت نییە؟ پێم بڵێ، لەهەموو کچە خزمەکانمان لەبان تری، کەواتـە بۆچـی ژیانی خۆت و ئەوانی تـر تـاڵ دەکـەیت؟ کچـی خـۆم قسـەکانی تـۆ خزمانی تێکداوە، ئیتر ئابڕومـان نـەماوە. بـاوکی چارەڕەشـت چـیتر ناتوانیٚ سەری لەئاستی خزمانـدا بـەرز بکاتـەوە. تـۆ کچـێکی ژیـر و هوشیار بووی، بۆ وات بەسەر هات؟ کاتێک قسـەی دایکـی گەیشـتە ئێرە، جەیران توڕە بوو و گوتی:

دایە گیان، تکات لێدەکەم هیچی تر مەڵێ، هەموو ئەمانـە خـەتای تۆ و باوکم بوو. من لەبەر ئێوە ملم بۆ ئەم زەماوەندە راکێشا، دەنـا من هیچ خۆشەویستیەکم بۆ ئەو نەبووە. بەڵی دایە، ئـەو رۆژەی کـە باوکم لەباتی من بڕیاریدا، دەبـوو ئـەم رۆژەی لـەپێش چـاو بوایـە. ئێستاش دەتانەویٚ من لەم قەفەسەدا رازی بم؟ گریان بینی گرتبـوو، جەیران دڵێکی پڕ حەسرەتی هەبوو، کاتێک دوو هاوسەری دەبینی کە قۆڵیان بەقۆڵی یەکدا کردوە، بەنیگای پڕ لەتاسـەوە سـەرنجی دەدان و بەدوایاندا دەیڕوانی. ئارەزووی دەکرد کاتێک هاوسەرەکەی بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە، پێشوازی لیٚ بکـات و نـازی بکێشـیٚ. جارجـارێکیش خۆی توڕە بکات، بەڵام وەک بڵێی جەیران کڵـۆم درابـیٚ، تـیری هـیچ خۆشەویسـتیەک دڵـی نـەدەپێکا. لـەو کاتـەدا دایکـی هەسـتی بەهەڵەیەکی گەورە کرد. هەڵەیەک کە هاوسەرەکەی هۆکاری بوو و بەنرخی ژیانی دوو گەنج دوایی دەهـات، بـەڵام بـاش دەیزانـی کـە



Scanned by CamScanner

کاری خۆکردووە، تـەگبیری نییـە. جـەیران سـەیرێکی دایکـی کـرد و گوتی:

دایە، تەنها داوای من ئەوەیە کە تۆ و باوکم چیتر دەست لـەژیانی مـن وەرنـەدەن و لەمـە کـە هەیـە خـەراپتری نەکـەن. لەجێگاکـەی هەستا و چووە لای پەنجەرەکەوە. پەردەکەی لاداو بەهێواشی گوتی: ئەگەر کەسێک هەستی بەمن بکردایە، ئەم ڕەوشە نەدەهاتە پێش.

دایکی قسەیەکی بۆ گوتن پێنەبوو. هەر لەو کاتەدا بوو کە دەنگـی کردنەوەو داخستنی دەرگاکە هات. سپهر بوو کە لەکار گەڕابویـەوە. بەهاتنـەوەی سـپهر جـەیران بـەرەو چێشـتخانەکە چـوو، کاتێـک گەڕایەوە، بەساردییەکەوە سڵاو و پێشـوازی لەهاوسـەرەکەی کـرد. دایکی لەڕەفتاری ئەو شەرمەزار ببوو. پاش ڕۆیشتنی جەیران، لەگەڵ سپهردا دەستی بەقسان کرد و بەبێزارییەوە کە لەروخساریدا ئاشکرا بوو، گوتی:

کوڕی خۆم، بەڕاستی من داوای لێبوردن دەکەم. لەهەڵسـوکەوتی کچەکەم شەرمەزارم. ئیتر نازانم بیر لەچ ڕێگە چارەیەک بکەمـەوە. خۆت بیرێک بکەرەوە بەڵکو ڕەفتاری بگۆڕێت. سپهر کە ماندوویەتی کـار شـانەکانی داچـەکاندبوو، هاوسەرەکەیشـی چـەند بەرامبـەری دەکردەوە، بەخەیاڵ ئاڵۆزییەوە گوتی: ئـاخر ئـامۆژن گیـان سـوودی نییە. ئەو کچەی کە لەماڵی ئێوەدا بینیبووم، لەگـەڵ ئـەم جەیرانـەدا بەقەد زەوی و ئاسمان جیـاوازی هەیـە. وا هەسـتدەکات مـن ئـەوم



Scanned by CamScanner

بـەزۆر بـردوە. خـۆ مـن هـیچ کـارێکم لـەو نـاوێ. تـەنها کـەمێک خۆشەویستی. بەبۆچوونی ئێـوە داواکارییـەکی زۆرە؟ کـە کیژەکـەی ئێوە پێمان رەوا نابینێ، ئێـوە خۆتـان دادوەری بکـەن و بـزانن هـەر بەڕاسـتی تـاوانی منـە. دایکـی مـافی بەسـپهر دەدا و دەیزانـی کـە تاوانباری سەرەکیی کێیە! بەڵام جـەیرانیش بێتـاوان بـوو. ئـەو هـەر لەسەرەتاوە بەم هاوسەرگیرییە ناڕازی بوو. چەند لێدانی لەسەر ئەم مەسـەلەیە خواردبـوو، تاوانبـاری سـەرەکیی بـاوکی بـوو کـە هـەم کچەکەی خۆی بەدبەخت کردبوو و هەم برازاکەیشی.

جەواد لەدوای جەیران ئـیتر دڵـی بـەهیچ کچـێک نـەداو هەمیشـە بـەیادی ئـەوەوە دەژیـا. بەبیرکردنـەوە لەیادوەرییـە شـیرینەکانی رابـردوو، ژیـانی دەگوزەرانـد. بـەیادی رۆژانـی دێـرین سـەری لەکتێبخانە دەدا. کتێبخانەیەک کە شوێنی بەیەکگەیشتنی ئەوان بوو. ئـەو شـەقامانەی کـە لەگـەڵ جەیرانـدا گـوزەری پێـدا کردبـوو، بەتەنهایی دەیبڕی و بۆ تەنهاییەکەی خـۆی فرمێسـکی هەڵدەڕشـت. نامەکەی جەیرانی هەزاران جار خوێندبوویـەوە. کتـێبی "شـەهریار" کە جەیران زۆر ئارەزووی لێی بوو، چەندین جار دەستی پێـدا دێنـا و وای هەستدەکرد بەدەست لێدانی ئەوکتێبە لەدڵدارەکەیەوە نزیـک بۆتـەوە. بـەدڵی غـەمبارەوە لەگـەڵ خۆیـدا رازو نیـازی دەکـرد و دەیگوت:



Scanned by CamScanner

ئەگەر دەمزانی، ئەم دنیا بەم ئەندازەیە بێ وەفایە هەرگیز چاوم بۆ ژیان هەڵنەدەهێنا. ئەگەر دەمزانی عاشق بـوون، دابـڕان و دڵـە خورپـەی هەیـە، هـەرگیز عاشـق نـەدەبووم، ئەگـەر دەمزانـی بەخۆشەویست ترین و ئـازیزترین کەسێک ناگـەم لـەم جیهانـەدا ، گوێم بۆ چیرۆکی عەشق نەدەگرت، ئای... ئەی خودای من، ئـەوە چ کارەساتێک بوو کە بەسەر منت هێنا؟ ئـەم دنیـا چـەندە بێوەفایـە، ئەی دڵ! دەردی بێ وەفایی و دابڕانت چێشت، ئیتر چی دەڵێی؟ چـاو هەڵهێنان بەم دنیایە کاری تۆ نەبوو، دەزانم. ئەوە لەتوانای تۆ بەدەر بوو. بەڵام چی لەدڵ دەکەیت؟ غەمی عەشـقی سـووتێنەرت بـۆ کـێ باس دەکەیت؟ ئایا دەتەوێت ببیتە مـەجنوونی دووهـەم و لـەدووری لەیلا، بەرەو بیابان مل بنێی؟ بەڵام ئەی دڵ، تۆ زۆر بزێوی، چۆنچۆنی ئـەم عەشـقەت لەخۆتـدا جـێ کـردەوە؟ تۆیـەک کـە مۆڵـەتی هـیچ کەسێکت نەدەدا بێتە ژوورەوە. بەڵام بـێ ویـژدان کـەمێک بیریـش لەمن بکەرەوە، نامبینی چیم بەسەر هاتوە؟ ڕۆژ بەڕۆژ زەردتـر و بـێ تین تر دەبم، هەر چەند عەشق شیرین و بەچێژە، بـەڵام تـۆ بـی و خودا کۆتایی پێ بهێنە و هێندە ئازارم مەدە. منت لەئاگری عەشـقدا سووتاند، سووتان لەئاگری دۆزەخدا هەزاران جار باشترە لەسـووتان بەتینی عەشق. چونکە سووتان لەئاگری دۆزەخدا هۆی تاوانـە، بـەڵام عاشـق بـوون چ تاوانێکـە، جگـە لـەوەی کـە دڵـێکم هەیـە لێوانلێـوە لەعەشق و ئەوین؟ بەڵام بریا ئەم دڵەم نەبوایە. چـی دەبـوو ئەگـەر

دڵـی منـیش، وەك زۆربـەی دڵـەكانی تـر وەك بـەرد رەق بوایـە. ئەوكات تیری هیچ عەشقێك نەیدەپێكا، بەڵام چی بكەم كە خواوەنـد ئەم دڵەی بۆ سووتان و عەشق دروست كردوە و بەس.

ئەمانە قسەگەلێك بوون كە جەواد لەتەنهاییەكانی خۆیدا دەیگوتن و بەسـۆزی دڵ بـیری لـەڕۆژگارێك دەكـردەوە كـە بەپێچـەوانەی ئارەزووی ئەم دەسـوڕا، ڕۆژگارێـك كـە بەبۆچـوونی خـۆی، پـاییزی نەبڕاوەی ژیانی بوو.

Scanned by CamScanner

# "رزگاری"

لـەدادگا هـەر یەکـەو بـەرەو مـاڵی خۆیـان گەڕانـەوە و بـەهیچ شێوەیەک دایک و باوکیان دەستیان لەم کارە وەرنەدا.

هەروەک شاعیر دەڵێت:

**ئێمە هـــــــــاتین کە پێکتان بێنینەوە**
**نـــــــەهاتین تا لەیەکتان دوور خەینەوە**

جـەیران گەڕایـەوە مـاڵی بـاوکی، بـۆ ماڵێـک کـە منـداڵی تێـدا تێپەڕانـدبوو. جێگایـەک کـە بـەزۆر رۆژێـک لێـی دوور کـەوتبۆوە. ژوورەکەی هەروەک پێشان دەستی لێنەدرابوو، کاتێک لەسەر تەختـە خەوەکەی راکشا، دەستەکانی نایـە ژوور سـەری و چـووە خەیاڵـەوە. خەیاڵی رابردوو ئازاریان دەدا. بەڵام لەوەی کە چیتر لـەژیانی بـەزۆر بەسەردا سەپێنراو رزگاری ببوو، هەناسەیەکی ئاسوودەی هەڵکێشا و پێڵوەکانی لێکنا تا کەمێک پشوو بدات.

جەیران.. جەیران.. دەنگی بـوو کـە لـەخوارەوە بـانگی لێـدەکرد، بەبێزاری لەخەو راپەڕی.. کاتێک لەپەنجەرەکـەوە سـەیری دەرەوەی کرد، دنیا تاریک ببوو. نەیزانی رۆژ لەچ ئان و ساتێکدایە، هەر لەبەر



Scanned by CamScanner

ئــەوە کاتژمێرەکــەی لەســەر مێزەکــە هــەڵگرت و ســەیری کــرد. بەسەرسوڕمانەوە لەبەرخۆیەوە ورتەیەکی کرد و گوتی:

کاتژمێر حەوتی شەوە! مانای من هەشت کاتژمێرە نوستوم. ئینجا ســەیری ئاوێنەکــەی کــرد، چــاوەکانی ئاوســابوون و روخســاری پــیر دەینواند، ئێستا دەبوو چاوەڕوانی لۆمەی خەڵکی بێت و لەبــەر تــیری زمانیان ئارام بگرێت. جلێکی سادەی پۆشی و چــوە خــوارەوە، بــاوکی چیتر وەک پێشان خۆشی نەدەویست، بــەڵام دایکــی لــەجاران زیــاتر لەگەڵیدا میهرەبان بوو، چونکە باش دەیزانی کە هۆکاری بەدبــەختی جەیران خۆیان بوون. لەگەڵ مــاڵی مامیشــیدا پەیوەنــدیان پچــڕابوو، هەر لەبەر ئەوە باوکی، جەیرانی بەهۆکاری ئــەم هــەموو بەدبەختیــە دەزانیو قسەی لەگەڵ نەدەکرد، بەڵام ئــەم چــیتر گــوێی بــەمجۆرە بابەتانە نەدەدا، رزگاربوون لەژیانی رابردوو بۆ ئەو بەس بوو.

ژیانی جەیران رەوتی ئاسایی خۆی گرتبۆوە، ئیتر خەم و پــەژارەی وەلاوە نابوو. پێشهاتەکانی رابردوو، پەرێشانیان کردبوو، چونکە لــەو ماوەیەدا خۆی و هاوســەری رابردوویشــی گــەلێک ئازاریــان بینیبــوو، بەڵام دەبوو لەبیری خۆی بباتەوە.

رۆژێک چوو بۆ ماڵی پووری و لەگــەڵ نەســریندا لــەبارەی ژیــانی پێشووی خۆیەوە قسەی دەکرد. لەوەی کە هاوڕێی سەردەمی منداڵی خۆی دووبارە دەبینیەوە، خۆشحاڵ بوو، بەڵام نەسرین لەوەی کە ئەو لەژیانیدا شکستی خواردبوو، داخی بۆ دەخوارد و هیــوای دەخواســت



Scanned by CamScanner

کە ئاییندەیەکی باشتر چاوەڕوانی بکات. بـەڵام جـەیران شـتێکی تـری دەگوت:

گـوێ بگـرە نەسـرین، مـن ئـیتر چـاوەڕوانی هـیچ خۆشـییەك لەئاییندەی خۆم ناکەم و هیچ خواستێکم نییە. هەر بەوەی کـە لەگـەڵ دایـك و باوکمـدام خۆشـحاڵم. ئـەو لـەناو قسـەکانی نەسـریندا تێگەیشت کە جەواد هێشتا زەماوەندی نەکردوە، بەڵام لەو بارەیەوە خۆشحاڵ نەبوو، چونکە ئێستا جەیران ژنێکـی تەڵاقـدراوە و بەکـەڵکی جەواد نەدەهات و لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

ئیتر جەواد بەتەواوی منی لەبیر کردوە، هیچ کوڕێك ئامادە نییـە زەماوەند لەگـەڵ بێوەژنێکـدا بکـات، بـەڵام لەگـەڵ هـەر کەسـێکدا زەماوەنـد بکـات، مـن هیـوادارم سـەرکەوتوو و بەختـەوەر بێـت و ئاهێکی لەناخی دڵەوە هەڵکێشا. نەسرین سەیرێکی کرد و گوتی:

چیتە؟ بیر لەچی دەکەیتەوە؟ پاشان پێکـەنینێکی فێڵبازانـەی کـردو گوتی:

ناشێ دووبارە فیلەکەت یادی هیندوستانی کردبێت؟ جـەیران کـە ئیتر لەو جۆرە قسانە ماندوو ببوو، بەخەمساردییەوە گوتی:

نە بابە، چیتر فیلێك لەئارادا نییـە. پاشـان لەجێگەکـەی هەسـتا و خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە کرد.

نەسرین بەبینینی ئەو زۆر خۆشحاڵ بوو، هەر بەو هۆیەوە گوتی:

Scanned by CamScanner

جەیران گیان بەردەوام سەردانمان بکە، نەکا جارێکی تر لەیادمان بکەیت؟ جەیران کە سەرقاڵی لەپێکردنی پێڵاوەکانی بوو، دەستەکانی بـۆ ماڵئـاوایی بـەرز کـردەوەو گـوتی: نـا، دڵنیابـە. پاشـان زەردەخەنەیەکی کردو گوتی: ئەگەر باوکم مۆڵەتم بدا.

ماڵئاوایی لەنەسرین کردو بەرەو مـاڵ کەوتـە ڕێ. هێشـتا چـەند هەنگاوێک دوور نەکەوتبۆوە، کە لەگەڵ دیمەنێکی چاوەڕواننەکراودا ڕووبەڕوو بویەوە، دڵی بەپەلە لێی دەدا. هەنگاوەکانی شل بوون. ئەو جەوادی بینی کە بـەئارامی بـەرەو ڕووی دەهـات، جـەیران بـەپرتاو گەڕایەوە بۆ ئەوەی جەواد نەیبینێ، بەڵام کار لەکار ترازابوو، جـەواد ئەوی بینیبوو.

بۆ ساتێک جەیران خـۆی ون کـرد، بـەڵام جـەواد زۆر دامـەزراو و کاریگەر لێی دەڕوانی و نیگاکـانی گـەلێک مانایـان دەبەخشـی. بـەڵام زەردەخەنەیەکی تاڵی نایە سەر لێوەکانی و بەبێ ئەوەی شـتێک بڵـێ لەوێ تێپەڕی. ئەو ساتە بەلای جەیرانەوە وەک خەون و خەیاڵ وابوو، ئەو ساتانەی هاتەوە یاد کـە لەگـەڵ بینـینی جـەوادداا، زمـانی لـەگۆ دەچوو و دڵی بەتوندی لێی دەدا. خێرا هاتەوە سـەر خـۆی و بـەخۆی گوت:

نا جەیران، چیتر ئەو ساتانە بەسەر چـوە، تـۆ ئـیتر وەک پێشـان نیت، ئێستا تۆ ژنێکی شکست خواردویت، ئەو ڕۆژانـە تێپـەڕین کـە جەواد هەناسەشی بـەهۆی تـۆوە دەدا. فرمێسـک بـەری چـاوەکانی



Scanned by CamScanner

گرت و گوتی: نابێت خۆم گیرۆدە بکەم، هەموو پیاوەکان وەک یەک وان. ئەوان واهەست دەکەن کە خۆشبەختی ئـافرەت بەسـەروەت و سامانەوەیە نەک شتێکی تر. عەشـق و خۆشەویسـتی بەشـتێکی پڕو پووچ دەزانن.

جەیران نەدەبوو دەربـارەی جـەواد وا بـیر بکاتـەوە، چـونکە ئـەو سەرەتا گوتبووی، مـن مـادە پەرسـت نـیم، بـەڵام چـونکە جـەیران لەژیانی خۆیدا پارەی بەپلەی یەکەم دەزانی، هۆکاری ئەوەش بـاوک و هاوسەری پێشووی بـوون. هـەر لەبـەر ئـەوە بەرامبـەر بەهـەموو پیاوان بەدبین بوو و بەیەک چاو سەیری دەکردن.

جەواد چوو بۆ مـاڵی ئامۆزاکـەی و بـەبینینی دڵدارەکـەی لەوێـدا، سەری سوڕما و بەنەسرینی گوت: لەڕاستیدا جەیران خانمم لەرێگادا بـینی، ماوەیـەک بـوو نـەدەهات بـۆ ئێـرە؟ چـی روویـداوە؟ زەردەخەنەیەکی گاڵتەئامێزی کرد و گوتی: جەنابی سپهر ئاغا مۆڵەتی داوە؟

نەسرین کە لە بێئاگایی جەواد هەواڵێکی نەبوو، گوتی: وانازانم تـۆ هەواڵت لێی هەبێ؟

جەواد کـەمێک چـووە خەیاڵـەوەو پاشـان شـانەکانی هەڵتەکانـدو گوتی: دەبێت ئاگام لەچی بێت؟

نەسرین کە یـاری بـەگوڵی قاڵییەکـە دەکـرد، ئـاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

بەداخــەوە، جــەیران لەژیانــدا شکســتی خــواردوە و تــەڵاقی لەهاوسەرەکەی وەرگرتوە. ئێستاش ماوەیەکە هاتۆتەوە ماڵی باوکی.

جەواد کەسەرقاڵی خواردنەوەی چا بوو، یەکسـەرە وەک بڵێـی بـینی گیرابێت، چاکەی بۆ قووت نەچوو. دەسـتی کـرد بـەکۆکین. جـەواد بـەوردی گــوێی بــۆ ئــەو قسـانە شــل کردبــوو و لــە هۆکــاری جیابوونەوەکــەیان بــە باشــی تێگەیشــتبوو، بــەڵام خــۆی لــەگێلی دا و پرسی:

بۆچی؟! هۆکارەکەی چی بوو؟ زەردەخەنەیەکی گاڵتەئامێزی کردو دووبارە گوتی:

خۆئەوان نێوانیان باش بـوو، کـاک سـپهریش کـارێکی گونجـاوی هەبوو، کەواتە ڕێی تێناچێت سەرئەنجامێکی لەو جۆرەیان هەبێت.

نەسرین گوتی:

کاک جەواد تۆ خۆت چاک دەزانیت کە پارە گرنگییـەکی ئـەوتۆی لەژیانی مرۆڤدا نییەو بەو ئەنـدازەش کاریگـەر نییـە کـە هەنـدێک هەن وای بۆدەچن. گرنگترین شت پێکـەوە گونجـان و خۆشەویسـتی نێوانیانە کە بەداخەوە هیچ یەکێک لەمانە لەژیانی جەیراندا نەبوون. بێگومـان سـپهر جـەیرانی خـۆش دەویسـت، بـەڵام جـەیران چـونکە لەپێشدا پەیوەندیی لەگەڵیدا نەبوو، خۆشی نەدەویست و نـەیتوانی لەگەڵیدا بژی، تۆ کە ماموستایت باش دەزانی کە دەبێ پایە و بناغە بەهێز بێت، تاکوو بتوانیت سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، بەڵام زۆر



Scanned by CamScanner

بەداخەوە بناغـەی ژیـانی ئـەوان گـەلێک سست بـوو و تـا کۆتـایی بەردەوام نەبوو. باش دەزانیت کە ئەوجۆرە ژیانـە سـەرەنجامەکەی بەکوێ دەگات، یان وەک کچە پوورەکەی من ڕێگای تەڵاق دەگرێتـە بەر، یان لەناخەوە دەسوتێ و هەر چۆن بێت خـۆی دەساچێنێ. یـان ئەگەر کەمێک باوەڕی لاواز بێـت، خۆکوژی بەڕێگاچـارە دەزانـێ، کـە بەداخەوە ئەوەش خراپترین ڕێگایە.

جەواد بەوردی گوێی بۆ ئەو قسانە گرتبوو، دڵـی بـەحاڵی جـەیران دەسووتا، بەبۆچـوونی ئـەو، خەسـار بـوو کـە جـەیران ئایندەیـەکی لەوجۆرەی هەبێت، ئاهێکی درێژی هەڵکێشاو گوتی:

بەداخەوە! ژیان چ یارییـەک دەکـات، لەکاتێکـدا کـە لەجێگاکـەی هەڵدەستا، گـوتی: باشـە مـن ئـیتر دەمـەوێت بـڕۆم، کـاتی وانـەم درەنگی کردوە. ئێستا منداڵەکان چاوەڕێی وانەکانیانن. لەوبارەیـەوە زۆر نیگەران بووم، دەمەوێت بەجەیران بڵێیت نائومێد نەبێت، خـوا گەورەیـە. نەسـرین تێگەیشـت کـە جـەواد بیرێکـی لەمێشـکدایەو لەوەش کە ئێستا هەستی بەو عەشق و پەیوەندییەی جـەواد دەکـرد بەرامبەر بەجەیران، زۆر دڵخۆش بوو.

جەواد لەڕێگادا لەبیری ئەو کیژە فریشتەئاسـایەدا بـوو کـە خـۆی بەخاتری دایک و باوکی چارەڕەش کـرد و ئێسـتاش دەبێـت گـوێی لەسەرکۆنەکردنی کەسانی تر بێت. جەواد پەیمانی بەخودای خۆی دا کە هەر کارێک لەدەستی بێت بۆ جەیران، درێغـی نـەکات. هەرچی

Scanned by CamScanner

بێت ئەوان ڕۆژانێک عاشق و دڵـداری یـەک بـوون. کەواتـە دەبـوو بیسەلمێنێت کـە بەڕاسـتی پابەنـدە بەعەشـقەکەی خۆیـەوە، هـەتا ئەگەر بەگیانی خۆیشی تەواو بووبێت. بەخۆی گوت:

ئیتر ڕێگا نادەم هیچ کەسێک ئازاری بدات، نابێت، هـەتا ئەگـەر ئەو خۆیشی نەیـەوێت. مـن لـەو سـەرگەردانییە ڕزگـاری دەکـەم و ژیانێکی خنجیلانە و عاشقانەی بۆ فەراهەم دەکەم، هەرچەندە ناتوانم وەک سپهر ئوتۆمبیل و مـاڵی بـۆ دەسـتەبەر بکـەم، بـەڵام شـتانێکی گـــرنگتر هـــەن، ئـــەوانیش عەشـــق و خۆشەویســـتیین. پاشـــان زەردەخەنەیەکی کردو بەمتمانەوە بەرەو قوتابخانە بەڕێکەوت.

بەڵێ، جەواد هەقی بوو، ئەو دەبوو جەیران ڕزگـار بکـات. کچـێک کە لەبەر خۆشەویستی دایک و باوکی چـەند سـاڵێکی لـەژیانی خـۆی بەهەدەر دا. تا بەخەڵکی بسەلمێنێت کە ژیانێک لەسەر مـادە بنیـات بنرێت، درەنگ یان زوو هەرەس دەهێنێت. بەتایبـەتی ئەگـەر لـەو ژیانەدا خۆشەویستی و عەشق جێگایەکیان نەبوو.

ڕۆژەکـان بـەم شـێوەیە تێدەپـەڕین. لـەو ماوەیـەدا جـەیران خوازبێنیکەری زۆری هەبوو، بـەڵام چـونکە لەزەماوەنـدی یەکەمیـدا باوک و دایکی دەستیان تێوەردابوو، ژیـانێکی سـەرکەوتووی نـەبوو، ئـیتر ئـەمجارەیان دەسـتیان تێوەرنـەدا.* چـونکە جـەیران خۆشـی نەدەویستن هەموویانی ڕەت دەکردەوە. لەوانەیە چـاوەڕوانی جـەواد

---

* نەڵبەت بەبۆچوونی نووسەر دەستێوەردانی نابەجێ، نەک دەستێوەردانی دروست و ژیرانە.



Scanned by CamScanner

ئەو وەک هەندێک لەکیژەکان ئارەزووی کوڕێکی دەوڵەمەندی بێت، بەڵکو دەیویست ژیانێک دەست پێبکات کە پەیوەندیی و نەبوو، عەشق و لۆژیک تێیدا بوونیان هەبێت و هەموو شتێک لەجێگەی خۆی پارێزراو بێت.

جەواد بێکار دانەنیشتبوو، هەوڵی دەدا دایک و باوکی ڕازی بکات، چونکە جەیران ئافرەتێکی بێوەژن و تەڵاق دراوبوو، کەم دایک و باوک بەوە ڕازین کە هاوسەرێکی وا بۆ کوڕەکانیان بخوازن، بەڵام ئەوان ملیان نەدەدا. جەوادیش دەیگوت:

یان جەیران یان هیچکەس.

ئەو کەسێکی ڕۆشنبیر بوو، هەست و تێگەیشتنێکی زۆری هەبوو. جەواد دەیزانی کە ڕەسەنایەتی هاوسەری ئایندەی گرنگە نەک ژن یان کچبوونی. ئەوەیشی باش دەزانی کە جەیران لەبەر ئەو، ئەو بەڵایەی بەسەر هات، چونکە ئەگەر عەشقێک لەدڵی جەیراندا نەبوایە، بێگومان دەیتوانی کە خۆشەویستی سپهر لەدڵی خۆیدا جێگیر بکات، دەنا ئەو لەو کچانە نەبوو کە لەژیانی هاوبەشی بێزار بێت.

ڕۆژێک جەیران سەرقاڵی خوێندنەوە بوو، زەنگی تەلەفۆن لێیدا. جگە لەو کەسێک لەماڵدا نەبوو. تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، دەنگێکی ئاشنای بەرگوێ کەوت. دەنگێک کە پێشان بەبیستنی هەستی بەدڵەکوتە دەکرد و وەک کورە ڕوخساری سور هەڵدەگەڕا. بەڵێ

ئەوە جەواد بوو. جارێکی تـر زەنگـی لێـدابوو کـە لەگـەڵ جەیرانـدا پەیوەندیی نویٚ بکاتەوە، بەڵام جەیران مۆڵەتی نـەداو تەلەفۆنەکـەی داخست و چووە ژوورەکەی خۆی. تاکوو لەو بارودۆخـە خـۆی رزگـار بکات، بەڵام جەواد دەستبەردار نـەبوو، بـەردەوام زەنگـی لێـدەدا و لەگەڵ هەر زەنگێکی تەلەفۆنەکەدا بیرگـەلێکی نـوێی دەخسـتە یـادی ئەوەوە. ئیتر نەیدەویست وەک رابردوو بیر بکاتەوە، بـەو هۆیـەوە چووە خوارەوەو تەلەفۆنەکەی هەڵگرت:

بەڵێ فەرموو.

جەواد: سڵاو جەیران خان، حاڵت باشە؟

جەیران: سڵاو بۆ تۆش کاک جەواد، سوپاست دەکەم.

جـەواد: بۆچـی لەگـەڵ بیسـتنی دەنگـی منـدا تەلەفۆنەکـەت داخستەوە، مانای تا ئەو ڕادەیە لەپێش چاوت کەوتووم جەیران خان؟

جەیران کە بەوردی گوێی بۆ شل کردبوو، لەبیستنی ئـەو قسـەیە توڕە بوو و گوتی:

کاک جەواد تکات لێدەکەم وازم لێبێنە، من چیتر کچەکەی پێشـان نیم. من ئێستا کەسێکی شکستخواردووم، دەزانی یانی چی؟ مـن وازم لەژیان هێناوەو لەقوڵپی گریانیدا، جەواد کـە لەبیسـتنی ئـەو قسـانە نیگەران ببوو، گوتی:

من چاوەڕوانی ئەم قسانەم لەتۆ نەدەکرد، نابێت نائومێـد بیـت، کەواتـە ئـەو هـەموو قسـەو هەواڵانـە چـی بـوون؟ درۆ بـوون؟ مـن

Scanned by CamScanner

ئێستاش خۆشم دەوێی، ئامادەم زەماوەندت لەگەڵ بکەم. تکات لێدەکەم ئەمجارەیان بەهانە مەگرە. جەواد دەیگوت و جەیرانیش گوێی گرتبوو. جەیران باش دەیزانی کە باوکی ئەمجارەش رازی نابێت. کەوایە بۆ دەبێت جەواد دەستخەڕۆ بکات، هەر لەبەر ئەوە گوتی:

تۆ ئاگات لەڕەوشی باوکی من نییە، باوکم پێشتر بەزەماوەندکردنی من لەگەڵ کەسێکی کەدا سەرپێچی کرد، دەزانم ئەمجارەش بەهانەیەک دێنێتەوە، هەر بۆیە تکات لێدەکەم خۆت بەئیهانەکردن مەدە. لەبارەی بنەماڵەی ئێوەوە دیسان پەسندی ناکات. زۆر باش ئەوە دەزانم. جەواد هاتە نێو قسەکانی جەیرانەوەو گوتی:

تۆ خۆت چی؟ ئایا بۆچونی تۆش هەر وایە؟ چیتر منت خۆش ناوێ، وەڵامم بدەرەوە تکات لێدەکەم. بەلای منەوە زۆر گرنگە، ئەگەر بزانم خۆشەویستی جارانت بۆم نییە، دڵنیابە کە نابمە هۆی بێزاریتان.

جەیران بێدەنگ بوو و هیچی نەگوت. بەبێدەنگی جەیران، هەموو شتێک بۆ جەواد ئاشکرا بوو. جەواد تێگەیشت کە هێشتا کەمێک عەشق لەدڵە بچکۆلانەکەی جەیراندا ماوە. سەرەنجام خەزانی ژیانی جەواد کۆتایی هاتبوو، بەهاری رازاوە چاوەڕوانی دەکرد، جەواد خەندەیەکی کردو گوتی: بێدەنگی نیشانەی رازیبوونە، کەوایە

Scanned by CamScanner

بوکەخان تۆ ڕازیت؟ من چـاوەڕوانی ئـەم سـاتە بـووم، جـەیران زۆر بەکورتی گوتی:

نـە، جـەواد ئاغـا، بێـدەنگی هەمیشـە نیشـانەی رازیبـوون نییـە. بەهەڵەدا نەچیت. جەواد دڵی تونـدببوو، مانـای قسـەکەی جـەیرانی نـەدەزانی. یـانی هـەموو ئارەزوەکـانی تێکشـکابوو، کاتێـک دەنگـی پێکەنینی جەیران لەتەلەفۆنەکەوە بەرز بویەوە، جەواد تـازە هەسـتی بەگاڵتە و گەپی جەیران کردبوو، هەربۆیە بەبێزارییەوە گوتی: گـوڵی خـۆت کـرد، ئەمـە قـەرزبێت بەلاتـەوە. بـاوەڕ بکـە ئەگـەر دایکـم لەمەتبەخەکەدا نەبوایە، سەری خۆم دەدا بەدیوارەکەدا. جەیران کە ئارام ببویەوە، گوتی:

نە جـەواد ئاغـا، سـەرت بـەدیوار دا مـەوە. چـونکە لـەداهاتودا کارمان پێی دەبێت. دوایی من رقـی خـۆم بەسـەر کێـدا هەڵبرێـژم. هەردوکیان قاقا دەستیان بەپێکەنین کرد. پێکەنینێک کە لەناخی دڵـی هەردووکیانەوە بەرز بوویەوەو کاری لەدڵیش دەکرد. پـاش ئـەوەی کە پێکەنین کۆتایی هات، جەواد بەئارامی گوتی:

باشە جەیران گاڵتە و گـەپ وەلاوە بنێ، گرنگ تۆی، تۆ رازی بیت کەسانی تر بەلای منەوە جێی بایـەخ نـین رازی بـن یـان نـە. پاشـان گوتی: بەڕای من مرۆڤ دەبێت بەردەوام ئومێـدی بـەخودا هـەبێت، چونکە هەر ئەوە کە کارەکان ڕێکدەخات و پاشـان بـەهێمنی گـوتی: سەرەنجام ئێمە پێکەوە زەماوەند دەکەین، چیتر رێگە نادەم کەسێک

Scanned by CamScanner

تۆم لێ زەوت بکات. ئاهێکی درێژی هەڵکێشا و گوتی: تۆ هەر لەسەرەتاوە هی من بووی، بەڵام هیچ کەس لەوە نەگەیشت.

جەیران بەلەسەرخۆیی بەجۆرێک کە تەنها خۆیان بیبیستن، گوتی:

ژیان لەگەڵ تۆدا تاکە ئارەزووی من بوو، بەڵام وادیارە خەریکە بەئارەزووەکەم دەگەم. لەگەڵ بیستنی زەنگی دەرگاکەدا جەیران ماڵئاوایی لەجەواد کرد.

زستان بوو، هەوا سارد، بەڵام تینێکی بێ وێنە لەدڵی جەیراندا بەرپا ببوو. شەوی پێشوو بەفرێکی زۆر باریبوو. کاتێک بەیانی لەخەو بێدارببوویەوە، لەپەنجەرەکەوە لەدەرەوەی ڕوانی، سپێتی زەوی لەچاوەکانی دەدا، بەبینینی ئەو دیمەنە خۆشحاڵ بوو، وەک منداڵ بەرەو حەوشەکە چوو، بەیادی دەورانی منداڵی تۆپەڵە بەفری دروست دەکردو بەرەو لای پەنجەرەی مەتبەخەکە دەیهاویشت، دایکی کە لەمەتبەخدا سەرقاڵی ئامادەکردنی نانی بەیانی بوو، هەستیکرد شتێک دای لەشوشەی پەنجەرەکە، کاتێک چوو بۆ لای پەنجەرەکە، لەپشتی پەنجەرەکەدا جەیرانی بینی کە سەرقاڵی یاریکردن بەبەفرەو ئاماژەی بۆ ئەویش کرد کە بچێتە حەوشەکەوە، لەپاش جیابوونەوەو تەڵاقدانیەوە ئەمە یەکەمین جار بوو کە جەیرانی بەخۆشحاڵی دەبینی، لەوەی کە دووبارە هەستێکی تازەی بۆ دروست ببوو، سوپاسی خودای کردو بەرەو حەوشەکە هەنگاوی نا.

لەسەر مێزی نانخواردن جەیران سەیرێکی دایکی کرد و گوتی:

Scanned by CamScanner

دایە؟

دایکی کە لەشێوەی قسەکەیدا هەستیکرد کە داواکارییەکی هەیە بەئارامی گوتی:

بەڵێ؟

جـەیران کـە خـەریک بـوو یـاری بەچـایی نـاو پیاڵەکـە دەکـرد، بەلەسەر خۆیی بەسەرهاتەکەی نێوان خۆی و جـەوادی بـۆ باسـکردو ئـەویش بـەبێ ئـەوەی کـە هـیچ بڵـێ بێـدەنگ بـوو. تـرس لەهاوسەرەکەی ئەوی ناچار بەبێـدەنگی کـرد، چـونکە دەیزانـی کـە نارازیبوونی باوکی بەم زەماوەندە چ کارەساتێک دەخـوڵقێنێ. بـەڵام ئارەزووی دەکرد کە کچەکەی بەخواستی خـۆی بگـات، بـەو حاڵـەوە زەردەخەنەیـەکی بـۆ جـەیران کـرد کـە جـەیران مانـای ئـەو زەردەخەنەیەی بەهیواداربوونی ئاینـدە لێکدایـەوە. بـاوکی جـەیران لەپاش تەڵاقـدانی کچـەکەی ئـیتر روخۆشـییەکەی جارانی نـەمابوو، لەگـــەڵ جەیرانـــدا وەک غەریبـــەکان هەڵســـوکەوتی دەکـــردو خۆشەویستی و میهرەبانییەکانی خۆی لێبڕیبوو، رۆژێک کـە لەشـوێنی کارەکەیەوە هاتەوە ماڵ، جـەیران چـای بـۆ بـرد، بـەبێ ئـەوەی کـە دەستخۆشی لێبکات، چاکەی لێوەرگرت، بەتیلەی چاو سەیرێکی کـرد کە مانای ئەوە بوو برۆ، بەڵام جەیران لەوجۆرە قسـانە سەرسـەخت تر بوو، هەربۆیە لەجێگای تەنیشتی ئەوەوە دانیشت، باوکی سەرقاڵی

خوێندنەوەی رۆژنامە بــوو، لەوێــدا هــیچ بایــەخی بــەبوونی جەیران نەدا. جەیران لەو حاڵەتە ماندوو ببوو، لەدڵی خۆیدا گوتی:

ئاخر تاکەی، پارێزگاریش سنووری خــۆی هەیــە، بەنیگەرانییــەوە گــوتی: بابــە گیــان، چــاکەتان ســارد بوویــەوە، بیخــۆرەوە، بــاوکی ئەمجارەشیان بەهای بۆ قسەکەی ئەو دانەنا و سەرقاڵی کــاری خــۆی بوو، جەیران دووبارە گوتی:

بابــە گیــان، بۆچــی قســەم لەگــەڵ ناکــەی؟ بۆچــی وەک جــاران لەگەڵمدا میهرەبان نیت؟ من کچی تۆم، کچــێک کــە ئەگــەر ســاتێک ئەوت نەدیبا، ئۆقرەت لێدەبڕا، ئێستا چی بوە؟ خۆشەویستی باوک و فەرزەندیمان چی لێهات؟ باوکی سەیری پیاڵە چــاکەی کــرد کــە ئــیتر ســارد ببویــەوەو بەکــەڵکی خواردنــەوە نــەدەهات، پــاش کــەمێک بێدەنگی، بەتورەییەوە گوتی:

مــن لەگــەڵ تــۆدا توانــای قســەکردنم نییــە. کەوایــە بــەم قســە پڕوپووچانە سەرم مەیەشێنە. جــەیران بەداماوییــەوە رووی لــەباوکی کردو گوتی:

بۆچــی بابــە، بۆچــی؟ مەگــەر مــن چ کــارێکم کــردوە؟ خــۆ پیــاوم نەکوشتوە، باوکی بەتوڕەییەوە نەڕاندی بەسەریدا و گوتی:

ئیتر دەتەوێت چی بکەیت، بریا پیاوت بکوشتبا، بریا بمردایەیت، تۆ ئابڕووی منت برد، تۆ منت لای براکەمدا سەرشۆڕ و شــەرمەزار

Scanned by CamScanner

کرد. بەدەستی خۆم مارم پەروەردە کـرد، حـەیف بـۆ ئـەو هـەموو زەحمەتەم حەیف.

جەیران توانای بیستنی ئـەو جـۆرە قسـانەی نـەبوو، گریـان بـینی گرتبوو، کۆنترۆڵی خۆی لەدەستدا و بەکوڵ دەستی بـەگریان کـرد و ڕووی کردە باوکی و گوتی:

بابە من مافی ژیانم هەیە، من مافم هەیە کە هاوسەری ژیانم بـۆ خۆم هەڵبـژێرم. بـەڵام ئێـوە ئـەو مافـەتان لـەمن زەوت کـردوە... ئێوە... ئێوە... منتان بەپارەو سامانی سـپهر فرۆشـت. هەسـتەکانی منتان لەناو برد. لەحاڵێکدا کە بـیری لـەرۆژانی رابـردوو دەکـردەوە بەگریانەوە گوتی:

تۆ دەزانی کە من لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا چ ئازارێکم چەشـتوە؟ نا بابە گیان ئاگات لێ نییە، نازانی کاتێک ژن و مێردێکم دەبـینی کـە بەڕاستی یەکتریان خۆشدەویسـت چ هەسـتێکم لا دروسـت دەبـوو، لەکاتێکدا کە مێردیشم هەبوو، شەوان بەتەنهایی چـەندین کاتـژمێر دەگریام. من تینووی عەشق بـووم، تینـووی کـەمێک خۆشەویسـتی، بەڵام بەداخەوە هـیچ کـەس قسـەی مـنی وەرنـەگرت، هـیچ کـەس هەستی پێنەکردم، هەتا تۆش بابە گیان.

باوکی کە زۆر توڕە ببوو، زللەیەکی توندی لەروخساری جەیران دا و گوتی:



Scanned by CamScanner

تۆ... تۆ بوویتە هۆی ئەوەی کە نێـوانی مـن و تاقـە براکـەم بـەم شێوەیەی لێبێـت. ئێسـتا چاوەڕوانی ئـەوەی کـە هەسـتت پێبکـەم؟ بەهەڵەدا چووی کچـی نـەفام. تـۆ شایسـتەی سپهر نـەبووی، دەنـا هاوسەری ژیانی دەبـووی، دەنـا لەگەڵیـدا دەژیـای. بـەدەنگی بـەرز گوتی:

لەپێش چاوم ونبە تا نەمکوشتوی.

ئەو تاراده‌یـەکی زۆر هەسـتی برینـدار ببـوو، لـەپاش خـواردنی زللەکە بەگریانەوە رۆیشتە حەوشەکەوە. ساتێکی تـاڵ بـوو، بـەخۆی دەگوت:

بـەم حاڵـەوە چـۆن دەتـوانم لەگـەڵ جـەواددا زەماوەنـد بکـەم. زەماوەندی لەگەڵ جەواددا تەنها لەئەندێشەدا دەبینی.

دایکـی لەمەتبەخەکـە گـوێی لەقسـەکانیان گرتبـوو، لـەوەی کـە پەیوەنـدیی گـەرموگوڕی ئـەو خێزانـە بـەمجۆرە سـارد ببوویـەوە، نیگەران بوو، بەڵام دەیتوانی چی بکات؟ ئـەم بـاوك و کچـە وڕکیـان لەیەك گرتبوو، دیار نەبوو کە ئەنجامی یارییەکە بەکوێ دەگات.

جەوادیش بێکار دانەنیشتبوو، هەرچەند کە باوك و دایکـی پێیـان لێکردبوە کەوشەوە کە ئەو بۆ ژیان ناشـێت، هەرچـەند کـە جـەواد دەیگوت و ئەوان کەمتریان دەبیست و هەرچـەندیش خـۆی لادەدا، بێئاکام بوو، تا ئەوە بوو بیرێك بەمێشـکیدا هـات، بەباشـی شـەن و کەوی کرد و تێگەیشت کە جگە لەوە چارەیەکی تـری نییـە. دواجـار

Scanned by CamScanner

دەبوو جەیرانیش لەم کێشەیەوە بئاڵێنی. رۆژێک کە باوک و دایکی جەیران بۆ کارێک چووبونە دەرەوە، ئەو تەلەفۆنی بۆ جەیران کرد. پاش سڵاو و ئەحواڵپرسی کێشەکەی بۆ روون کردەوە، دووکەڵ لەسەری جەیرانەوە بەرز بوویەوەو ئەم کارەی بەکارێکی نەشیاو و نەگونجاو وەسف کرد. بەڵام جەواد هیوای نایە بەرو گوتی:

ئەگەر کەمێک هەوڵبدەین ئەم کارە بەئەنجام دەگات. جەیران پەسەندی نەکردو بەهانەی هێنایەوە. ئەو لەڕاستیدا نەیدەتوانی ئەم کارە ئەنجام بدات، چونکە باوکی وەک بەربەستێک لەسەر رێگاکەی خۆی دەبینی و ئەم کارەش مەترسیدار. جەواد کە نائومێد بوو، بەنیگەرانییەوە گوتی:

گوێ بگرە جەیران، خێزانی ئێمە و ئێوە هەردوو لایان نارازین، رێگایەکی تر نییە، ئەگەر درەنگ پێی رابگەین، لەوانەیە ئەم هەلەشمان لەکیس بچێت و ئیتر هیوایەک نەمێنێت. باش بیر لەبۆچوونەکەم بکەرەوە. ئەگەر بەچاکی دەزانیت بەدایکیشت بڵێ. لەبیرت نەچێت بیر لەقسەکانم بکەرەوە. پاش ماڵئاوایی جەواد، قسەکانی وەک خۆرە بەربوە گیانی جەیران، لەدڵی خۆیدا تاوتوێی دەکرد، بەرنامەکەی جەواد ئەوە بوو لەگەڵ نارەزایەتی گەورەکاندا ئەمان نەیاندەتوانی پێکەوە زەماوەند بکەن، کەوایە دەبوا بیرێکی بنەڕەتی بکەنەوە تاکوو بتوانن بەیەک بگەن. بۆ دواجار رەزامەندی دایک و باوکیان بەدەست بهێنن. بەبۆچوونی ئەو هاوسەرگیری نهێنی



Scanned by CamScanner

باشترین ڕێگاچارە بوو، چونکە ئەوان هەردووکیان ژیر و پێگەیشتوو بوون و نەیاندەتوانی چاوپۆشی لەخواست و مافە راستەقینە و سروشتییەکانی خۆیان بکەن، زەماوەند فەرمانێکی سروشتی بوو کەواتە چ کەسێک بۆ جەواد لەجەیران باشترە، ئەو بڕیاری دابوو لەپاش مارەبڕین بچێت بۆ "تەبریز" شوێنی لەدایکبوونی خۆی و ماوەیەک لەماڵی "نێرگس"ی خوشکیدا بمێنێتەوەو بەردەوامی بەژیان بدات. تا ئاشەکە ئاوی دەکەوێت. باوک و دایکی هەست بەهەڵەکەی خۆیان دەکەن. ئەم بیرکردنەوەیە بۆ جەواد گەلێک شیرین بوو، چونکە بەو ئارەزووەی دەگات کە ساڵانێکە خەونی پێوە دەبینێت، بەڵام زۆریش نیگەران بوو، ئەگەر جەیران رازی نەبێت، ئەوسا چی؟ بەخۆی دەگوت:

خودایە یارمەتیم بدە، من تاوانێک ئەنجام نادەم، گەورەترین خواستی ئێمەیان نایە ژێر پێیانەوە، ئەگەر ئەمە بێ ڕێزییە، بەگەورەیی خۆت بمانبوورە.

جەیران بەباشی نەزانی کە ئەم باسە بۆ دایکی روون بکاتەوە، بێگومان ئەو ڕێگای کارێکی لەمجۆرەی پێنەدەدا. ئەو تەنها دەیتوانی ئەم نهێنییە بەنەسرین بڵێت، تەنها ئەو بوو کە دەیتوانی لەم کارەدا هاوکارییان بکات، جەیرانیش بڕیاری خۆی دابوو، ئەو لەدڵی خۆیدا وای بیر دەکردەوە کە نیگەرانییەکانی دایک و باوکی چەند رۆژێک

Scanned by CamScanner

زیاتر ناخایەنێت، بەڵام ژیان هەڵێکـە، ئـەو نەیـدەتوانی کامـەرانی و بەختەوەرییەکانی خۆی لەبەر خزمەکانی باوکی بنێتە ژێر پێ.

جەواد پیاوێکی دیندار بوو، جەیران دەیتوانی پشـتی پـێ ببەسـتێ و باوەڕی پێی هەبێت. بەوپێیە ڕێگەی خۆی هەڵبژارد، بۆ تـاوتوێکردنی ئەم بابەتە لەگەڵ نەسرین دا، بەرەو لای ئەو هەنگاوی نـا. لـەنێوانی ڕێگادا هێندە بـیرو هۆشـی سـەرقاڵبوو کـە نـەیزانی کـوێڕا گەشـتە ئەوێ. پاش ئەحواڵپرسی لەگـەڵ پـوری و مێـردی پوورەکـەی چـووە ژوورێکی تر و باسەکەی لەسیر تاپیاز بۆ نەسرین گێڕایەوە، ئـەویش لە سەرسوڕماندا چاوەکانی بچوک بوبوونەوە. بە حەپەساوی گوتی:

گـوێبگرە جـەیران، تـۆ کـارێکی هەڵـە ناکـەیت، بـەڵام بـیرت لەسەرەنجامی کارەکە کردۆتەوە، پاشان باوک‌ودایکت چی؟

جەیران بە خێرایی گوتی:

بەڵێ، بەڵێ بیرم کردەوە، بیرم لە هەموو شتێک کردەوە، ئـەوان بـەمکارە ڕازی نـین، تۆدەڵێیـت دەسـت لەسـەر دەسـت دانـێم و چاوەڕوانی هەر کارەساتێک بم کە لەخۆوە روبدات. نا نەسرین ئـیتر ماندووبووم، ئیتر زۆرم قسەو قسەلۆکی خەڵکی بەگوێداچوو، بابەس کەسێکی تر بڕیار لەباتی من بدات، باوەڕبکـە چیتر توانـام نـەماوە.

ئیتر نەسرین قسـەیەکی بۆگـوتن پێنـەبوو. ئـەو دەیزانـی کـە ئـەو دووانە بیریان لە سەرەنجامی کارەکە کردۆتـەوە، جـەیران لەژیانـدا ئـەزمووني هـەبوو، جـەوادیش مامۆسـتابوو. بەبۆچـوونی نەسـرین



Scanned by CamScanner

خواوەند ئەو دوانەی بۆیەکتر دروست کردبوو، کەوابوو بەڵگەیـەک نەبوو بۆ جیابوونەوەیان لەیەکتر.

جەیران کە گریان گەروی گرتبوو، ڕویکردە نەسرین و گوتی:

تەنها تکایەکم لێت هەیە، لەپاش ڕۆشتن، با پورم لەگەڵ دایکمـدا بدوێ و قەناعـەتی پێبکـات. حـەزم نـەدەکرد کێشـەکە بەوشـێوەیە بڕواتەپێش، بەڵام لەوانەیە قەدەوری من بەم جۆرە بوبێـت و خـودا ئەمەی لەچارەمان نوسـیبێت. فرمێسـک لەچـاوەکانی بەربوونـەوە و بەپشتی دەستی فرمێسکەکانی سڕی و گوتی:

دایکم لەپاش خودا بە تۆ دەسپێرم. نەهێڵی بەتەنهابێت.

ئەو ڕۆژانە جەیران ڕەوشـێکی سـەیری هـەبوو، لەماڵـدا پیاسـەی دەکردو چووبوە جیهانی ئەندێشەوە، سەبرو ئارامی نـەبوو. دەسـتی دەکردە ملی دایکیو ماچـی دەکـرد، سـەری دەخسـتە سەرشـانی و دەگریا. هەرچەند دایکی لەهۆیەکەی دەپرسی وەڵامێکی نەدەبیست، ئەو گەلێک نارەحەت بوو، هیچ کاتێک لە دایکی دوور نەکـەوتبووەوە، بەڵام دەبوو چ کارێکی کردبا، ناچاربوو بیر لەژیانی ئایندەی بکاتەوە، ئەو نەیدەزانی کەسـەرەنجامی بـەکوێ دەگـات، هـەر لەبـەر ئـەوە نیگەرانی و دڵتەنگییەکی تاقەت پڕوکێنـی هـەبوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا نەیدەویسـت جـەواد لەدەسـت بـدات، ئـەو جـەوادی زۆر خـۆش دەویست، هەرئـەوەبوو کـە لەمانـەوە پەشیمانی دەکـردەوە و بـۆ ڕۆشتن پەلی دەکێشا.

Scanned by CamScanner

تەلـــەفۆنی بۆجـــەواد کـــردوو پـــەیمانیان بەیـــەکتر دا، پـــەیمانی وەفاداری، پەیمانی پێکەوەبوون. جەیران بەجەوادی گوت:

من پاش خودا بەتۆ نیازمەندم، بـــۆ ماوەیـــەک دووری لـــەباوک و دایکم بەگیانم دەکڕم، تاکو لەئاینـــدەدا ژیـــانێکی خـــۆش و بەختـــەوەر لەگەڵ تۆدا دەست پێبکەم. جـــەواد کـــە لەخۆشـــیاندا جێگـــای بـــەخۆی نەدەگرت بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

باوەڕت پێم هەبێ، ئێمـــە ئـــیتر هـــیچ کاتێـــک بەتـــەنها نـــابین، بـــۆ هەمیشـــە هـــاوڕێ و خۆشەویســـتی یـــەک دەبـــین. نیگـــەرانی بـــاوک و دایکت مەبە، ئەوان ڕۆژێـــک لـــە قســـەکانی ئێمـــە تێدەگـــەن، وە بـــە ئـــامێزی کـــراوە وە پێشـــوازیمان لێدەکـــەن، خوداوەنـــد بـــۆ خۆیشـــی یارمـــەتیمان دەدات، ئـــەو قســـانە جـــەیرانیان لـــە ســـەر کارەکـــەی سورترکرد.

Scanned by CamScanner

# "خەونی ژیان"

بەیانی ڕۆژی دواتـر دەسـپێکی جیابوونـەوە لـە خێـزان و کۆتـایی تەنهایی ئەوان بوو، ئەو بە خێرایی خـۆی ئامـادەکرد و کـەل و پـەلی پێویستیشی لەگەڵ خۆی هەڵگرت، باوک و دایکی لەخـەوێکی خۆشـدا بـەجێ هێشـت و بەخـەم و مـەراقێکی زۆرەوە لێیـان جیابویـەوە و ڕێگایەکی سەختی گرتەبەر، کە بڕینی گەلێک دژوار و کۆتاییەکەیشی نادیـاربوو. جـەواد لەسـەری شـەقامەکەدا چـاوەڕێی بـوو، کاتێـک جەیرانی بینی لەشوێنی خۆی وشک بـوو، ئـەو دەیزانـی کـە جـەیران لەبەر ئەو خێزانـی خـۆی جێهێشـتووە و ئایندەیـەکی پڕلـە هـەورازو نشێوی گرتۆتەبەر. جەیران ورد ورد لە جەواد نزیـک بوویـەوە و لـە شەرماندا سەری داخست، جەواد بزەیەکی کردوو گوتی:

سـەرەتا پـێش هەمووشـتێک بـەخێرهاتنێکی گـەرمت لێدەکـەم، دووەم لەوەی کـە ئامادەبوویـت و منـت بەهاوبەشـی ژیـانی خـۆت قەبوڵکرد گەلێک سوپاست دەکەم.

Scanned by CamScanner

جـەیران بەقسـەکانی جـەواد پێکـەنین هاتـە سـەرلێوەکانی و بـۆ ساتێکی کورت غەمەکانی فەرامۆش کرد. کاتـژمێر ٧ی بـەیانی بـوو نوسینگەی مـارەبڕین هێشـتا دەسـتیان بـەکار نـەکردبوو، هەربۆیـە کەمێک خۆیان بەگفتوگۆوە خەریک کـرد تـاکو بـەخێرایی کاتیـان لێ بڕوات. هەرواش بوو، چونکە کاتێـک جـەواد سـەیری کاتژمێرەکـەی کـــرد، کاتـــژمێر ٨/٥ بـــوو. تەماشـــایەکی جـــەیرانی کـــرد، لەبیرکردنەوەدابوو، نیگەرانی و دڵتەنگی لەچاوەکانیدا بـە روونـی دە بینرا. لەوەی کـە جـەیرانی لەتەنیشـت خۆیـەوە هەسـت پێـدەکرد خۆشحاڵبوو، تەنها ترسی ئەوەی هەبوو کە دوبارە لەدەستی بداتەوە، هەر بەوهۆیەوە| گوتی:

ئەوە نزیکترین نوسـینگەی مارەبڕینـە، ئەگـەر ڕازیـت باپێکـەوە بـڕۆین، وەهـــەردوکیان بـــەرەو چارەنوســـی خۆیـــان کەوتنـــە ڕێ. لەخزمانیان کەسێک لەوێ نەبو کەبێتـە شـاهیدی مارەبڕینەکـەیان. حاجی مامۆستا بەسەر سورمانەوە چاوی تێبڕین و گوتی:

ئێوە کەسێکتان نیە کە بێتە شاهیدی مارەبڕینەکەتان؟

جـەیران و جـەواد سـەیرێکی یـەکترینیان کـردو لـە شـەرماندا سەریان داخست، حاجی مامۆستا گوتی:

گرفتێک نیە، شاهیدی ڕاستەقینە بەسـەرمانەوەیە، تـەنها پشـت بەو ببەستن. دڵۆپێـک فرمێسـک وەک مـرواری لەچـاوە چـاوانەکانی جەیران بەربونـەوە، جـەواد بـە نیگایـەکی روون و پڕمانـاوە ئـارامی



Scanned by CamScanner

کردەوە. هەردوکیان بەوە خۆشحاڵبوون و پیرۆزیاییان لەیەکترکرد، حاجی مامۆستاش بە خۆشحاڵی ئەوان دڵخۆشبوو هیوای بەختەوەری و کامەرانی بۆ خواستن، جەیران ئیتر ترس لەدڵیدا باری کردبوو، ئەوئیتر هاوسەری هەبوو دەیتوانی تەکییەگایەکی باشبێت بۆی. لەوساتەدا جەیران سەیرێکی جەوادی کردوگوتی:

من خەو نابینم؟ یانی بێدارم؟ یانی خەم و پەژارە کۆتایی هات؟ جەواد زەردەخەنەیەکی کردوگوتی:

بەڵێ خۆشەویستەکەم تۆ بەئاگای، بەڵام هێشتا خەم کۆتایی نەهاتووە. ئێمە هێشتا لەسەرەتادابن و گێشە گەلێکی زۆر هەیە کە دەبێت بەهاوکاری یەکترین لەسەر ڕێگاکەمانی لابەرین. جەواد دەستی جەیرانی لەناو دەست ناو بە ئارامی گوشی و نیگایەکی ماناداری لێکرد و گوتی:

ئیتر هیچ کەسێک ناتوانێت بێتە نێوانمان و لێکمان بکات، هیچ کەس، هیچ کەس.....

کەسیان نانی بەیانییان نەخواردبوو، خۆشحاڵی لەرادەبەدەر برسێتی لەبیر بردبوونەوە، بەڵام دەنگی زیڕو [illegible]ی گەدەی جەواد یادی هێنایەوە کە برسییەتی، پێکەوە چوون بۆ رستوران تاکو خواردنێک بخەنە بەردڵیان و ژیان و سەفەرەکەیان پێکەوە لەیەک کاتدا دەست پێبکەن.

Scanned by CamScanner

باوکی جەیران دەستوری وابوو پـێش ئـەوەی بچـێت بۆسـەرکار، سەری لە ژوورەکەی جەیران دەدا، ماچێکی روخساری دەکردو پاشان بـەرەو شـوێنی کارەکـەی دەچـوو، بـەڵام پـاش زەماوەنـدکردن و تەڵاقـدانی ئـەو، بـاوکی بەبێـدەنگی دەچـووە ژوورەکـەی و تـەنها تەماشای دەکرد، ئەمجارەش وەک پیشەی مەمیشـەیی ئـەو کـارەی کرد، بەڵام ئەمجارەیان جەیرانی لێ نەبوو، ئەو بـە شـپرزەیی هاتـە خوارەوە و سەری لە حەوشەکەدا، بـەڵام لـەوێش نـەبوو، لـە ورتـە ورتی ئەو ئەقدەس خانمیش لەخەو بێدار بوویەوە. کاتێک ئاگاداری ڕوداوەکەبوو دەتگوت سەهۆڵاو بەسەریدا کـراوە، بـەو حاڵەشـەوە خۆی بە خوێن سارد نیشاندا و تاکو بیرێک بۆ چارەسـەری کێشـەکە بدۆزێتەوە، هەربەو هۆیەوە زەردە خەنەیەکی دەستکردی نیشاندا و گوتی:

ئێستا زانیم، جـەیران بڕیـاربوو لەگـەڵ نەسـریندا سـەرێک لـە پێشانگای کتێب بـدەن، بێگومـان پێکـەوە ڕۆشـتوون. بـاوک بەسـەر سوڕمانەوە گوتی: کتێبی چی ژنەکە؟ بەم بەیانی زووە، دەزانـی چـی دەڵێیت؟

دایک کە کەم کەم خەریکبوو دەستەپاچە دەبوو، لەپڕدا گوتی:

جەیران گوتی بەیانیان ئـارام تـرە بەئاسـانی دەتـوانین کتێبـەکان تەماشابکەین، چوزانم ئالەم قسانە....



Scanned by CamScanner

ئەو هێشتا دڵنیا نەببوو، بـەڵام بـەو حاڵـەوە پـاش خـواردنی نـانی بەیانی رێگەی بەرەو کاری گرتەبەر.

ئەقدەس خانم هەوڵبوو، سەری لەژوورەکـەی جەیرانـدا، هـەموو شوێنێک رێک وپێک بوو، بەدڵەخورپەوە تاکی کانتۆرەکـەی جـەیرانی کـردەوە، بـەڵام بەهــەموو سەرســوڕمانێکەوە لەســەر تەختەکـە دانیشت، چونکە هەرچی کەلوپەلی پێویستو ناسنامەکەیشی لەگـەڵ خۆی بردبوو. زانـی چـی لـەژێر بەرەدایـە. بـەپرتاو چـووە خـوارەوە وتەلەفۆنی بۆ ماڵی خوشکەکەی کرد، بەدری تەلەفۆنەکەی هـەڵگرت و پاش سڵاوو ئەحواڵپرسین، ئەقدەس خانم گوتی:

بەدری گیان دەستم دامێنت، جەیران ڕۆشتووە.

بەدری کەلەقسەی خوشکەکەی هیچ تێنەگەیشتبوو گوتی:

بە ڕوونی بدوێ، بزانم چی بووە؟

ئەقدەس خانم بە گریانەوە گوتی:

سەرەنجام جەیران کاری خۆی کرد، ئەو ڕۆیشتووە، ئـەم بەیانییـە زوو بۆی دەرچووە، ئێستا نازانم چ وەڵامێکی باوکی بدەمەوە.

بەدری کە بابەتەکەی زۆر بەهەند وەرنەگرتبوو گوتی: نـە بابـە، لەهەر کوێ بێت سەر هەڵدەداتەوە، نیگـەران مەبـە، خێـرا وەرە بۆئێرە تابزانین دەتوانین چ کارێک بکەین.

ئەقدەس خانم هیچ چارەیەکی نەبوو دەبوو بڕوات بەڵکو لەوانەیـە جەیران قسەیەکی بۆ نەسرین کردبێت.

Scanned by CamScanner

بە بێزارییەوە بـەرەو مـاڵی بـەدری کەوتـە ڕێ. لـەنێوانی ڕێگـادا لەخودای دەخواست کە جەیران لەهەر شوێنێک هەیـە تـاکو نیـوەڕۆ بگەڕێتـەوە، بـەڵام ئـەوە مـەحاڵبوو، چـونکە جـەیران ڕێگـای خـۆی هەڵبژاردبوو. نەسرین سەرەتا نەیویسـت قسـەیەک بکـات، بـەڵام ئیتر لەوە زیاتر بەباشی نەزانی بیشارێتەوە و هەرچی کە بینیبـووی و بیستبووی بۆی باسکردن و لەکۆتاییدا گوتی:

پـوریّ گیـان نیگـەران نـەبیت. جـەیران ئـیتر منـاڵ نییـە. خـۆی دەزانێـت چـی دەکـات، ئـەو خەتایـەکی نـەبوو، ئەگـەر درەنـگ بجوڵایەتـەوە لەوانـەبوو گـیرۆدەی داخوازیکـەرێکی تـر ببوایـە. سەرەنجام چی؟ پۆریّ گیان دەبێت ببوری، بەڵام تـۆو هاوسـەرەکەت گەلێک خۆویست بوون، من لەناخی دڵمـەوە خۆشـحاڵم کـە جـەیران بەئارەزووی خۆی گەیشت.

بێگومان ئەقـدەس خـانم مـافی بـەوان دەدا ، بـەڵام چ کەسێک دەبوو وەڵامی باوکی بداتەوە؟ ئایا ئەویش بەم قسـانە ڕازی دەبـوو، دایکی نەیدەزانی لەوەی کە جەیران بـە ئـارەزووی خـۆی گەیشـتووە خۆشحاڵ بێت یان نیگەرانی ئایندەبێت.

نیـوەڕۆ بـاوکی گەڕایـەوە مـاڵ، نیگـەران نـەبوو، چـونکە بـەیانی هاوسەرەکەی تا ڕادەیەک دڵنیای کردبوو، بەڵام دڵـە خورپەیـەکی زۆری هەبوو، سـەرەتا پرسـیاری جـەیرانی کـرد؟ ئەقـدەس خـانم منجە منجێکی کردو چیتر بواری شاردنەوەی نەبوو. سەرەنجام دەبوو



Scanned by CamScanner

ڕاستییەکەی بڵێ. هێواش هێواش دەستی بەقسان کرد بەجۆرێک کەئەو سەکتە نەکات:

ئەزانی چییە پیاوەکە، خەتای خۆمان بوو، ئێمە نەدەبوو ئەومان بۆ زەماوەند ناچارکردبا، بە ئەستەم ئەم قسانەی دەردەبڕی، هاوسەرەکەی بەسەر سوڕمانەوە گوێی بۆ قسەکانی ئەقدەس خانم گرتبوو، بەپەشۆکاوییەوە گوتی:

دەزانی دەتەوێت چی بڵێیت؟ لەبارەی کێوە قسە دەکەیت؟

ئەقدەس خانم بە دەستەپاچەیی گوتی: دەی دیارە لەبارەی جەیرانی کچمانەوە دەدوێم.

ئەمجارەش ئەو هیچ لەقسەی هاوسەرەکەی تێنەگەیشت، سەرەنجام ئەویش بێ پەردە ڕوونی کردەوە، کە کچەکەیان لەگەڵ جەواددا زەماوەندی کردووە و لەشار چوونەتە دەرەوە.

دوکەڵ لەسەری باوکی جەیران بەرز بویەوە. هاوارێکی کزی کردوو لەکاتێکدا کە دەستی بەسەر دڵیەوە گرتبوو و کەوتە سەرزەوی، ئەقدەس خانمیش بە شپرزەیی لەو حاڵەی هاوسەرەکەی قیژاندی، دواجار یەکێک لەو هاوسێکان هات بە هاواریانەوە و ئەوی گەیاندە نەخۆشخانە. پزیشک دوای پشکنینی وردی نەخۆشەکە داوای هاوڕێی نەخۆشەکەی کردو گوتی:

Scanned by CamScanner

خورپەیەکی زۆر کاریگـەری لێکـەوتووە و گریمـانی سـەکتەی زۆر لێدەکرێت، دەبێت زۆر ئاگات لێی بێت وەگەرنا لەوانەیە جارێکی تر لێیبداتەوە.

ئەقدەس خانم دەستەو دامێنی پزیشکەکەبوو پێی گوت:

جەنابی پزیشک، دەبێت چی بکەم، تۆناتوانیـت کارێـک بکـەیت تاکو ئەو مەترسییەی نەمێنێ؟ پزیشک گوتی:

ئـەو دەبێـت چـەند ڕۆژێـک لـەژێر چـاودێریدابێت، لەراسـتیدا ناتوانین هیچ شتێک بڵێین. تاسێ ڕۆژ مەترسی سەکتە بوونی هەیـە، ئایا پێشینەی سەکتەی هەیە؟ ئەقدەس خانم گوتی:

نـە جـەنابی دکتـۆر، بێگومـان دڵـی دەگـیرا، بـەلام نـەک بـەم سەختییە.

پزیشک گوتی:

ئەم جـۆرە سـەکتە هۆکـاری تورەییـە، دەبێـت ئاگـاداری بیـت، فشارێکی دەروونی بەهێز کاری تێکردووە، بەلام نیگـەران مەبـە، تـۆ بفەرموو پشوبدە، ئێمە خۆمان دەزانین چ کارێک دەکەین، دایەگیان فەرموو، فەرموو.

لەوەیکە ژیانیان دوچاری ئـەو هـەموو گرفتـە ببـوو نیگـران بـوو، بەدری دڵنەوایی دەکرد، لە نەخۆشخانەدا یارمەتییەکی زۆریاندا تاکو هەست بەتەنهایی نەکات.



Scanned by CamScanner

جەیران‌وجەواد لە دەستپێکی ڕێگادابوون، ڕێگایەک کە سەختییەکی زۆری هەبوو، بەڵام ئەوان پەیمانی هاوکاری و هاوڕێیەتییان بەستبوو، بۆیە پێویستی بە نیگەرانی نەبوو. سەفەرکردن بە شـەمەندەفەریان هەڵبژاردبوو، قسەی زۆریان هەبوو کە سەردەمانێک لە دڵیانـدا ببـو بەگری، ئێستا دەبوو هەڵیرێژن. جەیران ئازارێکی زۆرتری چەشـتبوو، بەلای ئەوەوە ئەو ماوەی ژیانی لەگەڵ سـپهردا، بیرەوەرییـەکی تـاڵ بوو. وەهیچ کاتێک نەیدەتوانی ئەوساتانە لـەبیربکات. کاتێـک بـیری لەوساتانە دەکردەوە چاوەکانی خەم وکەسەر دایدەگرت. جەواد لێی رامابوو گوتی:

چییە جەیران؟ بۆچی نیگەرانی؟

جەیران کە ساتێک بوو جەوادی لە تەنیشـتی خۆیـدا لـەبیرکردبوو هاتەوە سەرخۆی و گوتی:

شتێک نییە، بیرم لـەڕابردوو دەکـردەوە. جـەواد دەسـتی خسـتە سەرشانەکانی و لەچاوانی رامـاو گـوتی: گـوێبگرە ئەزیزەکـەم، مـن حەزناکەم لەبارەی رابردووەوە قسەیەک بکرێ، رابردوو بەسەرچـوو، دەبێـت ئـەزموونی لێـوەرگرین و ئایندەیـەکی باشـی لێ دروسـت بکەین، حەزناکەم هاوسەرەکەم غەمگین بێت، تـۆ دەبێـت دڵخـۆش بیت تاکو منیش ئومێدەوارتر لە ژیان بڕوانم، پیاو جگە لەمە شـتێکی لەهاوسـەرەکەی ناوێـت، هـەر بـەوجۆرەی کـەتۆ پێویسـتیت بەخۆشەویستی من هەیە منیش هەروام، پێویستیم بـە خۆشەویسـتی



Scanned by CamScanner

تۆهەیە. کەواتە داوات لێدەکەم کەمتەرخەمی لەوەدا مەکە، بـەڵێن دەدەیت ئازیزم؟

جەیرانیش بەنیگایەکی پڕ لەخۆشەویستییەوە، قسەکانی جـەوادی قەبوڵکردو سەری خستە سەرشانی، هەردوکیان لەخەوێکی قوڵدابوون کــە شــەمەندەفەرەکە گەیشــتە وێســتگەی خــۆی. بــەدەنگی شەمەندەفەرەکە جـەواد بـەئاگاهات و جەیرانیشـی بێـدارکردەوە و هەردوکیان دابەزین. لەنێو دڵی جەیرانـدا نیگەرانییـەکی زۆرهـەبوو. ئەو لەوشارەدا غەریب بـوو جگەلەجەوادکەسـێکی تـری نـەبوو، ئـەو نەیدەزانی خوشکەکەی جەواد چۆن ژنێکە و چۆنچۆنی پێشـوازی لـێ دەکات. لەو خەیاڵانەدابوو کەدەنگی جەواد بەئاگای هێنایەوە:

باشە خۆشەویستەکەم ئەمەش ماڵی خوشکەکەمە، کوخی عەشـقی من و تۆ، مانای ئێمە. جەیران سوور هەڵگەڕاو هیچی نەگوت.

جەواد زەنگی لێدا . جەیران بەمنجە منج گوتی:

جـەواد...من دەترسـم، دەبێـت چـی بڵـێم؟ جـەواد وەک ئـەوەی شتێکی سەیرو سەمەرەی بینیبێت چاوەکانی بچوک کردەوە و گوتی:

بەگیانی تۆ منیش دەترسم! پاشان دەستی بەپێکەنین کرد. ئێسـتا پێنەکەنێ ئەی کەی پێبکەنێ، جەیران توڕەبوو گوتی:

جەواد من نامەوێت گاڵتەو گەپت لەگـەڵ بکـەم، بەراسـتم بـوو. جەوادیش بەپێکەنینەوە گوتی:

بەگیانی جەیران منیش هـەر بەڕاستی پێکـەنیم و دووبـارە دای لەقاقای پێکەنین. بەلای جەیرانەوە ئەو وەك بێدەربەست لەهـەموو کێشەیەک هاتە بەرچاو، هەر ئەوەش جەیرانی خۆشحاڵ دەکرد.

دەرگای ماڵەکە کرایەوە، کچێکی منـداڵکار بـەبینینی ئـەوان خـۆی فرێدایە باوەشی جەوادەوە و گوتی:

خاڵۆگیان، دایکم دەیگوت کـەدێیت. جـەیران بـە سەرسـوڕمانەوە گوتی:

دایکت؟!

جەواد گوتی: بەڵێ، هەواڵم دابـوو کـە ئێمـەی بـەڕێز تەشـریف دێنین. گاڵتە نییە، بوکەخان دەبێتە میـوانی ئـەم ماڵـە. جـەیران کـە لەهەڵسوکەوتی جەواد سەری دەرنەدەکرد و گوتی:

جەواد ئەمەندە چێژ مەڕێژە، وابزانم دنیات پڕکرد، وایە؟

جەواد خۆی گیف کردەوە و گوتی:

دنیا، چی بڵێم؟ نیوەی خەڵکی "تەبریز" دەزانن کە ئەمرۆ جەنابی ئاغـای فـەتاحی لەگـەڵ هاوسـەرە ئازیزەکەیـدا دەگەنـە تـەبریز.

لەوکاتەدا دەنگی خوشکەکەی جەواد لە حەوشەکەوە دەبیسترا: نیلوفـەر کـێ بـوو؟ نیلوفـەر بەخۆشـییەکی منداڵانـەوە چـووە حەوشەکەوە و گوتی:

دایەگیان خاڵۆ جـەوادە لەگـەڵ ئافرەتێکـدا هـاتوون. دایکـی هاتـە دەرەوە و پێشوازییەکی گەرمی لەو دوو عاشـقە میوانـە کـردو پـاش

Scanned by CamScanner

بەخێر هاتنێکی زۆر، سەرقاڵی خزمەتکردنیان بوو. لەپاش کاتژمێرێک خوشکەکەی جەواد کە ناوی نەرگس بوو، ئەوی بـۆ کـارێکی تایبـەت بانگ کردە دەرەوە و پێی گوت:

جەواد گیان ئەمـە بوکەخانـە؟ ماشـەڵڵا چ خانمێکـە، جـەواد لـەم پیاهەڵدانە خۆشحاڵبوو گوتی:

خوشکێ گیان پەسـەندی دەکـەیت، دوای ئـەو هـەموو هەوڵانـە دواجار بەئەنجام گەیشتم.

نەرگس زەردەخەنەیەکی کردو گوتی:

پاش ئـەوەی کـە تەلـەفۆنت کـرد، زۆرێکـم بـۆ ئامـادە کـردن، "ئیبراهیم"یش زۆری پێ خۆشبوو، هەندێک شتومەکی بـۆ کڕیـوە و کەمێکیانمان لەگەڵ شەقایقدا ڕێکخستووە، ژوورەکە بە گشـتی جـوان بووە. جەواد وەک بڵێی شتێکی بیرهاتبێتەوە پرسی:

ئەرێ بەڕاست شەقایق لە کوێیە؟

نەرکس گوتی:

چووە بۆ کۆلیج، سەری زۆر قاڵە، جەواد کەبەپەلی درەختێک سەر قاڵی یاریکردن بوو گوتی: ئەگەر شـەقایق هاتـەوە پێـی بڵـێ لەگـەڵ جەیراندا گەرم و گوڕبێت. ئەم لێرە تەنهایـە، دڵـی تـەنگ دەبێـت، جەیرانەکەم کچێکی بە کوڵە زوو گەرم دادێ.

نەرکس بەقسەکانی جەواد پێکەنینی پـژابوو، لـەوەی کـە هێنـدە جەیرانی خۆش دەویست خۆشحاڵبوو گوتی:



Scanned by CamScanner

جەواد...

جەواد کەیاری بە گوڵەکانی باخچەکە دەکرد بـەرەو لای نـەرگس هات‌و گوتی:

چییە خوشکی؟ کارێکت هەبوو؟ نەرگس بەمنجە منج گوتی:

زۆرت خـــۆش دەویـــت؟ جـــەواد کەلەمەبەســـتی خوشـــکەکەی تێنەگەیشت سەری داخست‌و بەئارامی گوتی:

بـــەڵێ زۆر زۆرم خۆشـــدەوێ. بـــەجۆرێک کەهـــەرکارێک بـــۆ بەختەوەری ئەوبێت ئەنجامی دەدەم. پاشان سەری بـەرز کـردەوە و گوتی:

ئێستا بۆچی دەپرسی؟ نەرگس کە قسەکانی جەوادی لێکدەدایەوە گوتی:

هـــیچ، تـــەنها دەمـــەوێت بـــزانم بـــاوک و دایکیشـــم جـــەیرانیان خۆشدەوێ یان نە؟ جەواد کە تازە پەی بە نهێنی قسـەکانی نـەرگس بردبوو ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

نە، بێگومان باوکم شـتێک نـاڵێ، بـەڵام دایکـم ڕازی نـەبوو. هـەر لەبەر ئەوەبوو کەهاتین بۆ ئێرە. بە پێشهاتی ئەم قسانە، ڕوخساری جەواد تێکچـوو، لەبـەر ئـەوە نـەرگس پێشـنیاری کـرد کـەبڕوات و جەیرانیش لەگەڵ خۆی بێنێت بـۆ ژووره تازەکـە. تـا کـەمێک پشـو بدات.

Scanned by CamScanner

جەیران لەگەڵ نیلو فـەڕدا سـەرقاڵی قسـەکردن بـوون. نیلوفـەڕ کچێکی زمان شیرین بوو بەقسـەکانی هـەموانی سـەرگەرم دەکـرد. جەیرانیش خۆشـی دەویسـت و لەبـەر ئـەوەی هەسـت بەتـەنهایی نەکەن بۆ یەکدی هاودەمێکی لەبار بوون.

کاتێک جـەواد هاتـە ژوورەوە لـەڕوی خۆشەویسـتییەوە نیگایـەکی لەجەیران کردوگوتی:

جەیران خان حەز دەکـەی شـتێکی سەرسـوڕ هێنـەرت پـێ نیشـان بدەم؟

ئـــەو کـــە بـــەبینینی جـــەواد گیـــانێکی نـــوێی بەبـــەرداهاتبوو زەردەخەنەیەکی کردو گوتی:

چییە جەواد؟ بڵێ بامنیش بزانم.

جەواد دەستە جوانەکەی جەیرانی گرت و هەڵی ساندەوە و گوتی:

هەسـتە ئـازیزم، سسـت مەبـە، دەبێـت خـۆت بێیـتو ببینـی.

ئەویش بەدوای جەوادداچـوو، لـە بەشـێکی حەوشـەکەدا ژوورێکـی کۆن، بەڵام دڵگیر هەبوو. جەیران بە جۆش و خرۆشەوە گوتی:

وای جەواد ئەمە ژووری ئێمەیە؟ چەندە جـوانو دڵگـیرە. جـەواد ڕوێتێکردو گوتی:

نەخێر، زۆر دڵخۆش نەبیت، ئێمە ماڵوحاڵی خۆمان هەیە خۆ گاڵتە بازاڕ نییە، پاشان هەردوکیان دەستیان بـە پێکـەنین کـرد. ژوورەکـە بەشێوەیەکی جوان ڕازێنرابویەوە، پۆسـتەرێکی جـوان کەوێنـەی دوو



Scanned by CamScanner

کۆتری عاشقی لەسەر بوو لەئاسمانی شییندا باڵیان گرتبوو، پۆستەرێکی تر کە پڕاوپڕ وێنەی کچ و کوڕێکی لاو کە لەکەناری ڕوبار لەژێر درەختێکدا چاویان لە خۆر ئاوابوون بڕیبوو. ئەوانە هەموو بیرخەرەوەی عەشق و ئیحساس و زیندو کەرەوەی ساتگەلی بیرەوەرییەکان بوون. ئەوساتانەی کەلە بوونی دانە دانەی مرۆڤەکاندا هەیە، کەسانێک کەلە حەسرەتی عەشقی ڕاستەقینە ماونەتەوە، ئەوساتانە بەباشی هەست پێدەکەن کەئەو عەشقانە هەموو ڕواڵەتیین. عەشقی ڕاستەقینە گەیشتنە بە خودای تاکو تەنها، وەکەسانێک کە شکستی عەشقی ڕواڵەتییان ئەزموون کردبێت بەدڵنیاییەوە بەمەعشوقی ڕاستە قینە یانی"پەروەردگار" دەگەن.

جەیران لە تەنیشت جەوادەوە دانیشت وسەری خستەسەر شانی و گوتی:

جەواد من گاڵتەو پێکەنینەکانی تۆ بەهەموو دنیا ناگۆڕمەوە تۆ ڕوخسارێکی بێگەردت هەیە، نیگاکانت فریشتەئاسان. ئارام ئارام دەی چرپاند بە گوێیدا و ئەوکاتە بێدەنگ بوو کە چوبوە خەوی نازەوە. جەواد نیگایەکی پڕ لە میهرەبانی لێکردو سەرینێکی نەرمی نایە ژوورسەری و بۆساتێک لەڕوخساری ڕاما. باوەڕی نەدەکرد کەڕۆژێک لە نزیکەوە بەمجۆرە لە ڕوخساری جوانی ئەو بڕوانێت. ئەو هەروەک فریشتەکان پاک و بێگەرد بوو. بەهێواشی سەری داپۆشی و خۆیشی لە ژوورەکە چووە دەرەوە.

Scanned by CamScanner

تەندروستی باوکی جەیران بـەرەو باشـی دەچـوو، نیگەرانییـەکانی وورد وورد دەڕەوینەوە، بەڵام دایکـی هێشـتا هـەر خـەمباربوو، ئـەو نیگەرانی هاوسەرەکەی بوو، هاوسـەرێک کـە چـەندین سـاڵ پیرتـر دەینواند. ئەقدەس خانم هەروەک پەرستارێکی میهرەبـان چـاودێری دەکرد. دەواکانی لەکاتی خۆیدا پـێ دەدا، بـاوکی جـەیرانیش وەک بلێی خۆی دابێتە دەسـت چـارەنووس، سـەیرێکی ئەقـدەس خـانمی کردو گوتی:

دەزانی ئەقدەس؟...دەزانی چ بەڵایەکمان بەسەر هات، گـەورەی بنەماڵەکەم بووم، بەڵام سەرشۆڕو بێنرخ بووم.

ئەقدەس خانم کە نیگەرانی حاڵی ئەوبوو چووە ناو قسـەکانییەوە و گوتی:

ئیتر بەسە، وا تازە تەندروستیت بەرەو باشی چووە چـیتر خـۆت نیگـەران مەکـە. کـارێکی نەشـیاوی نـەکردووە، سـونەتی خـواو پێغەمبەری بەجێ هێناوە. پاشان خۆی بە بێ خەیاڵ نیشـانداو گـوتی: ئیتر کار لەکار ترازاوە خەم خواردنی من و تۆ دەردەکە تیمار ناکات. کەوایە ئیتر قسەمەکە، ئەویش بەناچاری سەرێکی ڕاوەشاندو هیچی تری نەگوت.

هەفتەیەک بەسەر ئەم کارەساتانەدا تێدەپەڕی. ئەم ژیانە بـەلای جەیرانەوە نوێ بوو، هاوسەرێک کە عاشقانە ئەوی خۆشدەویسـت و ئەویندای بوو. جەواد بەختەوەری بۆ جـەیران دەسـتەبەر کردبـوو،



Scanned by CamScanner

تاکو دەیتوانی خۆشەویستی بۆ دەردەبڕی. جەیرانیش تینوی عەشق و خۆشەویستی جەواد بوو، هێشتا وای بیر دەکردەوە کە لەوانەیە لە حاڵی خەوبینینداییێت، بەڵام ڕاسییەکی بەرچاوبوو.

لەوماوەیەدا جەواد مۆڵەتی بێ موچەی وەرگرتبوو، دەبوو هەرچی زووترە بگەڕێتەوە بۆتاران. ئەم باسـەی لەگـەڵ جەیرانـدا کـردەوە. ئەویش خۆشحاڵبوو، بەڵام لە دڵەخورپەیەکی گەورەدابوو، ئـەو دڵـە خورپەیەش ڕووبەڕوو بونەوەی بوو لەگەڵ خانەوادەکـەی، بەتایبـەتی باوکی.

ڕۆژی گەڕانەوە هاتبوو، جەیران لە نێرکس خـانم و هاوسـەرەکەی کەناوی ئیبراهیم بوو هەروەها شەقایق و نیلوفـەڕ گـەلێک سوپاسـی کردو لەوەی کەئەو چەند ڕۆژە زەحمـەتی دابـوون داوای لێبـوردنی کرد.

لەپاش ئەو قسانە نەرگس خانم گوتی:

جەیران گیان، ئێمە لەماوەی ئەم هەفتەیەدا زۆر هۆگرت بوین. بە چـوونەوەت بۆتـاران زۆر دڵتـەنگ دەبـین. زەردەخەنەیـەکی کـردو گوتی: هیوام وایە جەوادیش نرخت بزانێت.

جەواد کەگوێی لە قسەکانیان گرتبوو گوتی:

بەڵێ وایە، تازەهاتە نێو بـازاڕ کۆنـە بوویـە دڵئـازار، وایـە دادە؟ هەموو بەوقسەیەی جەواد دەستیان بەپێکەنین کرد.



Scanned by CamScanner

جەواد پێشتر تەلەفۆنی بۆ ماڵەوە كردبوو ڕۆژی گەڕانـەوەیانی بـە خانەوادەكەی گوتبـوو، بـەڵام دایكـی جـەواد بـەم زەماوەنـدە ڕازی نەبوو، بەڵام بە پێداگری جەواد بەناچاری ملی دابوو.

باوكی جەواد پیاوێكی تێگەیشتوو ژیربوو، بـەو بـاس و پەسـنانەی كە لەبارەی كەس و كاری جەیران و بەتایبـەتی لـەخودی جەیرانـەوە بیستبووی، هۆگرییـەكی تایبـەتی بـە بوكەكەیـەوە پەیـدا كردبـوو، هیواداربوو كە هاوسەرەكەیشی بۆچوونەكەی خـۆی بگۆڕێـت، بـەڵام كێ گوێ بەو قسانەدەدات. سەرەنجام جەواد و جـەیران گەیشـتنەوە تـاران، دڵیـان بەبەریـەوە نـەمابوو، لەلایەكـەوە نیگـەرانی دیـدارو لەلایەكی تریشەوە ترس بێزاری كردبوون، جەواد لە حاڵێكدا لـە دوو ڕێیانێكدا تیامابوو ڕویكردە جەیران و گوتی:

باشە ئێستا بڕۆین بۆ ماڵی ئێمە یان ماڵی ئێوە؟ تۆ بڵـێ. جـەیران بەخێرایی گوتی:

نە جەواد ڕاستی نـازانم لـەماڵی ئێمـە چ باسـە، لەپێشـدا دەبێـت لەگەڵ دایكمدا قسەبكەم، تاكو بزانم بۆچوونی ئەو چییە تادوایی.

جەواد هەناسەیەكی قوڵی هەڵكێشاو گوتی:

كەوایە خۆت بۆ هەموو پێشهاتێك ئامادەبكە.

جـەیران كـە تـرسێكی زۆری كـەوتە دڵەوە گوتی:

یـانـی چـی جـەواد؟ مـەگەر بـڕیـارە شـتێك ڕووبـدات؟



Scanned by CamScanner

جەواد بەنیگەرانییەوە سەری داخست و گوتی:

بەوجۆرەش نیە... بەڵام دایکم بەم کـارە نـاڕازی بـوو، لەوانەیـە هەڵسـوکەوتی لـە گەڵتـدا زۆربـاش نـەبێت، داوات لێدەکـەم هـەر قسەیەکی کرد بە دڵیەوە نەگریت، جەیران زەردەخەنەیـەکی کـردو گوتی:

دەزانم چی دەڵێیت، بێگومان دایکی تۆش وەك باوکی من کەسێکی فرەبڵێو ئینکارە. کێشەنییە هەرچی ڕوبدات لەبەر تۆ قەبوڵی دەکەم و دانبەخۆمدا دەگرم. لەبەر ئـەوەی دایکـی تۆیـە، هەربۆیـە نابێـت نیگەرانبم.

جەواد گوتی:

من دەبوو پێتی بڵێم. پاشان وەك سەرکەوتوویەك خۆی نوانـد و گـوتی: کەواتـە جـەیران خـانم، خۆتـان بـۆ شـەڕێکی دەسـتەویەخە ئامادەبکەن، هەردوکیان بەم قسەیە پێکەنین.

لە ڕێگادا جەواد بەستەیەك شیرینی و دەسـتەیەك گـوڵی جـوانی کڕی، تـاکو شـیرینی دیدارەکـەیان چـەند بەرامبـەر بێـت. کاتێـك گەشتنەماڵەوە دەرگاکە کراوەبوو، بەڵام جەواد بەباشـی نـەزانی کـە بەبێ ئاگادار کردنەوە بچنە ژوورەوە. زەنگی دەرگای لێـداو چـاوەڕێ بوو. باوکی لە حەوشەکەدا سەرقاڵی ئاودانی گوڵەکان بوو کە دەنگی زەنگەکەی بیست بەرەو دەرگـای حەوشـەکە چـوو، کـەزیاتر چـووە پێشەوە جـەواد و هاوسـەرەکەی لەبەرامبـەر خۆیـدا بینـی، گـەلێك



Scanned by CamScanner

خۆشحاڵبوو، باوك وكوڕ یەكترینیان لەئامێز گرت. جـەیران شـایەتی ئەو دیمەنەبوو، لەوێدا دڵی بۆ باوكی تەنگ بوو. لەو سـاتەدا بـاوكی جەواد بەرەو لای جـەیران هـات و دوای ئەحواڵپرسـی و بـەخێرهاتن بەرەو ژوور ڕێنمایی كردن.

دایكی لەماڵەوە نـەبوو بـۆ شـت كـڕین چـووبوە دەرەوە. جـەواد بەتاسەوە دەستی خستە سەرشانە ماندووەكانی باوكی و گوتی:

باشە بابەگیان، ئەمەش بووكە كـەت، هـەموو ڕۆژێـك دەتگـوت جەواد كوڕی خۆم بۆچی ژن ناهێنی، جـەیران لەبیسـتنی ئـەم قسـەیە شەرمەزاربوو، چونكە سوری سەر ڕومەتی دەربڕی ئەو حاڵەتە بـوو.

باوكی جەواد سەیرێكی جەیرانی كردو گوتی:

ماشائەڵڵا بەڕاستی خانمە، ناهەقت نییە كوڕی خۆم، هەقی خۆتـە كەلەبەر ئەم بوكە شوشە بەنرخە خۆت بخەیتە ئاوو ئاگرەوە، عەشق یانی ئەمە، لە ڕێگـای عەشـقدا دەبێـت فیـداكاری بكـەیت، پاشـان سەیرێكی هەردوكیانی كردو گوتی:

ئەڵبـەت لـەپێش هاتنـەوەی دایكتانـدا دەبێـت پێتـان بڵـێم كـە لەقسـەكانی ئـەو دڵگـران نـەبن، حـاجی خـانم حـەزی دەكـرد لـە هەڵبژاردنی بوكەكەیدا هاوبەشی بكات، بەڵام واقەڵەمی لێدرابوو كە جەواد خۆی بەدوای چارەنوسیدا بڕوات.

جەیران بەشەرمەوە سەری داخست و گوتی:



Scanned by CamScanner

ئێوە مافی خۆتانە، من بوومـە هۆکـاری نارەحـەتی هـەموان، بـە جەوادم گوت کە... لەو کاتەدا جەواد قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

گەرەکتە چی بڵێیت؟ مەبەستی باوکم ئەوە نییـە کـە تـۆ هۆکـاری نیگەرانی ئێمەبیت، مەبەستی ئەوەیە کەیەکێك لە گوێچکەکانت بکە بەدەرگاو ئەوی کەشیان بکە بەدەروازە، هەرئەوە.

باوکی زەردەخەنەیەکی کردو گوتی:

بوکەخان، دەزانم ماندویت، بەڵام پڕبەدڵ حەزدەکەم ئیتر خـۆت بەنامۆ نەزانی و بۆخـۆت میوانـداری لـەخۆتان بکـەیت. لـەوەی کـە بـاوکی جـەواد ئـەوی وەك یـەکێك لـەخۆیان سـەیرکردبوو بـەرەو چێشتخانەکە چوو. گەرچـی جـەیران شـارەزای ئـەویٚ نـەبوو، بـەڵام چـونکە شـتەکان بـەڕێکوپێکی دانرابـوون چـی بویسـتایە بەئاسـانی دەیتـوانی کـەڵکیان لێوەربگرێـت. سـەماوەر داگیرسـابوو، جـەیران چاییەکەی لێناو شیرینییەکەی بەوپەڕی سەلیقەوە وەك کەیبانویـەکی شارەزا لەسەر دەفرێك ڕازاندەوە، جەوادیش بـۆ هاوکـاری کردنـی هاوسەرکەی هات بۆ چێشـتخانە، لەوسـاتەدا ڕابـردووی هاتـەوەیاد، یادی ئەو ڕۆژانەی کە عەشقی جەیران لەکەلەی دا و تاکـە ئـارەزووی ئەوەبوو بەجەیران بگات، لە خەیاڵی خۆیدا ئارەزوویەکبوو کە بـەهیچ شێوەیەك ڕێی تێنەدەچوو. ئەوڕۆژەی کە جەیران وەڵامـی بـەڵێی بـە سـپهردابوو، ژیـانی بـە کۆتـا دەزانـی، لەپەنجەرەکـەوە سـەیرێکی

حەوشەکەی کردو یادی ڕابردوو دڵی ئـازاردەدا، لەوکاتـەدا جـەیران هاتە لایەوە و جەوادی بەوحاڵەوە بینی بەسەرسوڕمانەوە گوتی:

چیتە جەواد؟ بۆچی نیگەرانی؟

جەواد نیگایەکی مانادای لێکردو زەردەخەنەیەکی کردو گوتی:

بەبینینی تۆ، لەناو ئەم چێشتخانەدا ڕابردووەکان لام زیدوبۆتـەوە، ئەو جەوادەی کەپێکگەیشتنمان بەلایەوە شتێکی مەحاڵبوو، ئەو ڕۆژانە لەبەردەم هەمان پەنجەرەدا دەوەستام و چاوم لە باڵندەکان دەبـڕی.

جەیران بەڕاستی ئیرەییم بە باڵندەکان دەبرد کاتێک بەچووتە باڵیـان دەگرت، دڵم تەنگ دەبوو، بۆتەنهایی خۆم، بۆ بێوەفایی تـۆ، لـەوەی کە بەتەنها جێتهێشتم و ڕۆشتی، بۆئەوەی کە کەسێکم نـەبوو، تـاکو خەمـەکانمی لەگەڵـدا بەشـبکەم، بـەڵێ جـەیران زۆر خـەمباربووم، بەڕاستی بەلای منەوە سەخت بوو، بەڵام هەستێکی نامۆ پێی دەگوتم، جەواد خەم مەخۆ، ئەگەر قەڵەمی لێدرابێت، ئەگەر خودا چارەنوسی ئێوەی بۆیەک دیاری کردبێـت، بەهـەر نرخێـک بـووە بـەئارەزووی خۆت دەگەیت، ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

هەمیشـە ئـارەزووم دەکـرد بەختـەوەربیت، حـەزم دەنـەکرد کێشەکە هێندە گەورەببێت، بەڵام خودا ئەمەی دەویست.

جەیران خۆی بەسەر شانی جـەوادا دابـوو بەچـاوانی تـەڕەوە لـە خاڵێک ڕامابوو، قسەکانی جەواد زۆرکـاری تێکردبـوو، جـەواد بـەرەو ڕوی وەرگەڕاو دەستی خستە سەر شانیو گوتی:

جەیران بەڵێن بدە کەهیچ کاتێک بەتەنها جیم نەهێڵی، بەڵێن بدە کەلە سەختترین کاتدا یارو یاوەرم بیت.

جــەیران بەنیگایــەکی میهرەبانانــەوە کــە لەگــەڵ ئەشــک و زەردەخەنەدا ئاوێتەبوو سەری بەسینگیەوە چەسپاندو گوتی:

پــەیمان دەدەم ئــازیزم، پــەیمان دەدەم کــەتا دەمــی مــەرگ وەفاداربم بۆت، دڵنیابە جەوادەکەم قەرەبووی ڕابردوو دەکەمەوە.

دەنگی داخستنی دەرگاکە بەئاگای هێنان، جــەیران دەستەپاچــەبوو گوتی:

یانی دایکت هاتەوە؟

جەواد گوتی:

ئێستا دیاری دەداو لەپەنجەرەکەوە سەیرێکی حەوشــەکەی کــردو گوتی:

بــەڵێ، دایکــم هاتــەوە، گەڕایــەوە بــۆلای جــەیران و بــەبینینی ڕوخساری شێواوی ئەو گوتی:

پێویست بەترس ناکات. هەرچی گوت بەدڵیەوە مەگرە، جــەیران بە دڵگوشراوییەوە بێدەنگبوو هیچی نەگوت.

پێکــەوە چــوون بەپێشــوازییەوە. دایکــی پــاش ئەحواڵپرســین و ماچکردنی جەواد بەخێر هاتنەوەی کردوگوێی بەجەیران نەدا، جــەواد کاتێک ئەو بارودۆخــەی بینــی ڕویکــردە دایکــی و هاوســەرەکەی پــێ ناساند، ئەویش بەلاچاو سەیرێکی جەیرانی کردو گوتی:

بەڵێ دەزانم، هەرلەسەرەتاوە تێگەیشتبووم، سەرەنجام کاری خۆی کرد، پێکەنینێکی تەوساوی کردو گوتی:

جەواد گوێت بەقسەی من نەدا و ڕۆشتی لەگەڵ ئەودا زەماوەندت کرد، هەموو کچانی خزم و دراوسێ ئارەزوویان دەکرد لەگەڵ تۆدا زەماوەند بکەن، چۆن توانیت لەگەڵ بێوەژنێکدا زەماوەند بکەیت چۆن؟

جەواد لەبیستنی ئەم قسانە توڕەبوو گوتی:

دایە بیبڕەرەوە، ئێستا کاتی ئەم قسانە نییە، ئەو ماندووە، هەرچی بێت جەیران میوانی ئێمەیە بەم شێوەیە پێشوازی لێدەکەن؟! ئەی ڕەوشتی میوانداریتان بۆ کوێ چووە؟ پاشان بەنیگەرانییەوە دەستی دایکی گرت و گوتی:

دایە گوێبگرە، ڕێزتان واجبە. بەڵام مافت نییە هاوسەری من سەرکۆنە بکەیت، ئەگەر دەبینی جەیران قسەیەک ناکات لەبەر ڕەسەنی خۆیەتی نەک شتێکی تر.

دایکی بەلاچاو سەیرێکی جەوادی کردو گوتی:

چی بوو جەواد گیان؟ هێشتا خانم نەهاتووە منت لەبەرچاو کەوت؟ ئەمە ئەنجامی زەحمەتەکانی من بوو؟ ئەمەبوو سەرەنجامی بێداری شەوانم؟

لەو جێگایەدا جەیران هاتە قسەو گوتی:

Scanned by CamScanner

جەواد تکات لێدەکـەم بـەو جـۆرە قسـە لەگـەڵ دایکتـدا مەکـە، بەگریانەوە درێژەی پێدا:

دایکت مافی خۆیەتی، من ژنێکی تەڵاق دراوم، من شـایانی تـۆنیم. داوای لێبوردن دەکەم، من تۆم بـەئاگری خـۆم سـوتاند، جـەواد بـە دەمار گرژییەوە بەرەو لای جەیران هاتوو شەپازلەیەکی توندی دالـە ڕومەتی و گوتی:

دوایین جارت بێت ئەم قسانە بکـەیت، مـن حەزناکـەم ژنەکـەم بەقسەگەلی هیچ و پوچ خۆی بدۆڕێنێ.

جــەیران بەبیســتنی ئەوقســانەو نۆشــکردنی شــەپازلەیەک، بەگریانەوە بەرەو ژورەوە چوو. جەواد پەشیمان لەو شـەپازلەیە کـە لێیدابوو ڕویکردە دایکی و گوتی:

دەبینی دایـە، بـەچ کارێـک ناچـارت کـردم... هێشـتا نـەهاتووە لێدانی خوارد.

دایکی وەک بڵێی دڵی ئاوی خواردۆتەوە گوتی:

هەر بەڵایەک کەبەسەریدا بێت کەمەو مافی خۆیەتی، ئاخر کوڕی چارەڕەش. چ وەفایەکی بۆ مێردە کۆنەکەی هەبوو. ئەو بەدبەختـەی کە شیری مریشک و گیانی ئادەمیزادی بۆ دەسـتەبەر دەکـرد، ئـەو بەڵایەی بەسەردا هات، بەڵام تۆ کە هیچێکت نییە چاوەڕوانی وەفـای بۆت هەبێت، بزەیەکی تاڵی کردو گوتی:

نە کوڕی خۆم، لە خۆڕا خۆت بەدبەخت کرد، جەیران کیژی ژیان نییە، ئەگەر تا کۆتایی ڕێگا لەگەڵتدا هات مـن نـاوی خـۆم دەگـۆڕم، گوێبگرە ئەم قسەیەی بۆتۆی دەکەم ڕاست و دروستی بەچاوی خۆت دەبینی، ئەمە ئەرز و ئەوەش گەز.

جەواد زەردەخەنەیەکی تاڵی کردو گوتی:

نە دایە ئەم قسانە مەکە، جەیران ئەگەر چاوی لـە پـارەو سـامان بوایـە هــەر لەگــەڵ ئــەوپیاوەدا ژیـانی دەگوزەرانــد، ئــەو هــەر لەسەرەتاوە بەو زەماوەندە ڕازی نەبوو، بـەڵام کـەس تێنەگەیشـت کـە جـەیران چـی دەڵێـت. ئـەو ئـافرەتێکی باشـە، کـەوت بەسـەر قاچەکانی دایکیدا و گوتی:

دایە ڕێگە نادەم ژیانم لەبەین بچێت، من گەلێک جەیرانم خـۆش دەوێت دووساڵ بـوو کەبـە خـەیاڵی ئـەوەوە دەژیـام، ئێسـتاش تـۆ دەتەوێت بەو قسانەت ئەوم لێ دوور بخەیتەوە. لەجێگاکەی هەسـتا. جەواد بەبێدەنگی سەری لەنێو دەسـتەکانیدا گرتبـوو، دڵـی بـەحاڵی جەیران دەسوتا. ئەو بێچارەیە دەبوو چ قسەگەلێک ببیستێت، دایکی هاتەلایەوە و گوتی:

کوڕی خۆم من دەزانم تۆ دەتەوێت چی بڵێیت! بەڵام کەس و کـار چی؟ دۆست و ناسیاو چی؟ من چی وەڵامی دەرو دراوسـێ بدەمـەوە، پاشان بەتانەوە گوتی:

ئەم کارەی تۆ بووە هۆی ئابڕو چونمان. جەواد بە سەرسـوڕمانەوە سەیرێکی دایکی کردو بەتوڕەییەوە لە جێگاکەی هەستا و گوتی:

نە دایە، ئیتر بێ کەڵکە، دەربڕینی خۆشەویستی بۆ ئێوە، تیمـاری برین ناکات، باشە ئێستا من و هاوسەرەکەم بوینە هۆی ئـابڕوبردنی ئێوە، کەوایە بۆ هەمیشە دەڕۆین و بەجێتان دەهێڵین، مـن لـەبارەی ئێوەوە بیرێکی ترم دەکـردەوە، مـن دەڕۆم تـاکو ئێـوە ئاسـودەبن، پاشان بەرەو لای ژوورەکە چـوو، دایکـی مـات ومـەلول مابوویـەوە. جەواد چووە ژوورەوە و بەجەیرانی گوت:

جەیران هەستە، ئیتر شوێنی ئێمە لێرەدا نییە، دەڵێی لـەم زەوییـە فراوانەدا جێگای ئێمەی تێدا نابێتەوە، چـاوەکانی جـەواد پڕبـوون لـە فرمێسک، جیهان بەو گەورەییە بۆئـەو تـەنگ ببـوو، بـاوکی ویسـتی بەری پێبگرێت، بەڵام جەواد بە توڕەییەوە نەڕاندی بەسەر جەیراندا و گوتی:

هەستە جەیران، بۆ وەسـتاوی؟ جـەیران تیامـابوو کـە چـی بکـات، سەرەنجام خۆی یەکلایی کردەوە و ئەو ماڵەیان بەجێهێشت.

لەنێو ڕێگادا هیچیان قسەیەکیان لەزار نەهاتە دەرەوە، جەیران لـە شەپازلەو نەڕاندنی جەواد بەسـەریدا گـەلێک نیگـەران بـوو. لەبـەر ئەوە پرسیاری لێ نەکرد، سەرەنجام جەواد بێدەنگی شکاندو گوتی:

ئێستا دەچین بۆ میوانخانەو دواییش شـوێنێک بـەکرێ دەگـرین، ئەم جارەش جەیران بێدەنگ بوو بەردەوامی بە ڕۆیشـتن دا، جـەواد



Scanned by CamScanner

مافی بەو دەدا، چونکە ئەو ڕەفتارەی بێ بەزەییانەو چاوەڕوان نەکراو بوو، سواری تەکسی بوون و ناونیشانی نزیکترین میوانخانەیان بە شۆفێرەکە دا، شۆفێرەکە پرسی:

واهەست دەکەم گەشتیاربن؟

جەواد بە خەمبارییەوە گوتی:

لەم شارەدا گەورەبووم، بەڵام لەهەمان کاتدا غەریبم. شۆفێر سەری لەقسەکانی دەرنەکردو بەسەر سوڕمانەوە لە ئاوێنەکەوە سەیری دەرکرد! تاکسی لەبەردەم میوانخانەیەکدا ڕاوەستا، جەواد پاش ئەنجامدانی کاری پێویست لە بەڕێوەبەری میوانخانەکە کلیلی ژوورێکی وەرگرت. لەکاتی سەرکەوتن بەقادرمەکاندا جەواد ڕویکردە جەیران و گوتی:

تۆبڕۆ پشووبدە تاکو من داوای خواردن بکەم، دەزانم زۆر ماندوو بویت، منیش حاڵم لەتۆ باشتر نییە، جارێکی تر بەبێدەنگی گەیشتنە ژووری مەبەست، ژوورێکی ئارام بوو، خزمەتگوزاری تەواو، گەرماوو...، پاش دامەزراندن، جەواد هاتە لایەوەو گوتی:

ئارەزووی چ خواردنێک دەکەیت بابۆت داوابکەم، جەیران ڕوی گرژ کردو ڕوی لەجەواد وەرگێڕا، دووبارە پرسی:

لەگەڵ تۆمە بۆ چی قسەم لەگەڵ ناکەیت؟ ئەگەر نیگەرانی شەپازلەکەیت ئەوە ناچارت کردم، دەنا خۆت دەزانیت چەندەم

Scanned by CamScanner

خـۆش دەوێـت، جـەیران دەمـاری نـەیهێنا قسـەیەك بکـات و ئەمجارەش بێدەنگی کردە پیشەی خۆی، جەواد گوتی:

باشە ئێستا کە حەز ناکەیت قسـەیەك بکـەیت کێشـەنییە، هـەر چـۆن ئـارەزوو دەکـەیت، مـن دەڕۆم داوای خـواردن دەکـەم، بـە گۆشەی چاو سەیرێکی جەیرانی کـرد تـاکو کاریگـەری قسـەکانی لـە ڕوخساری جەیراندا ببینێت، بەڵام جەیران خۆی لەگێلی دابوو. پاشان بەبێ تاقەتی لەژوورەکە چووە دەرەوە، پاش ڕۆیشتنی جەواد جەیران کەوتە بیرکردنەوە و گەڕایەوە بـۆ ڕۆژانـی ڕابـردوو، ڕۆژانێـك کـە لەگەڵ سپهردا دەژیا، کاتێـك لـەو تورەدەبـوو سـپهر جـۆری ژیـانی کەسانی تری بەڕووی جەیراندا دەدایەوە، بـەڵام جـەواد بـەو جـۆرە نەبوو، ئەو گەلێك بەئەدەبانە لەگەڵی دەجولایـەوە و هـەر بـەوەش جـەیرانی شـەرمەزارکرد. نەیـدەتوانی ڕابـردوو میهرەبـانی هاوسەرەکەی لەبەر چاو نەگرێت، بەخۆی گوت:

جەیران، تۆ چەندە گـەوجی؟ هاوسـەری وا باشـت هەیـە، بۆچـی نرخی نـازانی، بۆچـی دەتـەوێت ژیـانی خـۆت و جـەوادیش لەبـەین ببەیت، ژیان کـەمێك لـە ڕابـردووی پێویسـتە، لوتبـەرزی لەژیانـدا جێگای نابێتەوە. باوك و دایکی هاتەوە یاد کەچۆنچۆنی لەگـەڵ یـەك میهرەبان بوون و گوتی:

بۆچی نابێت من وەك دایکم وابم؟ جەواد هـەموو کـارێکی بـۆمن کردووە و وازی لە ئاسودەیی خۆی هێناوە، هەتا دایکیشی لەبـەر مـن



Scanned by CamScanner

دەریکرد، کەوایە ئەو ڕەفتارەی من چ مانایەکی هەیە، بەڵێنی بەخۆی دا کە لەسەر شتی بچوک لەجـەواد نـەڕەنجێ. لەجێگاکـەی هەسـتاو دەستێکی بە ژوورەکەدا هێنـاو پـەردەکانی لاداو کـەمێک بـەخۆی ڕا گەیشت و ئەوجلانەی لەبەر کرد کەلەتەبرێز کڕیبوونی.

کاتێک جەواد چـووە دەرەوە لەگوڵفرۆشـێکی نزیـک میوانخانەکـە چەپکێک گوڵی کـڕیو گەڕایـەوە میوانخانەکـەو داوای خواردنێکیشـی کرد، دوو قادرمەی بەیـەک هـەنگاو دەبـڕی تـاکو زوتـر بەجـەیران بگات، بەڵام لەوەیکە جەیرانی لێـی ڕەنجـابوو نیگـەران بـوو. کاتێـک گەشتە بەردەرگای ژوورەکە ویستی بە کلیل دەرگاکە بکاتەوە، بەڵام بیرێک بە مێشـکیدا هـاتو لـەو کـارە پەشـیمان بویـەوە، بـەئارامی لەدەرگاکەی دا. دەرگاکە کرایـەوە و جـەیرانی بـەڕووی گەشـاوەوە لەبەرامبەر خۆیدا بینی، گەلێک دڵخۆش بوو، چەپکە گوڵەکەی بەرەو لای جەیران درێژ کردو گوتی:

ئازیزەکەم دەتبینم ئاشتی...ئاشـتی، و جـەیرانیش سـوربویەوە و دەستە گوڵەکەی لێ وەرگرتو بە زەردەخەنەیەکی فریشـتە ئاسـاوە گوتی:

بەڵێ، ئاشتی. داوای لێبوردن دەکەم کە نیگـەرانم کـردی، جـەواد لەسەر قەنەفەکە ڕاکشاو لەسەرتاپای جـەیران رامـا، بـەلای ئـەوەوە جـەیران بەوجلانـەوە زۆر جـوان دەردەکـەوت، جلێکـی ئاوریشـمی



Scanned by CamScanner

زەردباو کە لەگەڵ هەر جوڵانێکدا بەرەنگێکی جیاواز دەبینـرا. جـەواد زەردەخەنەکی کردو گوتی:

پێویست بە پۆزش هێنانەوە ناکات، خۆت دەزانی من خۆشم لـەم جـۆرە قسـانە نایـە، کاتێـک خـۆت ئـەم قسـانە دەکـەیت دەبێـت لەکەسانی تـر چـی چاوەڕوان بکرێـت. سـەیرێکی چـاوە جوانـەکانی جەیرانی کردو گوتی:

تـۆ هاوسـەری ئـاواتخوازی منـی، ئەگـەر جگـە لەوەبوایـەی لەوانەبوو...لەوانـەبوو، قسـەکەی خـواردەوەو چـیتر بـەردەوامی بەقسەکانی نەدا. جەیران بەسەرنجێکی قوڵەوە پرسی:

لەوانەبوو چی؟

جەواد باسەکەی گۆڕی و گوتی:

هیچ با واز لەو قسانە بهێنین.

جەیران کە بەردەوامی ئەوقسانەی بە بێ سوود دەبینـی ڕۆیشـت بۆ ئەوەی خواردنی ئێوارە بهێنێت. پاش نانخواردنی ئێـوارە جـەیران ڕوویکردە جوادوگوتی:

جەواد، دڵم زۆر تەنگە بۆ دایک و بـاوکم ، نـازانم ئێسـتا خـەرکی چین. حاڵیان باشە یان نـە؟ جـەواد بیرمەندانـە سـەیرێکی جـەیرانی کردو وەک ئەوەی شتێکی بیر هاتبێتەوە گوتی:

ڕاسـتی... ئێمـە نـاتوانین بچـینە مـاڵی ئێـوە. لـەماڵی خۆیشـمان دەرکراین، کەواتە شوێنێک ماوە کە هێشتا سەرمان لێنەداوە.



Scanned by CamScanner

جەیران بە سەرسوڕمانەوە پرسـی؟! چ شـوێنێک جـەواد؟ جـەواد سەرکەوتوانە گوتی:

ماڵی پورە بەدری، لەبیرت چـووە، ئـەوان بـە زەماوەنـدی ئێمـە ڕازی بوون، کەوابێت هیچ نەبێت ئەو شوێنە هەیە...

جەیران هاتە نێو قسەکانی جەواد و گوتی:

راست دەڵێیت جـەواد، بۆچـی لەسـەرەتادا بـیری ئـەوێم نـەبوو، پاشان بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

من هەتا دەشتوانم لـە ڕێگـای ئەوانـەوە هـەواڵی دایـکءو بـاوکم بزانم، پاشان دەستی کردە ملی جەوادو گوتی:

جەواد... هـەر ئێسـتا هەسـتە بـابڕۆین. جـەواد بـە حەپەسـاوی سەیرێکی جەیرانی کردو قسەکەی کرد بەگاڵتە:

جەیران خان تۆ تائێستا ئارامت گرتـووە، تکـات لێدەکـەم چـەند کاتژمێرێکی تر دانبەخۆتدا بگرە، بەسەر چاو، بەیانی خـۆر ناکـەوێت دەتبەم بۆماڵی پورت، باشە ئازیزەکەم ڕازیت؟

جەیران بەقسەکەی جەواد خۆشحاڵبوو ڕوی تێکردو گوتی:

دەی چاوەکانت بنوقێنە، جەواد چاوەکانی داخست و گوتی:

نەکا بتەوێت بەچـاو بەسـراوی بمبـەیت، جـەیران ماچـێکی سـەر ڕومەتی جەوادی کردو پەپرتاو گەڕایـەوە بـۆ سـەر جێگاکـەی خـۆی. جەواد بە پێکەنینەوە گوتی:

چی بووە؟ ئێستا ئیتر دەتەوێت فیڵمان لێبکەیت؟ جەیران گوتی:



Scanned by CamScanner

تەنها ویسم سوپاست بکەم هەرئەوە.

بەدەرکەوتنی خۆر ڕۆژێکی تـر دەسـتی پێکـرد، ئـەو دوانـە پـاش نانخواردنی بەیانی بەرەو ماڵی پـووره بـەدری بەڕێکـەوتن. جـەیران پەلـەی بـوو، بـەڵام سـاتەکان بەسستـی تێدەپـەڕین، لەوەیکـە لـەو هەلومەرجەدا کچە پورەکەی دەبینی کەدۆسـتو هـاوەڵی بـوو، دڵـی ئـۆقرەی لێبڕابـوو، دوای چـەند کاتـژمێرێک مانـەوە، سـەرەنجام گەیشتنە شوێنی مەبەست. نەسرین دەرگاکـەی لێکردنـەوە. ئـەوان یـەکترینیان لـە ئـامێز گـرت، جـەیران لەوەیکـە دووبـارە بـەوان گەیشـتبوەوە فرمێسـکی شـادی لەچـاوەکانییەوە بەربوویـەوە. پـاش چاکوچۆنی و یەک ماچکردن بەرەو ژوورەوە ڕێنمایی کران، نەسـرین بـۆ خۆشـحاڵییەوە بـانگی دایکـی کـرد کـە لـە چێشـتخانەکەدابوو، پورەبەدری لەبینینی ئـەوان گـەلێک خۆشـحاڵبوو پـاش ئەحواڵپرسـی لەجەواد و ماچکردنی جـەیران، چـوونە ژووری میوانداریـیـەوە. دوای هەموو قسەیەک جەیران هەواڵی باوکودایکی پرسی، پووری گوتی:

لەپاش ڕۆشتنی ئێوە باوکودایکت گەلێک نیگـەران بـوون، هـەتا کاتێک باوکت لە باسەکە تێگەیشت خورپەی لێکـەوت و تەندروسـتی تێکچوو، چەند ڕۆژێک لە نەخۆشخانەدا کەوتبوو، ئەقدەسـی بێچـارە گەلێک نیگەران بوو، بـەڵام لـە سـایی خـوداوە تەندروسـتی باوکـت باشتر بووە و دەتوانێت بچێتە سەر کارەکەی.

جەیران بەبیستنی ئەو قسانە خەم دایگرت و گوتی:

Scanned by CamScanner

پووری گیان دایکم چی؟ باوکم شەڕی لەگەڵ نەکرد؟

پووری گوتی:

نە ئەزیزم ئیتر کار لەو قسانە تێپەڕیبوو، ئیتر باوکت تێگەیشت کە بەهەڵەدا چووە، بەڵام غروری مۆڵەتی پێ نادات کە بەزمان بیڵێ، دایکت زۆر لەگەڵیدا قسەیکرد.

جەیران گوتی:

پووری گیان دەگونجێت بچم بۆ ماڵ خۆمان؟ یانی باوکم ڕێگام دەدات؟

پووری کەمێک بیری کردەوە و گوتی:

واباشترە سەرەتا لەگەڵ دایکتدا قسەبکەیت، بزانە بارو دۆخ چۆنە. بەو جۆرە باشترە.

جەیران بەتاسەوە بەرەو لای تەلەفۆنەکە چوو گوتی:

ئەگەر ڕێگە بدەن تەلەفۆنێک لەگەڵ دایکمدا دەکەم، چونکە دڵم گەلێک بۆی پەرۆشە. ئەقدەس خانم لە حەوشەکەدا سەرقاڵی ئاودانی باخچەکە بوو، باوکیشی لەسەر کار بوو. پاش ڕۆیشتنی جەیران، ئەو هیچ ئارەزووی لەکار کردن نەبوو، بەردەوام بەدوای شتێکدا وێڵ بوو کە خۆیشی نەیدەزانی ئەو شتە ونبووە چییە؟ هەر لەوکاتەدا زەنگی تەلەفۆنەکە ئەوی بەئاگا هێنا. پاش لێدانی چەند زەنگێک پەیتا پەیتا بەبێ حەوسەڵەیی چووە ژوورەوە و تەلەفۆنەکەی هەڵگرت. بەبیستنی دەنگی پشت تەلەفۆنەکە گیانێکی تازەی هاتەوە



Scanned by CamScanner

بەبەردا، هەموو نیگەرانییەکانی فەرامۆش کـرد، توانـای ڕاوەسـتانی نەبوو، لەسەر کورسییەکە دانیشتـو سەرقاڵی گفتوگۆ کردن بوو:

کچی خۆم تۆ حاڵت باشە؟ کچی دایە لە کوێوە تەلەفۆن دەکەیت؟

جەیران بەبیستنی دەنگی دایکی فرمێسک لە چاوەکانییەوە ئەڵقـەی بەست. جەیران گوتی:

لە تارانەوە تەلەفۆن دەکەم، چەند ڕۆژێکە گەڕاوینەتـەوە، ئێسـتا واملەماڵی پوورم.

ئەقدەس خانم کە ئۆقرەی لەبەر بڕابوو بەخۆشحاڵیەوە گوتی:

کەواتە لەتەبرێز گەڕاویتەوە؟ جەواد لەکوێیە؟ حاڵی باشە؟ جەیران ڕوی کردە جەواد و زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و گوتی:

بەڵێ، دایە گیان. چەند ڕۆژێک دەبێت گەڕاوینەتەوە. جـەوادیش لێرەیەو سلاوی بۆتان هەیە.

ئەقدەس خانم کە بۆ بینینی جـەیران و زاواکـەی بەتاسـەوە بـوو، ساتژمێری دەکرد بەتاسەوە گوتی:

جەیران گیان، بۆچی نەهاتیتەوە بـۆ مـاڵی خۆمـان؟ مـن و باوکـت گەلێک دڵمان بۆت تەنگ بوو.

جەیران کە بەتەواوی خرۆشابوو، بەحەپەسانەوە گوتی:

دایە، یانی! باوکم کاری بەسـەرمەوە نییـە، ئـیتر رقـی لـێم نییـە، هیچی لەگەڵ جەوادیشدا نییە؟

جەواد بەبیستنی ئەو قسانە، لەنێو بیرکردنەوەدا ڕۆچووبوو، هاتـە لای جەیران و هەوڵیدا گوێ لەقسەکانی دایکی جەیران بگرێت، بەڵام بەئاستەم گوێبیستی دەبوو، کاتێک ئەو کارەی بێئاکام بینی، دەستی کرد بەپیاسەکردن بەژوورەکەدا. ئەقدەس خانم لـەوەی کـە چیتر گرفتێک بۆ بینینی کچەکەی لەئارادا نەمابوو، بەئاسانی دەیتوانی کـچ و زاواکەی ببینێ، زۆر دڵخۆش بوو و گوتی:

باوەڕ بکە ئازیزم لەپاش ڕۆیشتنی تۆ زۆر لەگەڵیـدا دووام، هـەتا کاتێک تێگەیشت کـە تـۆ بۆچـی ڕۆیشـتوی، سـەکتە لێـی دا، بـەڵام سوپاس بۆ خوا بەخێر گەڕا. هەر ئەو نەخۆشییە بووە هـۆی ئـەوەی کە پەی بەهەڵەی خۆی ببات، ئێستا زوو کە. هەسـتە وەرە بـۆ مـاڵی خۆمان، چونکە دڵم خەریکە لەسینەمدا دێتە دەرەوە. هەر لەو کاتەدا پووری جەیران ئاماژەی بەوە کـرد کـە دەبێـت لـەپاش نـانخواردنی نیوەڕۆ بڕۆن، جەیران بەدایکی گوت:

نا دایە گیان، پوورە بەدری ئەرکی کێشاوە و نانی نیوەڕۆی ئامادە کردوە، بەڵام دڵنیا بـە پـاش نـانخواردن دێـین. باشـە دایـە گیـان، کەوایە ماڵئاوا.

ئەقدەس خانم گەلێک خۆشحاڵ بوو. دەستێکی بەماڵەکـەدا هێنـاو پاش ئەنجامدانی کارەکان لەماڵ چووە دەرەوە تاکوو کـەمێک میـوەو شیرینی بکڕێت، گەلێک دڵی خۆش بوو. شـەوقی بینـینی کچـەکەی، لەحاڵی ئاسایی بردبوویە دەرەوە، باوکیشـی لەسـەر کـار گەڕابـەوە

Scanned by CamScanner

لەگەڵ پێشوازییەکی گـەرەمی هاوسـەرەکەیدا رووبـەڕوو بوویـەوە.
لەپاش رۆیشـتنی جـەیران ئەقـدەس خـانم، حەوسـەڵەی ئـەو جـۆرە کارانەی نەمابوو، کەواتە چ شتێک روویداوە؟ ئەوانـە پرسـیارگەلێک بوون کە بەخەیاڵی باوکیدا گوزەری دەکرد، بەڵام وەڵامێکی بـۆ ئـەو پرسیارانە دەستگیر نەدەبوو. بەسەرسوڕمانەوە پرسی:

خانم، چی روویداوە؟ ئەمڕۆ ڕۆژ لەکوێوە هەڵهاتووە؟

ئەقدەس خانم دڵخۆش و دەم بەپێکەنین وەڵامی دایەوە:

ئاخر ئەمڕۆ یەکێک تەلەفۆنی کرد، ئەویش حەپەسـاوتر لەپێشـوو پرسی:

کێ تەلەفۆنی کردووە کە بەمشێوەیە بۆتە جێگـای خۆشـحاڵی تـۆ؟
ئەقدەس خانم چاوێکی داگرت و گوتی:

قسە بکە بزانە تەلەفۆنی چ کەسێک دەتوانێ من خۆشحاڵ بکات؟
ئەویش بەبێتاقەتی لەسەر قەنەفەکە دانیشت و گوتی:

ئێمـە کەسـێکی وامـان نییـە. لـەپڕ لەجێگاکـەی هەسـتایەوە و بەپەشۆکاوی گوتی:

ناشـێ! ناشـێ! جـەیران تەلـەفۆنی کردبـوو؟ وایـە ئەقـدەس؟
ئەقدەس خانم بەخۆشحاڵیەوە وەڵامی دایەوە: بەڵێ، راسـتت گـوت، کیژەکەمان تەلەفۆنی کردووە. ئەویش زەردەخەنەیەکی دڵخۆشانەی کردو لەوەی کە سەرەنجام هەواڵی جەیرانی بیسـتبوو، هەناسـەیەکی

Scanned by CamScanner

ئاسوودەی هەڵکێشا. ئەو بڕیاری دابوو قەرەبووی رابردووی بکاتەوە. پرسی:

باشە لەکوێوە تەلەفۆنی کرد؟ ئەویش گوتی:

لـــەماڵی خوشـــکەکەمەوە، لەتـــەبریز گەڕاوەتـــەوە. ئـــەویش بەسەرسوڕمانەوە گوتی:

لـــەماڵی بەدرییـــەوە؟! بۆچـــی نـــەهاتن بـــۆ ئێـــرە، پاشـــان زەردەخەنەیەکی کردو گوتی:

ناشیٚ ئاغا جەواد ئێمە بەشایستە نەزانێت. ئەقـدەس خـانم هاتـە ناو قسەکانییەوە و گوتی:

نە بابە، جەیرانی بێچـارە لەوەترسـاوە، نـەکوو ئـەمجارەش وەك پێشان لێی تـوورە ببیـت. ئـەو نـازانیٚ کـە ڕەوشـتی ئێـوە بەقـەدەر ئاسمان و زەوی گۆڕاوە.

سەرەنجام کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ زەنگی دەرگـای ماڵەکـەیان بەدەنگ هێنا. باوك و دایکی بەبیستنی زەنگەکە سەراسـیمە بـوون، هەر وەك ئەو رۆژەی کە جەیرانی تێدا لەدایك ببوو، دایکـی جێگـای بـەخۆی نـەدەگرت. هـەردووکیان بـۆ کردنـەوەی دەرگاکـە چـوونە حەوشەکەوە، ساتێکی کەم وێنـە بـوو. جـەوادو جـەیران بەشـەرم و حەیایـەکی تایبەتییـەوە چـوونە ژوورەوە. جـەیران پـاش سـڵاوکردن دەستی باوکی ماچ کردو دەستی کرد بـەگریان. دایکیشـی بـەبینینی ئەوان فرمێسکی شادی هەڵوەران. جەواد حەپەسابوو کـە دەبـیٚ چـی



Scanned by CamScanner

بکات، ئایا ئەویش قەبولْ دەکەن؟ باوکی بەرەو لای جەواد هات و دەستی خستە سەر شانی، جەواد سەری هەڵبڕی و لەچاوە ماندووەکانی ڕاما، نیگای میهرەبانانە بوو. کەواتە دەبێت وەڵامی ئەو میهرەبانییەی بداتەوە. دەستی باوکی پیری گرت و ماچی کرد. بۆ ئەوەی کە وەک یەکێک لەخۆیان پێشوازییان لێکردبوو، شەرمەزار بوو. ئەقدەس خانم و جەیران بەبینینی ئەو دیمەنە، شێوابوون. ئەوان بەرەو ژوورەوە ڕێنمایی کران، پاش ئەحواڵپرسی و خواردنی میوە و شیرینی، جەواد هاتە قسە و گوتی:

باوکە ... دایکە... بمانبەخشن لەوەی کە ... لەوەی کە بەبێ مۆڵەتی ئێوە زەماوەندمان کرد. ئێمە جگە لەمە چارەیەکی ترمان نەبوو. لەوەی کە وەک باوکێک هەڵسوکەوتت لەگەڵمدا کرد، منەتبارت کردم. سوپاست دەکەم.

باوکی جەیران خۆشی لەشێوەی ڕووبەڕووبوونەوە و ئەدەبی قسەکردنەکانی هات و بۆ ئەوەی لەبارەی ئەوەوە دوچاری هەڵە ببوو، لەدڵی خۆیدا شەرمەزار بوو. بەرێزەوە گوتی:

نە، کوڕی خۆم. من دەبێ سوپاسی تۆ بکەم کە بوویتە هۆی ئەوەی هەست بەهەڵەکانی خۆم بکەم، من تەمەنێک لەبێئاگاییدا بووم. گەلێک ستەمم لەجەیران کرد. دوو ساڵی لەباشترین ساڵەکانی تەمەنی لەبەر من بەفیڕۆدا. گەلێک بیرکورت بووم کە بەختەوەریم لەپارەو پوڵدا دەبینی. وام بیردەکردەوە کە ئەگەر کچەکەم پارەی

تەواوی هەبێت، ئیتر بەختەوەرە. چاوەکانم داخستبوو و تـەنها یـەک لای بابەتەکەم دەبینی، مانای خۆم. گرنگ جەیران بوو نـەک قسـەی من. ئەو لەبەر تەندروسـتی مـن، ملـی بـۆ زەماوەنـدێكی سـەپێنراو نەوی کرد. کەوابوو من بۆچـی مـافم بەجـەیران نـەدا؟ بۆچـی مـافی هەڵبژاردنم لێ زەوت کرد!؟ من دەمزانـی کـە کچـەکەم هۆشـیارە، دەمزانی کە هیچ کاتێک هەنگاوی هەڵە نانێت، بـەڵام نەمدەویسـت باوەڕ بکەم. من خۆم پابەندی کۆمەڵێک خورافاتی پووچ و بـێ بناغـە کردبـوو. کـاک جـەواد! هـەموو باوکودایكێـك بەختـەوەری منداڵەکانیان دەوێ، بەڵام دەبێ بـزانن بۆچـوونی ئـەوانیش گرنگـە. ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:

بەدبەختی ئێمەی جیلی کۆن ئەوەیە کە لـەباتی منداڵـەکانمان بڕیـار دەدەین. بێگومان ئەگەر لەسنووری ڕێنماییدا بێـت، گرفتێـك نییـە، بەڵام زۆر بەداخەوە ئێمە پێمان زیاتر ڕاکێشا و زیاتر لەخۆیان دڵمـان بۆیـان سـووتا و ئەنجامەکـەی ئـەوەبوو کـە خـۆت بینیـت. پاشـان نیگایەکی خۆشەویستانەی کردە جەیران و جـەواد و بەزەردەخەنـەوە گوتی:

ئەڵبەتە کاک جەواد، کچەکەی من خۆشەویستیەکی زیادی بۆ تـۆ هەیە و لەبەر تۆش هەموو کارێکی کردووە. هیوام وایە کە بتوانیـت بەختەوەری بکەیت، پێکەنینێکی کرد و گوتی:



Scanned by CamScanner

ئای ڕۆژگار... مرۆڤ چ کارێك ناکـات. پاشـان سـەیرێکی جـەوادی کردو گوتی:

باشە، لەبارەی خۆتانەوە بدوێن، لەماڵی باوکت دای؟ جەواد تیلەی چاوێکی گرتە جەیران و گوتی:

نـا، زۆر بەداخــەوە. تاکــە نــاڕازی زەماوەنــدی ئێمــە تــەنهاتۆ نــەبوویت. دایکــی منــیش رازی نــەبوو، ڕاســتیەکەی لەبــەر ئــەوە لەمیوانخانەداین، بەنیازم بەیانی بەدوای ماڵێکی کرێدا بگەڕێم.

باوکی بەدڵتەنگییەوە گوتی: میوانخانە بۆچی؟ ژوورەکـەی جـەیران دەستی لێنەدراوە، دەتوانیـت لێـرە نیشـتەجێ بیـت، تـاکوو مـاڵێکی گونجاوتان دەستگیر دەبێـت. لـەبارەی دایکیشـتەوە نیگـەران مەبـە. ئەویش وەك من بیر دەکاتەوە. سەرەنجام رازی دەبێـت. قسـەکان گوڵیان کردبوو، جەیران جێی بەخۆی نەدەگرت، دنیا بـەلای ئـەوەوە جوانتر ببوو. بـاوك و دایکـی لەگەڵیـدا میهرەبـان بـوون، هاوسـەرە دڵخوازەکەی لەتەنیشتیدا بوو، هەر بۆیە خۆی بەبەختەوەرترین ژنـی دنیا دەزانی، ئەو ئیتر لەژیانـدا چـی دەویسـت؟ هـەر ئارەزوویـەکی هەبوو، بەدەستی هێنـابوو. لەبازنـەی ژیـانی ئـەودا تـەواوی ئەوانـە هەبوون. تەنها شوێنی بەتاڵی شتێك لەو ژیانـەدا هەسـت پێـدەکرا. ئەویش منداڵێك بوو کە شیرینی دووبارە بـەژیانی ئـەو ببەخشـێت. ئەو لەمێردە کۆنەکـەی منـداڵی نـەبوو، هـەموان وایانـدەزانی کـە جەیران نەزۆکە، بەڵام بـەو جـۆرە نـەبوو. ئـەو خـۆی نەیدەویسـت

منداڵی ببێت، چونکە دەیزانی کە ژیانی لەگەڵ سپهردا زۆر بەردەوام نابێت و تەنها ئەنجامی لەگەڵیدا جیابوونـەوە دەبێـت و لـەم نێـوەدا بێگوناهێک دەبێتـە قوربـانی. بەزانسـتی پێشـکەوتوو خـۆی لـەبوونی منداڵ بێبەش کرد. بێئاگا لەوەی کە ڕۆژگار چی یارییەکی پێدەکات.

Scanned by CamScanner

# "چارەنووسی نادیار"

مانگێك بەسەر ئەم رووداوەدا تێپەڕیبوو، بەهار بوو، بەهارێکی تریش هاتبووە نێو ئەو ماڵەوە. گوڵەکانی باخچە بەتەواوی پاراو بوون. جەیران لەتەنیشت پەنجەرەی ژوورەکەوە وەستابوو، سەیری باخچە بچووکەکەی حەوشەی دەکرد. جەواد هێشتا لەخەو بەئاگا نەهاتبوو. جەیران سەری شانە کردبوو، خۆی بۆ رۆژێکی تر ئامادە دەکرد. هاتە لای تەختەکەی جەوادەوە و بەمەبەستی بێدارکردنەوەی دەستی بەقژیدا دەهێنا. جەواد نەنوستبوو، لەگەڵ باوێشکدانێکی دەستکرددا بەرەو لای جەیران وەرگەڕاو سەیرێکی کرد و گوتی:

بوکە تاقانەکەم، تۆ خەوت نییە؟ یاخود من بوومەتە هۆی بێ خەویت؟ پاشان بای کردە خۆی و گوتی:

بێگومان هەق بەتۆیە، گیانەکەم من ئێسقانی پەپوسڵێمانەم پێیە، شێتوشەیدام بوییت، توگیانی خۆت وانییە؟

جەیران بەقسەکەی جەواد پێکەنی و گوتی:



Scanned by CamScanner

لەخۆڕازی، هەرگیز بەو شێوەیە نییـە. تـەنها دەمویسـت پێکـەوە بچین بۆ حەوشە. تاکوو لەم هەوای بەهارە چـێژ وەربگـرین و پاشـان چووە لای پەنجەرەکەو پەردەکەی لاداو گوتی:

ئاخر ئەو هەوا خەسار نییە؟ جەواد بەپڕتاو گوتی:

بۆچی... بۆچی لەراستیدا لەگەڵ بۆچونەکەی تۆدا هـاوڕام. پاشـان بەئاوازێکی تایبەت گوتی:

ئەو هـەوا خەسـارە، کـە نەچـێتە سـیەکانی مـن و تـۆوە. بەپەلـە لەتەختەکەی هاتە خوارەوەو دەستی جەیرانی گرت و بەکێشـمەکێش بردیە لای دەرگاکە. جەیران کە پێکەنینێکی توندی پـژابوو، ئامـاژەی بەجەواد داو گوتی:

ئارام بگرە جەواد، دەتەوێت بەو حاڵەوە برۆیت، هەر هیچ نەبێت جلەکانت لەبەر کە، جەواد بەسەرسوڕمانەوە لەخۆی ڕوانی، بەبینینی جلی ژێرەوەی پێکەنی و بەتوندی دای بەتەوێڵی خۆیدا و گوتی:

من چەندە بیر پەرتم، هەموویشی خـەتای تۆیـە. جـەواد، بـەرەو لای چوو، بەڵام جـەیران ئـەو هەلـەی قۆسـتەوە و بـەڕاکردن چـووە خوارەوە.

جـەیران لەپێشـوازیدا دانیشـتبوو، یـاری بەقژەکـەی دەکـرد. جـەوادیش پاش لەبـەرکردنی جلـەکانی بەدوایـدا هاتـە خـوارەوەو جەیرانی لەهۆڵەکـەدا دۆزییـەوە. بـەلای جـەوادەوە ڕەنگـی جـەیران

Scanned by CamScanner

کەمێک پەڕیو دەهاتە پێش چاو، بەو هۆیەوە لەسەر سەری ڕاوەستا و گوتی:

چیتە جەیران؟ بۆچی ڕەنگ بەڕووتەوە نەماوە؟ جەیران کە ژانەسەرە هەمیشەییەکەی سەری لێ دابۆوە، بەبێ تاقەتییەوە گوتی: شتێک نییە کەمێک سەرم ژان دەکات، زۆریش نا.

لەو کاتەدا دەنگی دایکی ئەوانی بەئاگا هێنا، ئەوان لەسەر قسەی هەردوکیان لەژوورەکە چوونە دەرەوە، لەسەر مێزی نانی بەیانی، حاڵی جەیران هەر بەو جۆرە بوو، ڕەنگی پەڕی بوو، سووری لێوەکانی شین هەڵگەڕابوو و نەیتوانی خۆی کۆنترۆڵ بکات، ئەگەر جەواد هاوکاری نەکردایە، دەکەوتە سەر زەوی، دایکی بەپەشۆکاوی خۆی گەیاندە لایان و لەبینینی ئەو دیمەنە هۆشی لای خۆی نەماو گوتی: چی بووە جەواد ئاغا؟ چ شتێک ڕوویداوە؟ جەواد کە دەستەپاچە ببوو، گوتی:

نازانم دایە گیان ، هەموو شتێک لەیەک ساتدا ڕوویدا، هەر ناشزانم چی بوو؟ جەیرانیان بردە ژوورەوە، بەهەمان حاڵەوە لەسەر تەختەکەی کەوتبوو، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، بەڵام ڕوخساری لەجاران جوانتر خۆی دەنواند. ئازارێکی گەورەی لەدڵدا بوو، نەیشی دەتوانی بەیانی بکات. گریان گەرووی گرتبوو، سەیرێکی جەوادی کرد کە لەتەنیشتیەوە دانیشتبوو، گوتی:

ئەزیزم نیگەران مەبە ، سەرمام بووە، هەر لەو ساتەدا خـۆی پـێ نەگیراو دای لەپرمەی گریان. دڵی گیرابوو. لەشتێك دەترسا، جـەواد خێـرا دەسـتی جـەیرانی نایـە نـاو دەسـتی خـۆی و دەسـتی کـرد بەدڵدانەوەی و گوتی:

بەڵێ ئازیزم. جگە لەوە ناشێ شتێکی تـر بێـت. ئێسـتا خانمەکـەم بۆچی دەگریت؟ مەگەر منداڵی؟ کـەمێك زەختـت دابـەزیوە و هـەر ئەوە. باوەڕ ناکـەی، هەسـتە بـا بچـین بـۆ لای پزیشـك تـاکو پـێتی بسەلمێنم کە شتێك نییە. جەیران بەئارامی سەری نایـە سـەر قاچـی جـەواد و چـووە خەیاڵـەوە. ئـەو ماوەیـەکی دوور و درێـژ بـوو کـە سەرئێشەی هەبوو. بەڵام لەجەوادو ... دەشاردەوە. هەتا لەبەر ئـەو ژانە سەرە شەوان خەوی لێ نەدەکەوت.

ئەو ئێوارەیە جەیران نەیتوانی لەسەر مێزی نانخواردن ئامادەبێت، جەوادیش لای مایەوە بۆ ئەوەی تەنها نەبێت. باوك‌و دایکـی لەمـەڕ نەخۆشی کچەکەیانەوە گفتوگۆیان دەکرد. ئەوان زۆر نیگەرانی حـاڵی ئـەو بـوون. بـاوکی سەرزەنشـتی خـۆی دەکـردو خـۆی بـەهۆکاری نەخۆشیەکەی جەیران دەزانی.

ئـەم قسـانە چـییە جـەیران، مەگـەر بەدەسـتی خۆتـە. جـەیران بەنیگەرانی و هاوارەوە گوتی:

بەڵێ، بۆچی نە، بەمەیلی خۆم نییە. جەواد کە ئەو قسانەی بـەبێ سوود دەزانی، بەدەستە پاچەییەوە گوتی: ئـاخر ئـازیزم، تـۆ بۆچـی

Scanned by CamScanner

تێناگەی، تۆ دەبێت سەردانی پزیشک بکەیت تاکوو ئاشکرا بێت کە شتێک نییە. بەمجۆرەش هەم من نیگەرانم. هەم باوک و دایکیشت. تکات لێدەکەم جەیران کەمێک وردبین بە.

جەیران خۆی بەسەر تەختەکەیدا دا و هۆن هۆن دەگریا و لەنێوان گریانەکەیدا دەیگوت:

جـەواد مـن دەترسـم. بۆچـی ناتـەوێت تێبگـەیت؟ دەترسم نەخۆشییەکی خراپم هەبێت. ئەو کات چی؟ نەزانم باشترە، هەر هیچ نەبێت ئاسودەتر دەمرم. جەواد نەیهێشت قسەکەی تـەواو بکـات و گوتی:

بیبڕەوە جەیران. مـرۆڤ بەسـەر گێـژ بوونێـک نامرێـت. پاشـان کەوتە پاڕانەوە و گوتی:

گیانی جەواد گوێ بۆ قسەکانم بگرە. بـەناخێری مـن هاوسـەرتم. مافی خۆمە کە نیگەران بم. پاش زۆرێـک تکـا و پاڕانـەوە سـەرەنجام چوونە لای پزیشـک. جـەواد لەوەیکـە نەخۆشـیەکەی جـەیران ژیانـە نوێیەکەیانی بەچۆکدا هێنابوو، نیگەران بوو، پەنای بەخودا بردبـوو و هەموو شتێکی بەدەستی ئەو سپاردبوو.

پاش چـەند کاتـژمێرێک هـەردووکیان گەڕانـەوە، جـەیران خـۆی هاویشتە باوەشی دایکیەوە و گوتی:

هیچ نەبوو دایە گیان، کەمێک زەختم دابـەزیبوو، هـەر ئەوەنـدە. دایکی سوپاسی خودای کرد و گوتی:



Scanned by CamScanner

ئێستا زانیت کە بە بێهودە ترسای. پاشان سەیری دەوروبەری کردو گوتی:

ئەی جەواد کوا؟ مەگەر پێکەوە نەهاتنەوە؟ جەیران سەیری ئەملاولای کرد و گوتی: ئای، ئێستا لێرە بوو، بۆچی غەیب بوو؟ پاشان بەدایکی گوت: جەوادی بێچارە زۆری خەم خوارد، ئەگەر کارێکت نییە با بچم بۆ لای.

دایکی کە چیتر خەیاڵی لەبارەی ئەوەوە ئاسودە بوو، بەخۆشحاڵییەوە گوتی:

نە ئازیزەکەم، کارم نییە، برۆ.

جەیران لەسەرخۆ چووە ژوورەوە. جەوادی بینی کە لەسەر تەختە خەوەکەی راکشابوو لەبیرێکی قووڵدا بوو. ئەوەندە لەبیرکردنەوەدا رۆچووبوو کە لەژوورەکەدا هەستی بەبوونی جەیران نەدەکرد. غەمگین دەهاتە بەرچاو. جەیران لەسەرخۆ لای دانیشت و دەستی خستە سەر شانی و گوتی:

چیتە جەواد؟ بۆچی نیگەرانی؟ پاشان بەگاڵتەوە بەردەوام بوو:

ناشێ لەمردنی من نائومێد بوویت، یانی تا ئەو رادەیە لەدەستم ماندوویت. ئەو قسانە جەوادیان ئازار دەدا. ئاخر بۆچی دەبوو جەیران ئەو قسانە بکات؟ ئەو بەدڵتەنگییەوە هەستاو هاتە لای پەنجەرەکەوە، گریان بینی گرتبوو بەئەستەم دانی بەخۆیدا گرت و گوتی:

Scanned by CamScanner

ئــەو قســانە چــییە خۆشەویســتەکەم، بۆچــی دەبــێ لەدەســتت ماندووبم، من تازە تۆم بەدەست هێناوە. بەرەو لای جــەیران هــات، بەنیگایەکی کاریگەر لەچاوی مەعشوقەکەی ورد بوویەوە و گوتی:

من لــەپاش تــۆ چ کــارێکم بــەژیان داوە؟ هەناســەکانی تــۆ منیــان بەزیندویی هێشتۆتەوە و پاشان دەستەکانی جەیرانی بــۆ لێــوی خــۆی بردو ماچی کردن. جەیران بەسەرسوڕمانەوە خۆی بەرەو لای کێشا و گوتی:

جەواد، نەخۆشی؟ کوڕە دەڵێی تەندووری ســوورەوەبووی. جــەواد لەگەڵ گریانێکی تاساودا گوتی:

بەڵێ، نەخۆشم، تکات لێدەکەم بەتەنها جــێم بهێڵــە. جــەیران کــە مانای قسەکانی ئەوی نەدەزانی، بەحەپەسانەوە گوتی:

ئەدی نانی ئێوارە ناخۆی؟ دایکم ئەمشەو لەبــەر تەندروســتی مــن شایی ساز کردوە، ئێستاش ناتەوێ بێی؟

جەواد بەمنجە منج گوتی:

بۆچی... بۆچی هەر ئێستا دێم، ساتێک پشوو بــدەم، چــاک دەبم. نیگەران مەبە.

هەموو لەسەر مێــزی نــانخواردن ئامــادە بــوون کــە جــەواد هاتــە ناویانەوە، چاوەکانی سوور هەڵگــەڕابوو. جــەیران بەسەرســوڕمانەوە سەیرێکی کرد و گوتی:

جەواد گریاوی!؟

Scanned by CamScanner

جەواد بەدەستەپاچەییەوە گوتی:

نە... نە، بۆچی مەگەر؟ جەیران بزەیەکی کردو گوتی:

لەوانەیە دڵت بۆ دایکت تەنگ بوویێت. جەواد کـە لەوەڵامەکـەی تیا مابوو، دڵتەنگی بەبەهانەیەکی گونجاو زانی و بەو هۆیەوە جەڵـەی سەری قسەکانی ئەوی پەسەند کرد.

بەڵام نەخۆشی جەواد شتێکی تر بوو، نهێنییـەك لەدڵیـدا بـوو کـە تـەنها خـۆی و خـودا دەیـانزانی. بـاوکی بـەردەوامی بەقسـەکەی جەیراندا و گوتی:

ئەوە شتێك نییە کوڕی خۆم. بەیانی هەواڵی خێزانەکەتان بپرسە. هەم خۆت ئارام دەبیت و هەم ئەوانیش خۆشحاڵ دەبن.

بارودۆخی روحی جەواد لەقاڵب درابوو، چیتر ئـەو پیـاوەی پێشـان نەبوو. قسەی لەگەڵ کەس نەدەکرد. هەمیشە لـەکونجی تەنهاییـدا بوو. لەو بارودۆخە ماندوو ببوو. جەیرانیش لەو حاڵەی ئەو کـەوتبوە گومانەوە. جـەوادی دەبـینی کـە شـەوان بەترسـەوە لەخـەو بـەئاگا دەهاتو بەدزی ئەمـەوە دەگریـا. بۆچـی چ شـتێك روویـدابوو؟ ئایـا کارەسـاتێك خـەریك بـوو روو بـدات؟ بـۆ چ کەسـێك؟ وە چ کارەساتێك؟ ئەوانە پرسیارگەلێك بوون کە جەیران لەخۆی دەپرسـی و وەڵامێکی بۆیان دەزگیر نەدەبوو. تا ئەوە بوو رۆژێك لەکاتێکدا کە جەواد لـەژێر درەختەکـەدا دانیشـتبوو، جـەیران خـۆی گەیانـدێ و بەتەنیا کۆکەیەك خۆی ئاشکرا کرد. جـەواد پێـی زانـی و بەناچـاری

Scanned by CamScanner

سەیری جەیرانی کرد. جەیران کە چیتر لەنهێنکاری ئەو ماندوو ببوو، گوتی:

جەواد بۆچی لێرە بەتەنها دانیشتووی؟ چ شتێکە لێمی دەشاریتەوە؟ بەمنیش بڵێ، من هاوبەشی ژیانی تۆم. بۆچی دەتەوێت ئەم هـەموو ڕەنجە بەتەنها هەڵبگریت؟ کەمێک بێدەنگ بوو و پاشان گوتی:

تۆ چیتر جەوادەکەی جاران نیـت، نـەکا ... نـەکا لەدەسـتم بێـزار بوو بێت، یان ئەوەی کە چیتر خۆشت نەوێم. پێم بڵێ جـەواد توانـای بیستنم هەیە. جەواد کە لەبیرکردنەوەی خۆیدا نوقم ببوو، نیگایەکی میهرەبانانەی کردە چاوە ئەفسوناوییەکانی جەیران و ئاهێکی سـاردی هەڵکێشا و گوتی:

جەیران، ئاگات لێ نییە. جگە لەخودا هیچکەس لەدڵی پڕ ژانی مـن ئاگادار نییە. ڕۆژگار یارییەکی سەختی لەگەڵمـدا دەسـت پێکـردوە. خەریکە لەم یارییەدا شکستم پێدەدات، تێدەگەیت جەیران، شکست دێنم و فرمێسک لەچاوەکانیدا قەتیس مان.

جەیران کە هیچ لەو قسانە تێنەگەیشت، بەنیگەرانییەوە گوتی:

یاری چی جەواد؟ خۆت دەزانی دەتەوێ چی بڵێـی؟ ڕوونـتر بـدوێ تاکوو منـیش تێبگـەم. جـەواد لەشـوێنی خـۆی هەسـتا و بـەرەو لای جەیران هات و دەستی خستە سەر شانەکانی و گوتی:

Scanned by CamScanner

ئازیزەکەم! ئایندە هەموو شـتێک ئاشـکرا دەکـات و بەنائومێـدی لەوێ دوور کەوتـەوە. جـەیرانیش لـەو قسـانە مـات بـوو و کەوتـە بیرکردنەوە.

ئاورینگی دەمەوبەیان کەوتبوونە سەر گەڵای درەختەکان و تیشـکی زێڕینی خۆر دووبارە تینی بەژیان دەبەخشی. دایکی سەرقاڵی ئاودانی باخچەکە بوو. جـەیرانیش بـەجریوەی بەسـۆزی باڵنـدەکان بـەئاگا هات. جلـەکانی گـۆڕی و ڕۆیشـت تـاکوو لەتەنیشـت ئـەودا بێـت. ئەقـدەس خـانم بـەبینینی کچـەکەی زەردەخەنەیـەک هاتـە سـەر لێوەکانی و جەیرانیش لەگـەڵ سـڵاوکردندا ماچێکی ئاراسـتە کـرد. هێشتا چەند هەنگاوێکی هەڵنەگرتبوو، کە ڕەشایی بەسەر چاوەکانیدا هات و بەهەر جۆرێک بوو خۆی گەیاندە لای درەختەکان.

دایکی بەبینینی ئەو دیمەنە سۆندەی ئاوەکەی فڕێدا و بـەرەو لای جەیران چوو، بەشپرزەییەوە پرسی:

چی بوە جەیران؟ ئەمجارەش سەرت گێـژی خـوارد؟ ئـاخر بۆچـی خـۆت ناپـارێزی و ئاگـاداری خـۆت ناکـەی و پاشـان بەخەمبارییـەوە گوتی:

هۆکـاری ئەوەیـە کـە ئـارەزووت لەشـتانێکی تـرش هەیـە و ئـەم بەڵایەت بەسەر دێت. جەیران کە سەرئێشە لایان لێ بڕیبوو، بەبێ حەوسەڵەیی گوتی:

Scanned by CamScanner

دایەگیان شتێک نییە ، سەرە سوڕەیەکی بچووک بوو، چاک دەبم.

بێئاگا لەوەی کە جەواد هەموو شتێکی لەپشتی پەنجەرەی ژوورەکەوە بەچاوانی خـەمگرتووی خـۆی دەبـینی و لەناخـەوە دەسـووتا. دەبـوو کارێک بکات. گوڵی عەشقی لەحاڵی هەڵوەریندابوو. بەبێ گوڵ، ژیـان بەچ دەردێکی باخەوان دەخوات. جارێکی تر جەواد جەیرانی بردە لای پزیشکی مێشـک و دەمـار، تـاکوو هۆکـاری نەخۆشـییەکەی دەسـت نیشان بکرێـت. رۆژ بەڕۆژ بالاّی بەرز و پێکەوتوی جەیران دەتوایـەوە و نیگا ئەفسوناوییەکانیشی بێ رەونەق و کز دەبوون و ژیان ماڵئاوایی لێ دەکرد و ئامادەی دەکرد بۆ سەفەرێکی دوورو درێژ.

پزیشک ئەمجارەش بەتەنها لەگەڵ جەوادا قسەی کرد و گوتی:

ئاغای فـەتاحی، هـەر بـەو جـۆرەی کـە پێشـتر گـوتم، هاوسـەری بەڕێزت گومانی نەخۆشییەکی ترسناکی لێ دەکرێـت، بـەلاّم جـۆری نەخۆشییەکەی لـەپاش شـیکاری دەردەکـەوێت، ئومێـدتان بـەخودا بێت. بێگومان دەبێت خودی نەخۆشیش ئاگاداربێت، تاکوو هاوکاری پێویستمان بکات. لەمەبەستم تێدەگەیت؟

جەواد بەنیگەرانییەوە گوێی بۆ قسەی پزیشک شل کردبوو و بیری لەئایندەی نادیاری خۆی و ئازیزەکەی دەکردەوە و بەخۆی دەگوت:

جەیران تازە مانای ژیانی هەست پێکردبوو، شەرابی عەشقی تـازە چەشتبوو، ئـاخر خودایـە چـۆن رازی دەبیـت ئـەو لـەمن بسـەنیت.

Scanned by CamScanner

جەیرانەکەم، هیوای ژیانم. ئەوانـە قسـە گـەلێک بـوون کـە جـەواد بەپەژارەوە لەگەڵ خۆی دەیکرد و وەڵامێکی نەدەبیست.

دەبوو وەڵامی شیکارییەکە ئاشکرا بێ، ئەو نەیـدەتوانی وشـەیەك بێنێتە سەر زمانی. رۆژی یەکەم بەهەزاران دڵەڕاوکێ و بێ تاقەتیەوە بەرەو لای پزیشك چوو، بۆ وەرگرتنی وەڵامێك کـە چارەنوسـی ئـەو دوانەی پێوە بەند بوو. دیار نەبوو کە خونچەی عەشـقی ئـەوان کـە هێشـتا نەپشـکوتبوو، سـەرەنجامی چـی دەبێـت، پزیشـك دوای قسەکردنێکی زۆر لەگەڵ جـەواددا، راسـتیەکی تـاڵی پـێ راگەیانـدو ئەویش ئەمە بوو:

جـەیران وەرەمـی مێشـکی هەیـە و دەبێـت بـەزوویی چارەسـەر بکرێت.

لەپاش بیستنی ئەو قسانە دنیـا لـەپێش چـاوی جـەواد تـاریکبوو. هەرچۆن بوو بەسەر خۆیدا زاڵ بوو. پزیشك گوتی:

ئاغای فەتاحی، من لەناخی دڵەوە بۆ تۆ و هاوسەرەکەت بـەداخم. ئێمەی پزیشك ئەرکێکی گرنگمان لەسـەر شـانە و ئەسـتەم تـر لـەو ئەرکانە وتـنی قسـەی راسـتەقینەیە بەنەخۆشـەکان. راسـتیەك کـە تاڵترە لە هەموو ژەهرێك. جەنابی فەتاحی، هیواتان بەخودا هەبێت، هەر خوایە کە دەرد دەدات و هەر ئەویشە دەرمانی بۆ دەنێرێت.

جەواد رەنگی هەڵبزرکابوو، بەحاڵەتی پاڕانەوەوە بەپزیشکی گوت:



Scanned by CamScanner

جەنابی پزیشک ئایا دەرمانێکی تایبەتی هەیە؟ من هەرچی هەمە و نیمە، بۆ چارەسەری جەیران سەرفی دەکەم. ئـەو بـۆ مـن لەهـەموو سەروەت و سامانی دنیا بـەنرخترە، کەواتـە هاوکـاریم بکـە، تکـات لێدەکەم. پزیشک بەباشی هەستی پێدەکردو وەرەمەکەش بەخێرایی لەمێشکی نەخۆشدا تەشـەنەی دەکـرد، پـاش کـەمێک بیرکردنـەوە گوتی:

گوێبگرە من تـەنها دەتـوانم کارێکتـان بـۆ بکـەم و هیـوادارم کـە خواوەندیش یارمەتیم بدات. بێگومان چانسی ژیانی زۆر کەمە، بەڵام دەبێت هەوڵی خۆمان بـدەین. ئـەو کـارە مەترسـیدارە بکـەین کـە ئەنجامەکەی نادیارە. جەواد کە دۆش دامـابوو، هـەموو دەرگاکـانی بەداخراوی دەبینی، بەخۆشحاڵیەوە پرسی:

چ ڕێگایەک جـەنابی دکتـۆر؟ هـەر ڕێگایـەک بێـت مـن قـەبووڵی دەکەم، هـەتا ئەگـەر پێویسـت بێـت ئەنـدامێک لەجەسـتەی خـۆم دەکەم بەفیدای هاوسەرەکەم. پزیشک کـە لەعەشـق و وابەسـتەیی ئەو پیـاوە بەهاوسـەرەکەیەوە ئاگـادار بـوو، زەردەخەنەیـەکی تـاڵی خستە سەر لێوەکانی و گوتی:

نەشتەرگەری، یان ڕوونتریلێم نەشـتەرگەری مێشـک کـە دەبێـت لـەدەرەوەی وڵات ئـەنجام بـدرێت، زۆر بەداخـەوە ئێمـە هێشـتا کەرەستەی پێویستمان لەبەر دەسـتدا نییـە کـە بتـوانین ئـەو جـۆرە نەشتەرگەرییە لەئێراندا ئەنجام بدەین، بەڵام من لەئەمریکادا چەند

Scanned by CamScanner

پزیشکێکی ئاشنام هەن کە ئومێـدەوارم ئـەوان بتـوانن یارمەتییـەکی بەسوودمان بکەن.

ئێوارەیەکی خەماوی بوو، جەیران لـەژێر داربییەکـەدا دانیشـتبوو، سەرقاڵی تەماشاکردنی وەرینی گەڵای درەختەکە بوو، بێئاگـا لـەوەی کە خۆیشی هـەر وەک ئـەو گەڵایانـە لـەحاڵی وەریـنـدا بـوو. جـەواد بەئارامی هاتە لای جەیرانەوەو بـەبینینی روخسـاری بـێ رەنگـی ئـەو بڕیاریدا کە راسـتیەکەی چـۆنە، هـەر بـەوجۆرە پێـی ڕابگەیـەنێت، بەدەنگێکی.گیراوەوە گوتی:

جەیران ... دەنگی جەواد جۆرێک بوو کـە ئـەو بەپەشـۆکاوییەوە سەیرێکی کردو جەواد دووبارە بەمنجە منج بەردەوام بوو:

خۆشەویستەکەم گوێبگرە ... ئێمـە دەبێـت راسـتییەکان قـەبوڵ بکەین، هەر بەو جۆرەی کە هەیە، وا نییە؟

جەیران لەشێوەی پرسیاردا گوتی:

بەڵێ بێگومان. بەڵام چ راستییەک!؟ لەبارەی چییەوە قسە بکەین؟

جەواد خۆی پێ نەگیراو لەپڕمەی گریانی دا و گوتی:

چیتر کـات خەریکـە درەنـگ دەبێـت، تکـات لێدەکـەم جـەیران یارمەتیم بدە، رزگارم بکە لەم تەنهاییە. لـەم خـەم و ناسـۆرە. لـەو بەڵایەی کە یەخەی پێگرتووین. جـەیران، دەزانـی ئـەم رۆژگـارە زۆر حەسوودە؟ نایەوێت من و تۆ پێکـەوە بـین، هـاواری کـرد و گـوتی:

Scanned by CamScanner

دەیەوێت تۆم لێ ، دەزانی یانی چی؟ دەیـەوێت هـەموو کەسم لێ بستێنێت.

جەیران بەحەپەساوییەوە گوێی بۆ قسەکانی جەواد گرتبوو، بـەڵام لەقسەکانی تێنەدەگەیشت، جەواد لـەمجارەش نـەیتوانی راسـتیەکە بەجـەیران بڵێـت و چـووە ژوورەوە و ئـەوی لـەنێوان گومـان و ئەندێشەیەکی کەڵەکەبوودا بەجێهێشت.

جەیران ئیتر تێگەیشتبوو کە لـەدڵی میهرەبـانی جـەوادا خـەمێکی گەورە هەیە، خەمێک بەسەنگینی کێوێک.

نیوەشەو بوو کە جەیران بەبۆنێکی تایبەتی لەخەو بێدار بوویـەوە، کاتێک رووی کرد بەلای جەوادا بینی لەلای تەختەکەیەوە دانیشتوە و خـەریکی جگەرەکێشـانە. جـەیران بەسـەر سـوڕمانەوە بەجـەوادی گوت:

دەزانـی چ کارێـک ئـەنجام دەدەیـت؟ تۆیـەک کـە جگـەرەت نەکێشاوە، جەواد ئەتەوێت چ بەڵایەک بەسەر خۆتدا بهێنی؟ جەواد بەئارامی رووی کرد بەلایەوەو دەستی بەسەریدا هێناو گوتی:

دەزانی خۆشەویستەکەم، ئێمەی مـرۆڤ بـەجۆرێک راهـاتووین کـە جگە لەساغ و سەلامەتی بـیر لەهیچـی تـر ناکەینـەوە، هـەتا ئەگـەر نەخۆشییەکمان هەبێت نامانەوێت دانی پێدابنێین.

جەیران بەپەشۆکاوییەوە سەیرێکی جەوادی کرد و گوتی:

مەبەستت چییە؟ دەتـەوێ چـی بڵێیـت، تكـات لێدەكـەم رونـتر بدوێ، كێ نەخۆشە؟ سەرەنجام جەواد راستیەكەی لەسیر تا پیاز بـۆ هاوسەرەكەی باسكرد، جەیران ڕەنگی گۆڕا. بەبیستنی ئـەو راسـتییە گیانی كەوتـە لـەرزین و تـا سـێ رۆژ ئاگـای لـەخۆی نـەما، بـاوك و دایكیشی وەك ئەو بوون، لەو نێوانەدا جەواد دەبـوو ئومێـدیان پێـی بدات، ئومێدی ژیان، ئومێـدی زینـدووبوون، بـەڵام كاتێـك ئێمـەی مـرۆڤ نـەخۆش دەكـەوین بەتـەواوی دەسـت لـەژیان دەشـۆین و چاوەڕوانی مەرگ دەكەین. بێئاگا لەوەی كـە خودایـەك بەسـەرەوە شاهید و بینەری كردەوەكانمانە. زۆرن ئەو نەخۆشانەی كە بەویست و ئیرادەی ئەو سەر لەنوێ ژیانیان بۆ گەڕاوەتەوە و دیسـان عاشـقی دنیا بوونەتەوە. دایك و باوكی دەركیـان بەكارەسـاتەكە نـەكردبوو، دایكی لەبەیانیەوە تانیوە شەو كارو پیشەی گریان بوو، باوكی كاتێـك ئەو حاڵەی بینی بەهاوسەرەكەی گوت:

خانم، بە ئەژنۆی خەم لەئامێزگرتن، كارێك ناكرێت، دەبێت رێگە چارە بدۆزینەوە. جەواد دەیگـوت دەبـێ دڵنـەوایی جـەیران بكـەین. ئومێـدەوار بـوون بـەژیان ئـەو رزگـار دەكـات، ئەقـدەس خـانم بەپەژارەوە ڕوویكردە هاوسەرەكەی و گوتی:

جەیران دەستی لەژیان شتووە، ئاخر چۆنچۆنی تێیبەگەیەنم، منێك كە حاڵم لەو باشتر نییە. چۆن دەتوانم دڵی بدەمەوە؟ و ئارام ئارام بۆ حاڵی كیژەكەی دەگریا.



Scanned by CamScanner

جەواد لەسەر تەختەکە لەژوور سەری جەیرانەوە دانیشتبوو، روخساری دەسڕی کە بەنمەی فرمێسک تەڕ ببوو، جەیرانیش بەبێدەنگی فرمێسکی دەڕشت.

جەیران دەستی جەوادی گرت و بیری لەرابردوو دەکردەوە. رابردویەکی شیرین کە هەر لەخەوێک دەچوو، خەوێکی زۆر کورت. رویکردە جەواد و گوتی:

جەواد؟ داواکارییەکم لێت هەیە، دەمەوێت بەڵێن بدەیت کە قەبووڵی بکەیت، جەواد نیگایەکی میهرەبانانەی لەروخساری تەمگرتووی جەیران کردو گوتی:

باشە، خۆشەویستەکەم، بەڵێن دەدەم.

جەیران گوتی: هەرچییەک بێت؟

جەواد ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:

لەم جیهانەدا جگە لەتۆ شتێک شک نابەم کە لەدەستدانی بەلامەوە سەخت بێت. کەواتە هەر چییەک بێت قەبووڵی دەکەم.

جەیران بەدەنگێکی تاساوەوە گوتی:

داوات لێدەکەم کە لەپاشی من زەماوەند بکەیتەوە، تۆ هێشتا گەنجی. هەزاران ئارەزووت بۆ ئایندە هەیە، بەڵام تکات لێدەکەم هیچکاتێک لەبیرم نەکەیت. با شتێکت پێ بڵێم، من تۆم زۆر خۆشدەوێ، هەر نەبێ دەمەوێت یادی من لەدڵی تۆدا هەمیشە

بەزیندوویی بمێنێتەوە. جەیران ئـەم قسـانەی بەزەحمـەت دەکـردو ئەشک وەک دەنکە مرواری بەسەر گۆنایدا ریزیان بەستبوو.

جەواد زەردەخەنەیەکی تاڵی کرد و گوتی:

ئاخر ئازیزم، مەگەر من بەو ئاسـانییە رێگـا دەدەم کـە تـۆ بـاری سەفەرت بپێچیتەوە و برۆیـت؟! نە، من پێویستم بـەتۆ هەیـە. ئێمـە پێکەوە دەژین. دەبین بەخاوەنی منـداڵ. چـەند منـداڵێکی گـەورە و بچووک. یەک لەیەکی جوانتر. لەلایەکی ترەوە مـن جگـە لـەتۆ بـیر لەهیچ ئافرەتێکی تر ناکەمەوە. ئاهێکی درێژی هەڵکێشا و گوتی:

مەگەر نەتبیستوە کە پێشینیان گوتویانە:

***خودا یەکە و عەشقیش یەک.***

جـەیران خـۆی بـۆ نـەگیرا و دەسـتی بـەگریان کـرد و لـەنێو گریانەکەیدا دەیگوت:

تـۆ کەباشـتر دەزانـی مـن خەریکـە دەمـرم. ئـەم نەخۆشـییە نەفرەتییە هەزاران کەسی کوشتووە، منیش یەکێک نیم لەوان؟ بۆچی دەبێت خۆمان فریو بدەین؟ من ئیتر ئـەو راسـتییە قـەبوڵ دەکـەم. لەحاڵێکدا کە فرمێسکی دەرِشت، لێوی خۆی کرۆشت و گوتی:

تەنها دڵم بۆ ئەوە دەسوتێ کە شتێک لـەژیان تێنەگەیشـتم. هـەر چەند کە ژیانێکی کورت بـوو، بـەڵام لـەوەی کـە بـەئارەزووی خـۆم گەیشتم خۆشحاڵم. لەناکاو دەنگی هەڵبرِی و گوتی:

Scanned by CamScanner

جەواد بەلای منیشەوە سـەختە، مـن چـۆن دەتـوانم جێـت بهـێڵم؟ دەبێ باجی چ تاوانێک بدەم؟ چ تاوانێکم کردوە کە دەبێ بەمشێوەیە ئازار بچێژم؟ جەواد کە بارودۆخی بەو شێوەیە بینی، ئامێزی پێداکرد و وایکرد بێدەنگ بێت و گوتی:

جەیرانەکـــەم بێـــدەنگ بـــە. ئـــارام بگـــرە. ئەمـــە جۆرێکـــە لەتاقیکردنەوە. لەوانەیە خودا بیەوێت تاقیمان بکاتــەوە. خۆڕاگربــە. تەنها ئومێدی من بەخودایە، کەواتە تـۆش نائومێـد مەبـە. سـەیری چاوە میهرەبانەکانی جەیرانی کردو ڕازیبونیان دەربڕی.

خزمانی جەیران بەبیستنی نەخۆشیەکەی، هـاتبوون بـۆ سـەردانی. هـەموویان لـەو بارەیــەوە خـەمبار و نیگـەران بـوون. هـەر یەکـەو بەجۆرێک دڵیان دەدایەوە. نەسرین لەتەنیشت جەیرانەوە دانیشتبوو و بەسەرسوڕمانەوە لەچاوەکانی ڕامابوو. جەیرانێک کە هـیچ کاتێـک خەنـدە لەسـەر لێوەکـانی نـەدەبڕا. ئـەمجارەیان لاوازو بـێ ڕەنـگ دەبینــرا. بــەڵام جۆرێــک لــەئارامی لەبوونیــدا هــەبوو کــە مایــەی دڵخۆشییان بوو. ئەوە جەواد بوو کە بەدڵدانەوەکانی خـۆی جـەیرانی ئومێدەوار دەکردەوە بەژیان.

ڕۆژی پێشوو جـەواد چـوو بـۆ سـەردانی دایـک و بـاوکی. ئـەوان بەبینینی جەواد گەلێک خۆشحاڵ بوون، بەڵام لەوەی کـە تـەنها بـوو، سەریان سوڕما. باوکی لەوەی کە جەیرانی لەگەڵدا نەبوو، گلـەیی لێ کرد، بەڵام دایکی زەردەخەنەیەکی سەرکەوتوانەی کردو گوتی:



Scanned by CamScanner

نە حاجی ئاغـا، کوڕەکـەمان عـەقڵی هاتۆتـەوە سـەر خـۆی. تـازە تێگەیشتوە کە دایکی راست دەکات. جەواد بەبیسـتنی ئـەو قسـانە، بەبێزارییەوە لەناو قسەکانی دایکیدا گوتی:

راست دەکەی دایە، جـەیران بـۆ ژیـان نەدەشـیا، قسـەکانی تـۆ هەمووی راست بوون، جەیران تا کۆتایی رێگا هاوەڵم نـەبوو. دایکـی بەبیستنی ئـەو قسـانە دڵـی ئـاوی خـواردەوە، بـەڵام بـاوکی جـەواد بەسەرسوڕمان و توڕەییەوە گوێی بۆ قسـەکانی کوڕەکـەی گرتبـوو. دواجار بەهەڵچوونەوە ڕوویکردە جەواد و گوتی:

یانی قسەکانی دایکت هێندە خێرا کاریان تێکردی. لەتانـە لێـدانی بەردەوام بوو: جەیران ژنە، بەڵام تۆ پیاوی ژیان نیـت. پیاوێـک کـە بەیەک چەقەنە لەمەیدان بچێتە دەرەوە، کـەی پیـاوە؟ لـەو کاتـەدا قوڵپە قوڵپی گریانی جەواد مۆڵەتی نەدا کـە بـاوکی قسـەکانی تـەواو بکـات. هـەردوکیان بەسەرسـوڕمانەوە سـەیری یـەکترینیان کـردو هیچکامیان مانای ئەو رەفتارەی جـەوادیان نـەزانی. جـەواد هەسـتا و بـەرەو لای پەنجـەرەی حەوشـەکە رۆیشـت و لـەلای پەنجەرەکـەدا راوەستا و گوتی:

دایە گیان، گوتم جەیران بۆ ژیان ناشێ. بـەڵێ، چـونکە فریشـتەی بەهەشتە و دەبێـت بـڕوات. گریـان گـەروی دەگوشـی و بەئاسـتەم وشەکانی بۆ دەردەبڕدرا. بەردەوام بوو: گـوتم تـاکوو کۆتـایی رێگـا لەگەڵمدا نییە، چونکە دەیەوێت بمرێت. ناتوانێ هاورێیـەتیم بکـات.

Scanned by CamScanner

بەمشت بەربوە دیوارەکە و بانگی هەڵدا. دەزانـی یـانی چـی؟ بـەڵێ دایە، تێدەگەی؟ دەیەوێت بمرێت. دەیـەوێت لەدەسـتم دەرچێت، کوڕەکەت لەتەمەنی لاویدا گەرەکیە پیر بێت، لەگەڵ کوڵی گریانـدا بەردەوام بوو: خودایە دەردی خۆم بەکێ بڵێم. پـەنا بـۆ چ کەسێك ببـەم. جـەیران هـەموو کەسێکی مـن بـوو، تکـات لێدەکـەم، لێمـی مەسـتێنە. سـوێندت دەدەم بەگـەورەیی خـۆت. ئـەی خودایـە... خودایە. چووە کڕنۆشەوەو وەك منـداڵێك زار زار دەگریـا. بـاوك و دایکی گێژو پەشۆکاو، لەو بارودۆخەدا هاتن بۆ یارمەتیدانی و لەپاش هێورکردنـــەوەی داوای ڕونکردنـــەوەیان لێکـــردو جـــەوادیش کارەساتەکەی بۆ باسکردن. دڵی دایك و بـاوکی گوشـرا، بەتایبـەتی دایکی. لەکاتێکدا کە چاوی بەرایی نەدەهات جەیران ببینێـت، بـەڵام بەپێویستی زانی کە لـەو هەلومەرجـەدا یارمـەتی کـوڕ و بووکەکـەی بدات. هەتا ئەگەر ئەو یارمەتییە دڵنەوایش بێت.

ئەوان لەسەر داوای جەواد چوون بـۆ سـەردانی جـەیران. جـەیران بەبینینی باوك و دایکی هاوسەرەکەی گـەلێك دڵخـۆش بـوو، بـەڵام نەیدەتوانی پێشوازییان لێ بکات، چـونکە نەخۆشـییەکەی ڕۆژ بـەڕۆژ لەحاڵی گەشەکردندا بوو، تواناى لەبەر بڕیبوو. دایکـی جـەواد هاتـە لای جەیرانەوەو پاش ماچ و موچ لەبەر ڕەفتـارە نابەجێیـەکانی داوای لێبوردنی لەجەیران کرد و جـەیران چـونکە دڵێکـی خـاوێن و لێوانلێـو لەعەشقی هەبوو، ناجۆرییەکانی نـابووە لاوە و تـەنها جـوانی و پـاکی لەدڵیدا جێ کردبۆوە.



Scanned by CamScanner

ئەو شەوە هەموویان پێکەوە بـوون، دایـک و باوکیـان لـەوەی کـە ژیـانی ئـەو دوولاوە بـەوجۆرە گـیرۆدەی کارەسـات ببـوو، گـەلێک نیگەران ببوون. بەڵام لەوەی کـە ئاشـتی و پـاکی لەنێوانیانـدا بـەرپا ببووخۆشحاڵ بوون، جەواد چاوێکی لەجەیران کردو گوتی:

خانم، لەبیرت نەچێت کە لەبەیانییـەوە دەبێـت رێگـای چارەسـەر بگرینە بەر. جەیران بەبزەیەکی فریشتەئاسـا و پـەژارەوە قسـەکەی جەوادی پەسەند کرد.

ئەو شەوە تا بەیانی جەواد و جەیران خـەویان لێنەکـەوت. قسـەی نەگوتراوی زۆریان هەبوو کـە دەبـوو هەڵیرێـژن. چاوپێاخشـاندنەوە بەبیرەوەرییـەکانی رابـردوودا. دڵدانـەوەکانی جـەواد، جـەیرانیان دەمەوبەیانی کردە خـەو. بـۆ بـەیانی پـاش نوێـژکردن و پاڕانـەوە، جەواد نیەتی هێنا و فاڵی حافزی گرتەوە:

**_یۆسفی ونبوو دێتەوە بۆ کەنعان خـــەم مـــەخۆ_**

**_کوخی وێرانبوو دیسان دەبێتە گوڵستان خەم مەخۆ_**

.........

.........

جەواد بەخوێندنەوەی ئەو فاڵە لەجێگای خۆی هەستا و بەشەوقەوە هاواری کردو جەیرانی لەئامێز گرت و گوتی:

دەزانـی جـەیران، حـافز هیچـکاتێک درۆی نـەکردوە. تـۆ چـاک دەبیتەوە. هەرگیز نابێت بترسی، دەبێ هیوات هەبێ.



Scanned by CamScanner

جـەیران كـە لـەو هـەموو سـۆزەی جـەواد دڵشـاد بـبوو، زەردەخەنەیەكی لەسەر لێوی نیشاندا و گوتی:

باشـە ئـەزیزم، هـەوڵی خـۆم دەدەم. هیـوام وایـە كـە خـوداش یارمەتیم بدات. جەواد، من كاتێك گوێبیستی خەنـدەكانی تـۆ دەبم، هەموو دژوارییەكان لەبیر دەكـەم و زیـاتر بـیر لـەژیان دەكەمـەوە.

بەچاوە ماندوەكانی خۆی چاوی لەچاوە كاریگـەرەكانی جـەواد بـڕی و عەشقی راسـتەقینەی لەنیگایـدا خوێنـدەوەو لـەدڵی خۆیـدا پـەیمانی بەجەواد دا كە هەمیشە لەگەڵیـدا بێـت و بـەهیچ جۆرێـك لێـی جیا نەبێتەوە.

پاش نانی بەیانی جەیران و جەوادیان لـەژێر قورئانـدا بـەڕێكرد و هیوای گەڕانەوەیان بـۆ خواسـتن. بـەڵام ئەمـە سـەفەرێك بـوو كـە ئومێـدی گەڕانـەوەی زۆر بەكـەمی لێـدەكرا. بـاوك و دایكیشـی ئارەزوویان دەكرد كە لەگەڵیانـدا بـن، بـەڵام جـەواد رازی نـەبوو و دڵنیای كردن كە هەر هەواڵێك بوو ئاگاداریان بكاتەوە. پزیشـكەكەی جەیران لەگەڵ دەستەیەك پزیشكی تردا هاوسەفەریان بوون، ئەو لە ورەبەرزی نەخۆشەكەی سەری سوڕمابوو. لەناو فڕۆكەكەدا جـەیران لەبیركردنەوەدا نوقم ببوو، بەخۆی دەگوت:

ئایا دووبارە دەگەڕێمەوە؟ یانی دەبێ جـارێكی تـر وەتـەنی خـۆم ببینم؟ زیاتر دڵی بۆ جەواد دەسووتا، چونكە رەنجێكی زۆری كێشابوو. چارەسەركردنەكەی ئـەو پارەیـەكی زۆری دەویسـت و هەموویشـی

جـەواد لەئەسـتۆی گرتبـوو. بەفرۆشـتنی زەوی بـاوکی و بـەو پاشەکەوتەی کە لەو چەند ساڵەدا کردبووی، رێگـای نـەدا کەسێک لەم کارەدا یارمەتی بدات و لەوەڵامیاندا گوتبووی:

جەیران پارچەیەکە لەدڵی من، کەواتە بەئەرکی خـۆمی دەزانم کـە یارمەتی بدەم، هەر لەبەر ئەوە جەیران نەیدەویسـت کـە جـەوادی خۆشەویسـتی نائومێـد ببێـت. پزیشـکەکەی جـەیران لەگـەڵ ئـەو راوێژانەی کە لەگەڵ پزیشکەکانی هاورێیـدا کردبـووی، گەیشـتبووە ئەو ئەنجامەی کە بـۆی هەیـە لـەو نەشـتەرگەرییەدا هـەتا دەمـاری بینایشی زیان بهێنێ و نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتوو نـەبێت، بـەڵام جەواد هەر بەو شـێوە پێـداگربوو کـە ئـەو نەشـتەرگەرییە دەبێـت ئەنجام بدرێت.

رۆژی دیاریکراو، رۆژی چارەنووسی ئەو دوانە، هاتە پێش. جـەواد گـەلێک نیگـەران و غـەمگین بـوو، لـەوەی کـە ئازیزەکـەی خـۆی بەلەدەستچوو دەبینی، جـەیرانی بـۆ نەشـتەرگەری ئامـادە دەکـرد، ئەویش غەمبار بوو، وەک گوڵێکی ژاکاو دەبینرا، فرمێسک لەشێوەی دڵۆپە ئاو، لەچاوەکانی دەبارین و جەوادی خەمبار تـر دەکـرد، داوای لێکرد کە ورەی خـۆی لەدەسـت نـەدات. لەکاتێکـدا کـە جـەیرانیان دەبرد بۆ ژووری نەشتەرگەری، ئاماژەی بـۆ پەرسـتارەکان کـرد کـە کەمێک ئارام بگرن. پەرستارەکانیش قسەکەیان قەبوڵ کرد. جەیران

داوای لەجەواد کرد کە نزیکتر ببێتـەوە. بـەقوڵی لەچـاوەکانی راما و ماچێکی کرد و گوتی:

جـــەواد.. نیگاکـــانی تـــۆ هەمیشـــە ئـــارامیم پێـــدەدەن. چـــاوە میهرەبانەکانی تۆ بـەردەوام مژدەبەخشـی ژیـانی مـن بـووە، داوات لێدەکەم لەپاش من ژیانت پەرە پێ بدەیت و ... ئیتر نەیتوانی لەوە زیـاتر بـەردەوام بێـت، بردیانـە ژووری نەشـتەرگەرییەوە. جـەواد هاواری کردو گوتی:

نا جەیران، تۆ نامریت، مـن لەگـەڵ تـۆدا دەژیـم، لەگـەڵ تـۆدا. لەپاش تۆ ژیان بەلای منـەوە بەهایـەکی نییـە. جەیرانـە جوانەکـەم، دەبێت بمـێنی، دەبێـت ... دەبێـت. هێنـدە فرمێسـکی رشـت کـە پەرستارەکان لەگەڵ ئەوەشدا کە زمانی فارسـیان نـەدەزانی، بـەڵام حاڵی جەواد و دڵەناسکەکەی هەموانی خەمبار کرد.

چەند کاتژمێرێک لەدەسپێکی نەشـتەرگەرییەکە تێپـەڕی و هێشـتا هەواڵێک نـەبوو. جـەواد تـەنها لەگـەڵ خـودای خۆیـدا راز و نیـازی دەکـرد و داوای چـاکبوونەوەی جـەیرانی لـەخودای تاقانـە دەکـرد. کەسێک کە جێگای رازەکانمانە. کەسـێک کـە لـەکاتی سـەختیەکاندا روی لێ دەنێین. بەڵێ، جەواد تەنها داوای یارمەتی لەو دەکـردو ئـەو باوەڕەبوو کە بەمشێوەیە ئومێدەواریان کردبوو.

سەرەنجام لەپاش چـەند کاتـژمێرێک، نەشـتەرگەرییەکە کۆتـایی هـات، بـەڵام هێشـتا سـەرکەوتنی نەشـتەرگەرییەکە نادیـار بـوو.

Scanned by CamScanner

جـەیرانیان بـۆ قـاوش گواسـتەوە، بەبێهۆشـی لەسـەر قەرەوێلەکـە خەوتبوو. جەواد بەبینینی رەنگی روخساری ئەو، خۆیشـی لەدەسـتدا. وای بیر کردەوە کە جەیرانی لەدەستداوە، بەڵام پەرستارەکان پێیـان گوت کە هێشتا بێ هۆشە و مۆڵەتی بینینی ئەوی نییە.

جـەواد تەلـەفۆنی بـۆ ئێـران کـرد و خانەوادەکـەی لـەبارودۆخی جەیران ئاگـادار کـرد. بـەڵێنی پێـدان کـە بەچاکبوونەوەی جـەیران بەزوویی بۆ ئێران بگەڕێنەوە.

ئەو لەدەوروبەری نەخۆشـخانەکەدا پیاسـەی دەکـرد و لەناخـەوە شڵەژابوو، لەبیری جەیراندا بـوو. خـۆر ئـاوابوون بـوو، دنیـا بـەرەو تاریکی دەچوو، بەڵام دڵی جەواد زیاتر تاریک بوو. هەسـتی تـەنهایی تێکی شکاندبوو. شیعرێکی هاتـەوە یـاد کـە لەیـەکێک لەکتێبەکانـدا خوێندبوویەوە، لەبەر خۆیەوە ورتە ورتی دەکرد:

**ئەمــشەو لەدووری یار گریام**
**وەك عاشقان بەزار گـــــریام**
**هاوڕێی رێم بوو یاری دێرین**
**دڵ کەیلم، بێ ئەژمار گریام**

دەنگـی خشەخشـی گـەڵاکان بـەئاگایان هێنایـەوە، سـەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد، ئیتر کاتی بـوو. دەبـوو سـەر لەجـەیران بـدات،

Scanned by CamScanner

بەخێرایی خۆی گەیاندە ناو نەخۆشخانەکە و لەبەرپرسی بەش، حاڵی جەیرانی پرسی، ئەویش پێی گوت، هێشتا نەهاتۆتەوە هـۆش خـۆی. بەڵام دەتوانیت بیبینیت. جەواد بەخۆشحاڵی هـۆڵی نەخۆشـخانەکەی تێپەڕانـد و چـووە ژوورەکـەی جەیرانـەوە و بـەئارامی لەتەنیشـتیدا دانیشت.

جـەیران دەتگـووت چـەندین سـاڵە نوسـتووە. بـەئارامی وەک منداڵێک و بەجوانیش وەک گوڵ وابوو. جەواد مـافی خـۆی بـوو کـە دێوانەی بێت، جگە لەناخە میهرەبانەکەی، جوانییەکی تایبەتی هەبوو کە جەوادی عاشقی خـۆی کردبـوو. روخسـاری سـپی و جـوان، چاوە کەژاڵەکەی کە جوانییەکی تایبەتیان بەروخساری بەخشیبوو.

جـەواد چاوی لەچـاوە داخراوەکـانی جـەیران بـڕی بـوو، لـەناکاو پێڵۆەکانی کردەوە، بـەڵام تـەنها مـاوەی یـەک چـرکە بـوو، پاشـان پێڵوەکانی لێک نایەوە. جەواد بەدوای پزیشـکدا چـوو هێنـای بـۆ لای جەیران و وای لەپزیشک دەگەیاند کە جەیران هاتۆتەوە هۆش خۆی، بەڵام پزیشک ئەوەی بە ڕمۆڵـەی چـاوی لێکدایـەوە. کاتێـک ویسـتی لەژوورەکە بچێتە دەرەوە، جـەیران جـارێکی تـر چـاوەکانی هـەڵبڕی. ئەمجارەش جەواد بەپرتاو بانگی پزیشکی کرد، پزیشـکیش بـەبینینی جەیران تێگەیشت کە کاتی هۆش هاتنەوەیەتی.

ئەو بەئارامی چـاوەکانی کـردەوە و سـەیرێکی دەوروبـەری کـرد، هەموان بـەلای ئـەوەوە نـامۆ بـوون، وەک بڵێـی بـەدوای کەسـێکدا



Scanned by CamScanner

دەگەڕا کە ئاسودەیی لەچاوەکانیدا بخوێنێتەوە و سوکنایی بێت. هەر بەو جۆرەش بوو، ئەو بەبینینی جەواد دەستە گەرمەکانی ئەوی بەتوندی گوشی و بە فرمێسک دڵی خۆی روون کردەوە. پزیشک بەبینینی ئەو دیمەنە بەبیری هێنانەوە کە نەخۆش پێویستی بەپشووودانی تەواو هەیە و نابێت بخرۆشێنرێت. جەوادیش بەپاڵپشتی قسەکانی پزیشک جەیرانی هێور کردەوە و داوای لێکرد کە چیتر نەگری.

کاری ئەوان لەئەمریکادا کۆتایی هاتبوو، تەنها دەبوو ئارام بگرن تاکوو تەندروستی جەیران کەمێک باش بێت، تاکو لەپاش پشکنین، دیسان وەڵامی دروست دەردەکەوێت. لەپاش دوو هەفتە گەڕانەوە بۆ ئێران، کەسوکاری هەر دوو لایان، تەنانەت نێرگزی خوشکی جەوادیش لەفڕگەدا بوون. جەیران بەبینینی ئەوان فرمێسکی شادی لەچاوەکانی قەتیس مان و سوپاسی خودای کرد. چەند رۆژێک بەسەر گەڕانەوەیاندا تێدەپەڕی، جەواد چوو بۆ سەردانی پزیشک. پزیشک لەبارەی تەندروستی جەیرانەوە پرسیاری لێکردو جەواد گوتی:

بەڕووکەش حاڵی باشە، بەڵام جارجار سەری گێژ دەخوا و هەر ئەوەش منی نیگەران کردووە. پزیشک بەوردی گوێی بۆ قسەکانی جەواد گرتبوو، بەڵام بەبێ پشکنین نەیدەتوانی وەڵامێکی تەواو بەجەواد بدات. هەر بەو هۆیەوە دووبارە داوای بینینی جەیرانی



Scanned by CamScanner

كردو بەبانگهێشتی سەرلەنوێیان بۆ پشـكنین، ویســتی لەتەندروسـتی نەخۆشەكەی ئاگادار بێت. بـەیانی پشـكنینی پێویســت ئەنجامـدرا و بڕیار بوو كە ڕۆژی دواتر وەڵام وەربگرن. جەواد خەمبار بوو كە ئایا هاوسەرەكەی چاك دەبێت یان نا؟ جەواد بۆ جارێكی تر بەهەنگاوێكی لەرزۆكەوە سەردانی پزیشكی كردەوەو لەسەر كورسیەكە دانیشت و ئـەنجامی پشـكنینەكەی لەسـەر مێـزی پزیشـكەكە دانـاو لەشـێوەی پاڕانەوەدا چاوەكانی لەدەمی پزیشك بڕی. پزیشك لەپاش تێڕوانینی بەئـەنجامی پشـكنینەكەدا، بەتوڕەییـەوە كاغەزەكــەی دا بەسـەر مێزەكەدا و گوتی:

نەشیاوە! هەموو ڕەنجێكمان بەفیڕۆ چوو، هەموو ڕەنجێك. جەواد تیـا مـابوو، مانـای ئـەو قسـانەی پزیشـكی نـەدەزانی، لەبـەر ئـەوە بەنیگەرانییەوە پرسی:

یانی چی جەنابی پزیشك؟ مەبەستی بەڕێزت لەو قسانە چییە؟

پزیشك كە هەستی بەنیگەرانییەكانی جـەواد كـرد، بەبێزارییـەوە بەردەوامی پێدا:

ئاغای فەتاحی، ئەو وەرەمە هێندە بـەخێرایی لەهـەموو مێشـكیدا تەشەنەی كردوە كە ئێمە تەنها توانیمان بەشێكی چارەسـەر بكـەین. بەداخەوە ئیتر ناتوانرێ كارێكی بۆ بكرێ و زۆر بەداخەوە دەبێ پێـت ڕابگەیەنم كە خێرایی ئەو وەرەمە هێندە زۆرە، كـە تـا یـەك مـانگ

Scanned by CamScanner

بەهەموو مێشکی نەخۆشدا بڵاو دەبێتەوە و سەرەنجام دەبێتە هۆی

... هۆی...

پزیشک نەیتوانی بەردەوامی بەقسەکانی بدات و لەژوورەکە

چووە دەرەوە و جەوادی لەدنیای بیرو ئەندێشەدا بەجێهێشت.

بەبیستنی ئەو قسانە دەتگوت هەموو دنیا بەسەر جەواددا رووخاوە.

ئارەزووی مەرگی خۆی دەکرد، خۆزگەی دەخواست لەباتی جەیران

بمرێت، بەڵام ئەوە کارێکی مەحاڵ بوو. بەهەنگاوی لەرزۆکەوە رێگای

ماڵەوەی گرتە بەر، ئیتر هەموو رێگاکانی بەداخراوی دەبینی.

پزیشکەکان هەر کارێکیان لەدەست هات، کردیان، بەڵام مەخابن...

لەو خەیاڵانەدا بوو کە وەک کارەبا گرتبێتی لەشوێنی خۆی وشک

بوو، لەدڵی خۆیدا گوتی:

بەڵام نا، هەموو رێگایەک دانەخراوە. رێگایەک هەمیشە بوونی

هەیە، رێگایەک کە ئەم دوو هاوسەرە لاوە باوەڕیان پێیەتی. بەڵێ،

جەواد خودای لەبەر چاو گرتبوو، لەدڵی خۆیدا گوتی:

خودایە، بەخشندەیی تۆ بەردەوام تەواوکەری ژیانی من بووە.

رۆژێک کە من لەهەموو جێگایەک نائومێد بووم و جەیرانم بە

لەدەست چوو دەزانی، بەڵام تۆ ئەوت پێگەیاندم و کردتە هاوبەشی

ژیانم. ئێستا تکات لێدەکەم جەیرانم لێ مەستێنە، کەوتە لالانەوە و

گوتی:

Scanned by CamScanner

خودایـە غـولامی بـەر دەرگـەتم، لـەدەرگات نائومێـدم مەکـە و دووبارە ژیانی پێ ببەخشە. رۆشت بۆ ئیمام زادە و لەوێشدا لەگەڵ خودای خۆیدا راز و نیازی کردو بەدڵێکی دامەزراوەوە رووی لەخودای خۆی کرد.

جـەیران رۆژ بـەڕۆژ رەنـگ زەردتـر بەرچـاو دەکـەوت و سەرگێژەکانی زیـاتر ببـوون. هیچـکەس وەڵامـی دروسـتی پزیشکی نەدەزانی، چونکە جەواد توانای دەربڕینی ئەو راستیە تاڵـەی نـەبوو، ئەو هەتا نەچووە سـەر کـاریش. ژیـانی خـۆی بـۆ جـەیران تـەرخان کردبوو. بەدڵدانەوەی بەردەوام ئەوی بۆ ژیـان ئومێـدەوار دەکـرد. بەڵام دەبوو چ کەسێک دڵی جەواد بداتەوە؟ جەواد بیری دەکـردەوە جـەیران دەبێتـە پشـت و پـەنای، بـەڵام نەخۆشـی لـەپێی خسـتبوو، شەپۆلی خەم دڵی جەوادی داگرتبوو. چـەند کاتـژمێر لەسـەر ئیمـام زادە دەگریـا ولـەخودا داوای چارەسـەری بـۆ جـەیران دەکـرد. جەیرانیش لەحاڵی جەوادەوە تێگەیشـتبوو کـە چـاکبوونەوەی نییـە و بەڕونی هەستی بەو حاڵەتە کردبوو.

رۆژێک جەیران نوستبوو، جەواد لەژوور سەری دانیشـتبوو، بـیری لە حاڵی خۆی و جەیران دەکردەوە و فرمێسکی هەڵدەڕشت. جەیران بـەدەنگی ئـەو لەخـەو بێـدار بـوو. بەئاسـتەم لەجێگاکـەی هەسـتا و دانیشت. جەواد کە لەجەیران بە ئاگای بوو دەستی خستە سەر شانی و گوتی:

Scanned by CamScanner

خۆشەویستەکەم، شتێکت دەویست؟ بۆچی لەخەو هەستای؟

جەیِران چاوە ماندووەکانی خۆی لەجەواد کردو گوتی:

جەواد... بۆچی خۆت ئازار دەدەیت؟ من هەموو شتێک دەزانم. ئارەزووی من تەنها گەیشتن بووە بەتۆ. ئیتر بەلامەوە جیاوازی نییە کەی بمرم، تۆ سەرەکی بووی... تۆ.

جەواد بەپڕتاو لەئامێزی گرت و هەردووکیان سەریان نابووە سەر شانی یەکترو بۆ بێچارەیی خۆیان دەگریان. جەیران روخساری جەوادی لەناو دەستەکانی خۆیدا گرت و چاوی لەچاوەکانی بڕی. رۆژانێک لەو چاوانەوە عەشق و شادی دەباری، بەڵام ئێستا چی؟ چاوە کاریگەرەکانی جەواد خەم دایگرتبوون. ئەو کەسەی کە یادی سوکنایی دڵی جەیران بوو. ئیتر پیرو دارِماو دەهاتە بەرچاو. نەخۆشیەکەی جەیران ئەویشیان لەپێ خستبوو. مووی سپی لەسەریدا خۆی دەنواند.

جەیران بەئارامی گوتی:

جەواد، بەمنیش بڵێ، چەند رۆژی تر لێت جیا دەبمەوە؟

جەواد بەخەم و نیگەرانییەوە خۆی لێ نزیک کردەوەو گوتی:

هیچ کاتێک، دەزانی دەتەوێت چی بڵێی؟

جەیران بەئارامییەکی بێ وێنەوە گوتی:

دەمەوێت بڵێم، کەی ئەم جیهانە جێدەهێڵم. بەمنیش بڵێ جەواد.

Scanned by CamScanner

قسەکانی جەیران هەموو گیانی ئەویان ئاگر تێبەردا. بەبێ پـەردە بەرەو رووی جەیران وەستا و گوتی:

باوەڕت بەخودا هەیە یـان نـە؟ تـۆ بۆچـی نائومێـد بـووی، ئێمـە دەبێت داوای یارمەتی لەخودا بکەین. بەو خێراییـە دەسـتت لـەژیان شت؟ جەیران ئارامی تۆ جێگای رێزە، بـەڵام خوداوەنـد رۆژێکـی بـۆ ژیان و رۆژێکیشی بۆ مـردن دیـاری کـردوە. لەوانەیـە ئێمـە لـەژێر تاقیکردنـەوەی پەروەردگارمانـدا بـین. یـان ئەوەیـە کـە دەیـەوێت کێشی باوەڕی ئێمە هەڵبەسـەنگێنێت. ئێمـە نابێـت دەسـت لەسـەر دەســت دابنــێین و لەچــاوەڕوانی مەرگــدا دانیشــین. سروشــتی مرۆڤەکان هەوڵدانە بۆ زیندوومانەوە کەواتە دەبێت هەوڵ بدەین.

قسەکانی جەواد ئارامی دەرونی بەو دەدا و ژیانی بەلاوە شـیرینتر دەکرد.

رۆژەکان تێدەپەڕین و تەندروستی جـەیران خـراپتر دەبـوو، ئـیتر هەموو تێگەیشتبوون کە هیچ کارێک لەدەست کەس نایـەت و تـەنها دەبێت پشت بـەخودا ببەسـتن. کـاتی دیـاریکراو نزیـک ببویـەوە و مانگێک تەواو ببوو، هیچکەس جگە لەجەواد نەیدەزانی کە دەرفـەتی ژیانی جەیران ئەمشەو یان بەیانی کۆتایی دێت.

بۆ جەواد شەوێکی سەخت بـوو، نەخۆشـییەکەی جـەیران تونـدتر ببوو، بەردەوام ژیانی لەحاڵی بێ هۆشیدا بەسـەر دەبـرد. کـاتێکیش کە دەهاتەوە هۆش، ژانە سەر و گێژ خـواردن ئۆقرەیـان لێـدەبڕی.



Scanned by CamScanner

جەواد تاکوو بەیانی خەوی لێنەکەوت و دەمەوبەیانی بێ ویستی خۆی خەوی پیا کەوتبوو. بەیانی بـەدەنگی پێکـەنێکی ئاشـنا لەخـەو بـەئاگا هات. چاوەکانی هەڵگلۆفی و بەسەر سوڕمانەوە سەیری دەوروبـەری کرد. جەیرانی نەبینی، بەپرتاو چـوو بـۆ لای پەنجەرەکـە و سـەیری حەوشـەکەی کـرد. کاتێـک دایکـی و جـەیرانی بـینی لەحەوشـەکەدا سەرقاڵی گفتوگۆکردن بوون، سـەری سـوڕما،. مەگـەر شـتێکی لـەو جۆرە دەگونجا. ئەو دوێنێ شەو لەحاڵێکی زۆر خراپدا بوو، بەقسـەی پزیشـکەکان ئـەمڕۆ یـان بـەیانی ژیـانی جـەیران کۆتـایی پێـدێ و بەیەکجاری ماڵئاوایی لە ژیان دەکات.

جـەواد وای بـیر دەکـردەوە کـە لەوانەیـە خـەو ببینێـت. ئـەو وایـدەزانی کـە هاوسـەرەکەی ناکەوێتـە بـەیانی. بەپەلـە چـووە حەوشەکەوە، سەیرێکی جەیرانی کردو گوتی:

جەیران تۆ چۆن هاتیتە حەوشە! سـەرت گێـژ نـاخوات؟! جـەیران شاد و کامەران وەڵامی دایەوە:

بەڕاستی تەندروستیم باشە! ناشێ حەز بکەیت جارێکی تر دووچار ببمەوە و بنووم. جـەواد حەپەسـابوو کـە چ شـتێک روویـداوە، ئـەو ماوەی ژیانی کۆتایی هاتوە، مانای چی؟ جەواد دەستی جەیرانی گـرت و بەخێرایی بردیە ژوورەوە و گوتی:

زوو بە، خـۆت ئامـادە بکـە بـا بچـین بـۆ لای پزیشـک. جـەیران بەبێتاقەتی لەسەر تەختەکە دانیشت و گوتی:



Scanned by CamScanner

ئای جەواد، ئەمجارەش هەر پزیشـک؟ مانـدوو بـووم. مـن خـۆم دەزانم وەڵامی پزیشک چییە.

جەواد مۆڵەتی قسەکردنی بەجەیران نەداو تکـای لێکـرد کـە خێـرا ئامادە بێـت. ئەوان پێکەوە بەرەو نەخۆشـخانە کەوتنـە ڕێ. پزیشـک بەبینینی ئەوان، سـەری لـەو حاڵەتـە سـوورما و ڕوویکـردە جـەواد و گوتی:

من وامدەزانی تـا ئێسـتا... جـەواد قسـەکەی بەپزیشـک بـڕی و گوتی:

چۆن بـیرت دەکـردەوە جـەنابی پزیشـک؟ تکـات لێدەکـەم هـەر پشکنینێک کە پێویستە ئـەنجامی بـدە. دەمـەوێت بـۆ دوایـین جـار دڵنیابم. جەیران کە لەقسەی ئـەو دوانـە وەڕەز ببـوو، بەبێزارییـەوە رووی لەجەواد کردو گوتی:

دەتەوێت چی بڵێیت جەواد؟ مەگەر من مشکی تاقیگەم کە هـەزار جار پشکنینم بۆ بکرێت، بەبێزارییەوە ژوورەکەی بەجێهێشت. جـەواد بەدوای جەیراندا چوو لەهۆڵی نەخۆشـخانەدا پێـی گەیشـت. جـەواد بەحاڵی پاڕانەوەوە روویکردە جەیران و گوتی:

گـوێ بگـرە هەناسـەکەم، تـۆ دەبێـت ئارامـت هـەبێت. ئـەم دەرفەتەی تریشم پێ بدە، بۆ دوایین جار تکات لێدەکـەم و بـەڵێنت پێدەدەم چیتر کارم بەم کارەتەوە نەبێت. جـەیران چـارەیەکی تـری نەبوو و ئەم جارەش وەک هەموو جارەکانی تر بێدەنگ بوو.

Scanned by CamScanner

سەر لەنوێ پشکنین و تاقیکردنەوە ئەنجامدرا. هەرچەندە جەیران هەموو ئەو کارانەی بێ ئاکام دەبینی، بەڵام لەبەر جەواد قسەیەکی نەکرد و خۆی دابووە دەست قەدەر.

جەواد بەیانی ئەو ڕۆژە بەبێ ئەوەی کە جەیران هەست بە هیچ شتێک بکات، بەرەو لای پزیشک بەڕێکەوت تاکوو بۆ دوایین جار بۆی یەکلایی بێتەوە. پزیشک هەواڵی خۆشی پێدا و گوتی: ئاغای فەتاحی لەڕاستیدا چاوەڕوان نەکراوە، هاوسەرەکەت هیچ نەخۆشییەکی نییە، چی روویداوە... نازانم؟ بەڵام ئەوە دەزانم کە لەزانستی پزیشکیدا شتێکی لەو جۆرە مەحاڵە، مەگەر ئەوەی کە پەرجوویەک روو بدات. بەخۆشحاڵی رووی کردە جەواد و گوتی:

من ئاوات بەباوەڕی ئێوە دەخوازم. ئێوە هێندە لەخودا نزیک بوون کە ئەگەری رووداني وەها پەرجویەک شتێکی ئاسایی بوو.

جەواد هیچی نەدەبیست. ئەو تەنها سەیری جیهانی خۆی دەکرد و سوپاسی خودای خۆی دەکرد کە وەها بەخششێکی گەورەی بەو کردبوو، جەیرانی بۆ جارێکی تر پێ خەڵات کردبوو، بەخۆشحاڵییەوە ڕێگایماڵەوەی گرتە بەر، وەک بڵێی تازە لەدایک بووە. سەرەتا چووە دوکانی شیرینی و پاکەتێک شیرینی کڕی و پاشان جوانترین گوڵی دنیای بۆ خۆشەویست ترین کەسی کڕی.

نەیزانی چۆنچۆنی گەیشتە ماڵەوە. لەکاتێکدا کە زەنگی دەرگاکەی لێدەدا هاتەوە سەر خۆی، دایکی دەرگاکەی کردەوە و بەبینینی



Scanned by CamScanner

جـەواد کـە بـەڕووی خۆشـەوە دەسـتە گـوڵێکی بەدەسـتەوەیە، رووبەڕووی وەستابوو، سەری سوڕما. ماوەیەک بوو کـە لـەو ماڵـەدا ئەو جۆرە کارانە لەبیر کرابوو. نەخۆشی جەیران مۆڵەتی ئەو کارانەی بەکەس نەدەدا.

جەواد دایکی هـەر بـەو حەپەسـاوییە بەجێهێشـت و لەناوەڕاسـتی حەوشەکەدا بەدەنگی بەرز کە جەیرانیش بیبیستێ، گوتی:

من حەز دەکەم کاتێک پێ دەنێمە ماڵـەوە، یەکـەم کەسـێک کـە دەیبینم هاوسەرەکەم بێت، ئێستاش لێرەدا ناجوڵێم تا خۆی دێت.

جـەیرانیش لەپشـت پەنجەرەکـەوە بینـەرو شـاهیدی کارەکـانی هاوسەرەکەی بوو. ماوەیەک بوو کە جەوادی لەو حاڵـەدا نـەبینیبوو، نەدەشیا کە جەواد لەو ئان و ساتەدا گاڵتە و گەپ بکات، بـۆ ئـەوەی کە بابەتەکـەی بـۆ روون بێتـەوە، چـوە حەوشـەکەوە، ئـەو گـەلێک جەوادی خۆش دەویست، لەبەر ئەوە بینینی رووە خۆشەکەی جەواد، ئەویشی خۆشحاڵ کرد.

بەرەو لای جەواد چوو، بەگرتنی دەستە گوڵەکەو بۆنکردنی گوتی:

ئازیزەکەم بەچ بۆنەیەکەوە ئەم هەموو ئەرکەت کێشاوە؟

جـەوادیش بەروویـەکی خـۆش و سـەرکەوتوانەوە روویکـردە هاوسەرەکەی و گوتی:

چ بۆنەیـەک لـەوە گـرنگترە کـە خوداوەنـد بـۆ جـاری دووهـەم هاوسەرێکی کرد بەنسیبم.



Scanned by CamScanner

بەگوتنی ئەو قسانە چاوەکانی جەیران لەسەر جەواد ئەبڵەق بوون، ئەو چاوەڕوانی دەکرد جنێو و قسەی ناشیرینی پێ بگوترێـت، بـەڵام هیچ کاتێک حەزی نـەدەکرد کەسـێک جێگـای خـۆی لـەدڵی جـەودادا بگرێ، قینەکەی بەئاستەم قووت دایەوەو دەستە گوڵەکـەی فڕێـدا و بەرەو ژوورەوە هەنگاوی نا. جەوادیش بەدوایدا چوو، جەیرانی بـینی کە لەسەر تەختەکـەی کـەوتوە و بـەکوڵ دەگـری. لـەژوور سـەریدا دانیشت و بەدەستهێنان بەسەریدا هێنایەوە سەر خۆی و جـەوادیش کە گریان گەرووی گرتبوو، گوتی:

ناز دەکەیت بووکەکەم! مەگەر خۆت نەتگوت زەماوەند بکەم.

جەیران کە دڵی پڕ ببوو لەخەم و دەرد، بەدەستەپاچەیی گوتی:

گوتم جەواد. بەڵام حەقم پێ بدە، تۆ هەموو بوونت مافی من بوو.

ئێستا چۆن چۆنی بەم ئاسانییە چاوی لێ بپۆشم.

جەواد تۆ مەرگی منت پێش خست، تۆ نـازانی چـی لـەدڵم دایـە، لەحاڵێکـدا کـە جۆگەلـەی ئەسـرین مۆڵـەتیان بەجـەیران نـەدەدا، زەردەخەنەیەکی تاڵی کرد و ڕوویکردە جەواد و گوتی:

بەڵام خۆشحاڵم بەوەی کە ئەم بابەتە بەلای تۆوە هێندە سادەیە، خۆشحاڵم. جەیران چووە لای پەنجەرەی ژوورەکەو چاوی لەحەوشەکە بڕی و بەدڵێکی سووتاو و پڕحەسرەتەوە بەجەوادی گوت:

چیتر بەلای منەوە جیـاوازی نییـە، مـن درەنـگ یـان زوو دەمـرم، دەمەوێ بزانم ئەو بەختەوەرە کێیە؟ جەواد بەپێکەنینەوە گوتی:

كەلێك جوان و پێكەوتووە، لەكۆنەوە خۆشم دەوێ.

جەیران گەڕایەوە بۆ لای جەواد، لەكاتێكدا كـە توانـای راوەسـتانی نـەبوو، بەپێكەنینێكـەوە كـە لەگــەڵ گریانــدا تێكــەڵاو ببــوو، پـاڵی بەدیوارەكەوە دا و گوتی:

پیرۆزبایت لێدەكەم، پیرۆزبایی، ئێستا تكات لێدەكەم بەتەنها جێم بهێڵە.

چـەند سـاتێك هـەردووكیان بێـدەنگ بـوون ، بـەلای جـەوادەوە بێدەنگییەكی شیرین بوو، بەڵام بەلای جەیرانەوە تاڵ و درێژخایەن.

جـەیران بەبێـدەنگی دەگریـا. جـەواد خۆیشـی لەكارەكـەی خـۆی سەری دەرنەدەكرد. وەك بڵێی چێژ لەئازاردانی جەیران ببینێ. ئـەو بەبینینی ئەو بارودۆخە جەیرانی لەئامێز گرت و گوتی:

جەیران لەبەرچی دەگریت؟ تۆ ئـیتر چـاك بوویتـەوە. هاوسـەری سەرەتا و كۆتایی و عەشقی ئەبەدی من تۆی، نەك كەسێكی تر.

جەیران بەتەواوی گێژ ببوو. ئەو لەنێو ئەو قسـە كەڵەكەبووانـەدا كە بەر گوێی كەوتن تەنها لە وشەی چـاكبوویتەوە، تێگەیشـت. یـان تەنها توانی وشەی چاك بوویتەوە، هەزم بكات. هەر لەو حاڵـەدا بـێ هۆش بوو.

جەواد بانگی دایكی كرد و ئەویش بەپڕتاو هاتە ژوورەوە، بەبینینی ئەو بارودۆخـەی جـەیران شـپرزە بـوو، گـوتی: دیسـان وەك خـۆی لێهاتەوە؟

جەواد گوتی:

دایە گیان نیگەران مەبە، جەیران لەخۆشـیدا بوراوەتـەوە. دایکی بەسەرسوڕمانەوە گوتی:

چ خۆشییەک؟ خۆت دەزانـی چـی دەڵێـت؟ فرمێسـک بەرچاوی جـەوادی گـرت و گـوتی: دایکـە گیـان جـەیران لەکـەرەمی خـوداوە نەخۆشییەکەی لەکۆڵ بۆتەوە. ئـەو چـیتر نـەخۆش نییـە و لەپرمـەی گریانی دا.

جەیران چاوەکانی بەڕووی جیهـانی رازاوەدا کـردەوە، لـەوەی کـە دەیتوانی دووبـارە بەئومێـدەوە ژیـان دەسـت پـێ بکاتـەوە، جێگـای بەخۆی نەدەگرت.

ئەو شەوە خانەوادەی جەواد و جەیران و پـووری لای کۆبوونـەوەو بەخۆشـحاڵییەوە و دوور لەخەمـەکانی رۆژگـار، قسـەیان دەکـرد و پێدەکـەنین. جـــەوادیش وەک پەروانـــە بـــەدەوری جەیرانـــدا دەسوڕایەوەو سوپاسی خودای دەکرد.

رۆژێکی نوێ دەستی پێکرد، رۆژێک پڕ لەخۆشـی و شـادی، نـەک وەک رابردوو.

بەیانی زوو جەواد لەخەو هەستابوو، خۆی ئامادە دەکرد. جـەیران بەبانگی ئەو لەخەو بەئاگا هـات و بەسەرسـوڕمانەوە رووی لەجـەواد کرد و گوتی:

Scanned by CamScanner

بڕیاره بچیت بــۆ شــوێنێک؟ هــیچ بەیانییــەک هێنــده زوو لەخــەو هەڵنەدەستای؟!

ئەو که ئیتر ئامادە ببوو، بەنیگایەکی کاریگەر کە ئاسودەیی ژیـانی تێدا دەبینرا، لەجەیرانی روانی و گوتی:

جەیران خان، ئەمڕۆ لەگەڵ رابردوودا گــەلێک جیـاوازه، تـا ئێسـتا دەمگوت، بۆچی دەبێت کار بکــەم؟ کاتێــک تــۆم نــەبێت پـاره بــەچ دەردێکم دەخوات، بەڵام ئێستا دەبینم، که له خودا بەزیاد بێ حاڵتـان زۆر باشه، دەبێت کار بکەم تاکوو مـاڵێکی خــۆش و شایســته پێکــەوه بنێم، راسته یان نه؟

لەبەرامبەر ئاوێنەکەدا راوەستابوو، قژی شانه دەکـرد، هــەر لــەو کاتــەدا ئــەم قســانەی بــه زمانــدا هێنـا. جــەیران کــەمێک لەســەر تەختەکەی جوڵەجوڵی کرد و گوتی:

هیچ پێویست ناکات زەحمەتی خــۆت بــدەیت، ئێــره زۆر باشــه، مەگەر تۆ چ دەرامەتێکت هەیه؟ جەواد کــه ئــیتر دەیویســت لــەماڵ بچێته دەرەوە، گوتی:

بۆتۆ کەمه ئەم ئەرگی گران، ماڵئاوا خانمی خانمەکان.

Scanned by CamScanner

# "ژیان جوانە"

چەند مانگێک بەسەر چاکبوونەوەی جەیراندا تێدەپەڕی، ئەوان کۆشکێکیان بەنرخێکی گونجاو لەنزیک شوێنی کارەکەی جەوادەوە بەکرێ گرتبوو، ژیانێکی خۆشیان دەست پێکردبوو. ئەوان ژیانێکی سادەیان هەبوو بەبێ بوونی هیچ کەلوپەلێکی پێویست، ژیان سەخت بوو، بەڵام خێزانی هەر دوو لایان هاوکاریان کردن و کەلوپەلی پێویستیان بۆ کڕین و بۆ بەرچاوروونی وەک دیاری پێشکەشیان کردن. جەیران و جەواد گەلێک خۆشحاڵ بوون. پاش ڕێکخستنی کەل و پەلەکان، جەواد هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

سەرەنجام ئاسودە بووین. ئایا جەیران خان دەزانی، لەکەیەوە هەناسەیەکی ئاسوودەمان هەڵنەکێشاوە؟

- لەکەیەوە؟

جەواد بەفێڵبازییەوە گوتی:

لەو کاتەوەی کە تۆ بویت بە هاوسەرم، پاشان پێکەنینێکی کرد و لەروخساری ڕاما تا بزانێ چ وەڵامێکی دەداتەوە.



Scanned by CamScanner

جەیران بەدڵ ڕەنجاوییەوە گوتی:

ئەی نارەسەن، ئێستا ئیتر لەو جۆرە قسانە دەکەی؟ جەواد کەمێک ڕاست بووە و گوتی:

نەخۆشیەکەی تۆ بەتەواوی گیرۆدەی کردبووین، هەتا بوارمان نەبوو کەمێک پشوو بدەین. مانگی هەنگوینیمان زۆر باش ڕابوارد، ئەویش لەکوێ؟ لەخۆشترین شوێنی جیهان لەئەمریکا. بەبیستنی ئەو قسانە جەیران خەم دایگرت. لەبەر ئەوە هاتە تەنیشت جەوادەوەو گوتی:

جەواد تکات لێدەکەم، یادەوەری ڕابردوو ئازارم دەدا، بیبڕەرەوە.

جەواد بەئارامی گوتی:

بەڵام ئازیزم هەر بیرەوەری تاڵە کە مرۆڤ بەشیرینی ژیان ئاشنا دەکات. ئەگەر ئەو ساتانە تاڵ نەبوایەن لەوانەبوو ئێمە تا ئەم ڕادەیە هەستمان بەبەختەوەری نەکردبا.

جەیران نیگایەکی بیرمەندانەی لەجەواد کرد و گوتی:

تۆ ڕاست دەکەی. من گەلێک لەخۆباییم. کاتێک بەباشی بیر لەڕابردوو دەکەمەوە، هەستدەکەم بەختەوەرترین ژنی دنیام.

جەواد گوتی:

باشە خانمی بەختەوەر، ئێستا چ شتێک دڵ دەکاتەوە؟

جەیران بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

چای کۆنی تازە گەرمکراو.



Scanned by CamScanner

بژیت، بەڕاستی هاوسەری منی، بـەڵام جـەیران گیـان چـای تـازە ساردەوەبوو لەبیر مەکە.

هەردووکیان پێکەنین.

ڕۆژێک کە جەواد لەقوتابخانە گەڕایـەوە، لـەباتی جـەیران دایکـی دەرگاکـەی کـردەوە، جـەواد لەشـوێنی خـۆی وشـک بـوو، چـونکە هەمیشە جەیران بەپێشوازییەوە دەهات.

جەواد منجەمنجێکی کرد و لەدایکی پرسی:

دایە .. ئەی جەیران لەکوێیە؟ چ شتێک ڕوویداوە، ئەویش لەپاش هێورکردنەوەی جەواد گوتی:

دایە گیان شتێک نییە کەمێک فشـاری دابـەزی بـوو هـەر ئـەوە، دایکی بردی بۆ نەخۆشخانە.

جەواد بەبیستنی نەخۆشخانە بەتوندی هەستایەوەو گوتی:

نەخۆشخانە بۆچی؟ کام نەخۆشخانە، ناشێ ئـەمجارەش.. توانـای دەربڕینی ئەو ڕستەیەی نەبوو، بەخێرایی بەرەو نەخۆشـخانە کەوتـە ڕێ و بـیری لەهـەزاران شـت دەکـردەوە، نـەیزانی کـە چۆنچـۆنی ژوورەکەی جەیرانی دۆزییەوە!

کاتێک چووە ژوورەوە، جەیران خەوتبوو. ئاویـان بـۆ هەڵواسـیبوو، دایکی جـەیران بـەبینینی جـەواد پەنجـەی دۆشـاومژەی بەنیشـانەی بێـدەنگی بەلێویـەوە گـرت و بـەرەو لای جـەواد هـات و پێکـەوە لەژوورەکە چوونە دەرەوە، جەواد بەنیگەرانییەوە پرسی:



Scanned by CamScanner

چ شتێک روویداوە؟ پزیشک چی گوت؟

دایکی گوتی:

کوڕی خۆم نیگەران مەبە، هیچ شتێک رووی نەداوە، کاتێک جەیران بەئاگا هات، خۆی هەموو شتێکت بۆ روون دەکاتەوە.

جەواد بەدەستەپاچەییەوە گوتی:

دایە گیان، یانی چی، بۆچی شتێک ناڵێی؟ هەر لەو کاتەدا پزیشک چووە ژوورەکەی جەیران و جەوادیش بەخێرایی لەدوای پزیشکەکەوە بەرەو ژوورەوە هەنگاوی نا.

پزیشک دوای سەرنجدانی جەیران، رووی کردە جەواد و گوتی:

چ پەیوەندیەکت بەم نەخۆشەوە هەیە؟

جەواد کە چاوەڕوانی هەواڵێکی ناخۆش بوو بەنیگەرانیەوە گوتی:

من هاوسەری ئەوم، پزیش سەری بەنیشانەی نەرێ جولاندەوە و گوتی:

بۆچی ئاگات لەم بەندەی خودا نییە، ئەگەر کەمێک درەنگتر بتانهێنایە منداڵەکە لەناو دەچوو.

جەواد کە گێژ ببوو، بەسەرسوڕمانەوە سەیرێکی پزیشکی کرد و گوتی:

مەبەستتان چییە، جەنابی پزیشک؟

من خۆ پێم گوتن ئەو هاوسەری منە نەک منداڵێک کە بەرێزت بەخەیاڵتدا دێت!



Scanned by CamScanner

پزیشک کە تازە هەستی بەبێئاگایی جەواد کردبوو، بەپێکەنینـەوە سەرێکی راوەشاند و گوتی:

بچکۆل، باوکی بەڕێزت ببینە، هێشتا ئاگای لێ نییە کە منداڵێکیشی هەیە. جەواد کە تازە هاتبووە سەر خۆی بەسەرسوڕمانەوە گوتی:

یانی جـەنابی پزیشـک هاوسـەرەکەی مـن... هاوسـەرەکەی مـن دووگیانە.

پزیشک زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی:

بەڵێ کاکی بەڕێز. لەبـەر ئـەو لاوازییـەی جەسـتەی، دەبێـت زۆر ئاگات لێی بێت. ئایا پێشتر نەخۆش بووە؟

جەواد بەبیستنی ئەو قسـەیە حـاڵێکی تایبـەتی بـۆ دروسـت بـوو، گوتی:

بەڵێ، نەخۆشی هەبووە کە هەموو پزیشکەکان ئومێـدیان لـەژیانی بڕیبــوو. پزیشــکی پزیشــکەکان چارەســەری کــرد. ئــەویش بەسەرسوڕمانەوە پرسی:

بۆچی چ نەخۆشییەکی هەبوو؟ گوتی:

وەرەمــی مێشــک. ئــەویش لــەجۆرە ســەختەکەی. پزیشــک بەسەرسوڕمانەوە گوتی:

کەوایــە پیرۆزبایــت لێدەکــەم، هــەم لەبــەر چــاکبوونەوەی هاوسەرەکەت و هەم لەبەر ئەوەی کە خوداوەند دیارییەکی تر یـانی منداڵێکی پێ بەخشیون. کەواتە دەبێت زۆر ئاگاداری بیت.



Scanned by CamScanner

پاش چوونە دەرەوەی پزیشک، جەیران هێواش هێواش چاوەکانی هەڵبڕی و بەزەردەخەنەیەکی خونچە ئاساوە روخساری خۆی جوانتر کرد، جەواد شوێنی بەخۆی نەدەگرت، دەستی جەیرانی لەنێو دەست نا و ماچی کرد و گوتی:

سوپاست دەکەم خۆشەویستەکەم.

ئەویش لەمەبەستی هاوسەرەکەی تێگەیشت و فرمێسکی شادی لەچاوە جوانەکانییەوە بەربوویەوە و دەستی جەوادی گوشی.

جەواد گوتی:

بۆچی لەپێشدا پێت نەگوتم؟ من دەبێت لەزمانی خەڵکانەوە ببیستم کە بوومەتە باوک.

جەیران پێکەنینێکی کرد و گوتی: زیادەڕەوی مەکە جەواد، باوەڕ بکە من بۆ خۆێشم نەمدەزانی. لەبەر ئەوەی کە ئێستا شتێک رووی نەداوە، پێم بڵێ بزانم خۆشحاڵی؟

جەواد بەکەیف هات و گوتی:

هێندە خۆشحاڵم کە ئامادەم هەموو دنیا بڕێژمە بەر پێت.

ئەویش زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی:

پێی ناوێ دنیامان لەبەر پێدا بڕێژیت، بڵێ بزانم کەی دەرم دەکەن؟

- ئاگادار نیم، دەبێت لەگەڵ پزیشکدا قسە بکەم و چووە دەرەوە.



Scanned by CamScanner

دایکی جەیران کە لەهۆڵەکەدا بوو، بەحاڵی جەوادا تێگەیشت کـە راستیەکەی زانیوە، بەسەر خۆی نەهێنا و چووە ژوورەوە، جەیران کە لەبیرکردنەوەدا رۆچووبوو، دایکی بەئاگای هێنایەوەو گوتی:

چی بوو کچی خۆم، هاوسەرەکەت زانی؟ ئەو بێچارەیە زۆر نیگەران بوو.

جەیران سوور هەڵگەڕا و گوتی:

بەڵێ دایە، پزیشک هــەواڵی پێـدابوو. پـاش دەرکردنـی جـەیران لەنەخۆشخانە، جەواد خۆی بە بەرپرس دەزانی کـە دەبـوو بەباشـی وریـایی بکـات، پزیشـکیش راسـپاردەی پێویسـتی دابـوو، خێزانـی هـەردولایان هاوکارییـان دەکـرد، تـا نیـوەڕۆ دایکـی جـەیران و دوانیوەڕۆش دایکی جەواد. جەوادیش بەخەیاڵی ئاسـودەوە بـەکاری خۆی رادەگەیشت و لەچاوەڕوانی منداڵەکەیـدا سـاتژمێری دەکـرد. منداڵێک کە جوانی و پاراوی ژیانی پێ دەبەخشـین. خـۆر وەک بڵێـی تینی خۆی بۆ جارێکی تر بۆ زەوی دەنارد، ژیانێکی نوێ بـۆ هـەردوو خێزانەکەو بەتایبەتی جەیران و جەواد رووی دابوو. ئەوان ئیتر بیریان لەمـەرگ نـەدەکردەوە و بەباوەشـی کـراوەوە چـاوەڕوانی ژیانیـان دەکرد، مانگ و رۆژەکان تەواو بوون و کاتی دیاریکراو هاتە پێشەوە، ئەو رۆژە جەیران ئارامی لەبەر ژانێکی توند دا گرتبوو، بـەلام گـوێی پێ نەدەدا. شەو کـە جـەواد هاتـەوە بـۆ مـاڵ، بـەبینینی روخسـارە شێواوەکەی، تێگەیشت کە چـاوەڕوانی کۆتـایی هـاتووە، بەیارمـەتی

Scanned by CamScanner

دایکی جەیرانیان بردە نەخۆشخانە. جەواد زۆر نیگـەران بـوو، ژیـانی هاوسەر و منداڵەکەی لەمەترسیدا بوو.

چەند کاتژمێرێک دوای ئەوە، پەرستارەکە بەڕوویـەکی خۆشـەوە هاتە لایان و گوتی:

پیرۆزبایتان لێدەکـەم، بـوون بـەخاوەنی کیـژێکی جـوان و نـازدار، جەواد بەخێرایی پرسی:

خانمی پەرستا، ئەی دایکی؟ حاڵی هاوسەرەکەم چۆنە؟ پەرستارەکە بەخۆشحاڵیەوە گوتی:

حاڵی دایکیشی زۆر باشە، نیو کاتژمێری تـر دێتـەوە هـۆش خـۆی، دەتوانی ببینیت. ئەو لەخۆشیدا جێی بـەخۆی نـەدەگرت، چـاوەڕوان بوو کە هاوسـەرو منداڵـە خۆشەویسـتەکەی ببینێـت تـاکوو هـەموو چەرمەسەرییەکانی رابردوو بەفەرامۆشی بسپێرێت.

جەواد یەکەم کەس بوو کە چووە ژوورەکـەی جـەیران، بەدەسـتە گـوڵێکی جوانـەوە، شـادی بەجـەیران بەخشـی و گـوتی: پێشـکەش بەخۆشەویست تـرین کەسـێکم کـە دووبـارە شـیرینی بـەژیانی مـن بەخشیوە.

هەمووان لە دەربڕینی ئەوخۆشەویستییەی جەواد خۆشحاڵ بـوون. ئەو منداڵەکەی لەباوەش گـرت و فرمێسـکی شـادی لەچـاوەکانیەوە بەربوونەوەو سوپاسی خودای خۆی کرد و گوتی:

بەئێوەی خۆشەویست دەڵێم کە لێرەدا کۆبونەتەوە، لەسەر ئیزنی گەورەکان ناوی منداڵەکەم دەنێم "شادی"، تاکوو هەمیشــە ژیانمــان لەگەڵ شادی و خۆشیدا بێت... هەمووان ئەم ناوەیان پەسەند کردو پیرۆزباییان لەجەواد و جەیران کرد.

کۆتایی

Scanned by CamScanner

# BewazhnekiAshq




کتێبی "سوڵتانی عەشق"ی لەکتێبخانە دەرهێناو خۆی بە خوێندنەوەیەوە خەریك کرد. ئەو کتێبە سەرگوزەشتەی "شەهریار" بوو. کتێبێکی خەمهێنەر، کە دڵی هەموو خوێنەرێکی ئازار دەدا. شەهریارێك کە لەعەشقدا شکستی خواردبوو. شکستێك کە ببوە هۆی پشکوتنی دوڕێك لەسەدەف ناخیدا.  جەیران گەیشتبوە ئەو شوێنەی کە کاتێك شەهریار بەهۆی نەخۆشییەوە لەنەخۆشخانە کەوتبوو، یارە بێوەفاکەی ئەو "سورەیا" دەهات بۆ سەردانی تاکوو دڵی شەهریار بداتەوە و شەهریاریش لەوەڵامیدا ئەم شیعرەی گوت،

هاتی گیانم بەقوربانت، بەڵام ئێستا بۆ چی؟
کەمن ئێستا لەپێ کەوتووم، بێ وەفا بۆ چی؟
تۆ نەوشاتری و لەپاش مەرگی سوهراب هاتی؟
ئیتر ناز لەگەڵ لاوان بکە، لەگەڵ مندا بۆچی؟

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما
نرخ (٤٠٠٠) دینار

Scanned by CamScanner